د. شريف شحاته



# کەسێتی کاریزما

## personal charisma

وەرگێڕانی
هیوا عبدالرحمن حسن

کتێبخانەی (PDF)

# کەسێتی کاریزما

## چۆن دەبیتە خاوەن کەسێتییەکی

## بەهێز و کاریگەر


نووسینی: د. شریف شحاتە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:

هیوا عبدالرحمن



چاپی دووەم

٢٠١٨

**له بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما**

**زنجیرە(٦٢٠)**

## ناسنامەی کتێب

- ناوی کتێب: کەسێتی کاریزما
- نووسینی: د. شەریف شیحاتە
- وەرگێڕانی: هیوا عبدالرحمن
- بەرگ: فواد کەولۆسی
- هەڵەچنی و دیزاینی ناوەوە: AB Graphic
- شوێنی چاپ: چاپەمەنی گەنج
- نۆبەت و ساڵی چاپ: چاپی دووەم ٢٠١٨

**له بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردن: (١٦٨٤)ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە.**

ناونیشان:

**سلێمانی، سابوونکەران، نێوان گەراجی عوسمانی تەمین و شوقەکانی تەکیەڕووتە.**

**ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣) یان (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)**

# پێڕست

بابەت لاپەڕە


پێش دەستپێك ........................ ٦

كاریزما چییە؟ ........................ ١٠

چەمكی كاریزما ........................ ١٢

هاوسەنگییەكی داواكراو ........................ ١٣

ئەو هۆكاری كاریگەرییان هەیە لەسەر بنیاتنانی كەسایەتی............ ١٤

هەڵسەنگاندنی كاریزما ........................ ٢٢

گەشتی كەسایەتی ........................ ٢٣

هەڵوێستەیەك لەسەر كەسێتی خۆت بكە ........................ ٢٨

سیفەتە سەرەكییەكانی كاریزما ........................ ٢٩

پێنج قۆناغی باری دەروونی بۆ كاریزما ........................ ٥٥

هەنگاوە یارمەتیدەرەكانی بوون بەكاریزما ........................ ٦٥

هەندێك كەسایەتی خاوەن كاریزما ........................ ٩١

بنەماكانی كاریزما ........................ ١٥١

شەش ڕێگرییەكەی بەردەم فێربوون و وەرگرتنی كاریزما ......... ١٥٢

حەوت نهێنی كاریگەر ........................ ١٥٦

چۆن یارمەتی كەسانی تر بدەیت تاكو ببنە كەسێتییەكی كاریزما..١٥٦

پێنج جۆری هەست و بیرکردنەوە لە کاریزمابوون کەمدەکەنەوە..... ١٥٧
هەنگاوەکانی پتەوکردن و بەهێزکردنی کەسایەتی .............. ١٥٩
چۆن کەسی درۆزن دەناسیتەوە؟ ..................... ١٦٠
هەڵسەنگاندنی پێوانەی ئاستی کاریزمابوون.................. ١٦٢
ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە ........................ ١٦٧

بسم الله الرحمن الرحيم

**شەریف شیحاتە**

**هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لەتەندروستی دەروونیدا.**

**ڕاهێنەری نێودەوڵەتییە لەزانستی سەرکردایەتیکردن.**

**پێشکەشکاری زۆرێك لە بابەت و بەرنامە و، دانەری چەندین کتێبە.**

Facebook-twitter-Instagram/shreefshehata

# پێش دەستپێک

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە، درووود و سەلام بۆ سەر گیانی پێغەمبەرمان (د.خ).

## بەڕێزان...

چەندین خەون هەیە کە عەقڵ و بیروهۆش دەڕازێنێتەوە و وێنا و وێنەی جوانی خۆی لە بیروهۆشەکاندا دەکێشێت.

ئەو وێنەیەی کە دەتەوێت گشت کەسێك بەوشێوەیە لێت بڕوانێت و پێی بناسرێیت و، بەهۆی ئەوەوە تۆیان خۆشبوێت.

پاشان باپێکەوە سەرنجێکی ئەم پرسیارانە بدەین و کەمێك سەرنجیان بدە:

«» ئایا کاریزما بەدەست دەهێنرێت یان خۆڕسکە و لەگەڵ لەدایکبووندا هەیە؟

«» ئایا کاریزما تایبەتمەندییەکە و دەتوانرێت زیادبکرێت بۆ کەسایەتی؟

«» کاریزما (کەسایەتی کاریگەر و سەرنجڕاکێش) بۆچی؟

«» چەمکی کاریزما لای تۆ مانای چییە؟

«» ئەو پڕوپاگەندە و وتانەی کە پەیوەستن بە کاریزماوە چین؟

«» ئایا کاریزمابوون لەژیاندا کاریگەری ئەرێنی و ئیجابی هەیە؟

«» ئایا تۆ خاوەنی کەسایەتییەکی لاوازیت؟

«» ئایا خەڵك زیاتر بە کەسایەتیت کاریگەرترن، یان بە وتـە و قسـەکانت؟

«» ئایا هیچ هەڵوێست و هەڵسوکەوتێکی خۆتت بیردێتـەوە کـە کاریگـەری زۆریاشی بەجێهێشتبێت لەسەر کەسانی تر؟

«» ئایا کەسێتی کاریزما لەژیانیدا بەکەسانی دیکە کاریگەر دەبێت؟

«» بۆ ئەوەی ببیتە کەسێتییەکی کاریزما هـیچ هـەنگاوێکی کـرداری هەیـە تاکو پیادەی بکەیت؟

«» لەگەڵ بوونی هەر ڕێگرییەکیشدا ئایا هـیچ دەرفـەت و هـەلێك هەیـە بـۆ ڕامێنان و فێربوون؟

«» ئایا بە هیچ کەسێك گەیشتوویت کـە هێنـدە کاریگـەر و سـەرنجڕاکێش بێت هەموو سەرنجەکان ڕووبکاتە ئەو؟

«» ئایا هیچ کاتێك خـۆت بەشـێوەیەك بینیوەتـەوە کـە چاودێری کەسـێك بکەیت و حەز بکەیت لەگەڵیدابیت و ببیتە هاوەڵ و شوێنکەوتووی؟

***

با ئیتر پێشەکی بەس بێت و... بفەرموون بـا دەسـتبکەین بـە کتێبەکـە و، فێری جیاوازییەکان ببین لەنێوان کەسایەتییەکانی:

◄ هەڵکەوتووان (ئەو کەسـەی دەبێتـە ئەسـتێرە و ناوبـانگی هەیـە): ئـەو کەسەیە لەبوار و بابەتی کەسێتیدا ئامادەیی هەیە.

◄ پێشەوا (ڕابەر، سەردار): ئەو کەسەیە لـە بـواری فیکـر و بیروبۆچـووندا ئامادەیی هەیە.

◄ بەڕێوەبەر: ئەو کەسەیە لەبواری جێبەجێکردندا ئامادەیی هەیە.



|.

◄ سەرکردە: ئەو کەسەیە لە گۆڕەپاندا (لە مەیداندا) ئامادەیی هەیە.

**بەڵام کاریزما بریتییە لە پوختەی هەموو ئەمانە...**

بفەرموون با بەیەکەوە: هەموو دەرگای نهێنییەکان بکەینەوە و فێری

بلیمەتی کاریزما ببین.

تۆش بگەڕێ بە شوێن کەسێتی تایبەتی خۆتدا...

تاکو یەکێك بیت لەو کەسانەی کە دەبنە کاریزما.

شەریف شیحانە

## تێبینییەک...

کاریزمـــــا: وشـــەیەکی یۆنانییـــە، لەبنچـــینەدا بـــەمانای دیـــاری و، سەرنجڕاکێشانێکی زۆر و، ئامادەییەکی کاریگەرانە دێت.

# كاريزما چييه ؟

# Charisma ?

# ١

بریتییە لە ڕۆحیەتێکی بەهێز کە هەموو هەستێك بە شێوازێکی زۆر کاریگەر و سەرنجڕاکێشانە بۆ کەسانی دەوروبەر دەنێرێت، سیفەتێکە زیاتر ناوەکییە (داخلی) وەکو ئەوەی دەرەکی (الخارجی) بێت، هەروەها سەلماندنی کەسێتی و دەستەڵات و هێزێکی کاریگەریش دەگەیەنێت.

ئەم کاریگەری و سەرنجڕاکێشییە سەرجەم ئاستەکانی فیکریی و هەستیی و کاردانەوەیی و... دەگرێتەوە.

هەموو ئەمانەش لەڕێی پەیوەندیکردن و سەرنجدان و گۆکردنی وشەکان و قسەکردن و، بەکارهێنانی بەهرەکان بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی کەسانی تر و گرنگی پێدانیانەوە دەبێت.

خوای گەورە دەفەرموێت: (وقد خلقكم أطوارا) (نوح/ ١٤)

واتە: (کە خودا ئێوەی دروستکردووە بە چەند قۆناغێکدا تێیپەڕاندوون).

هەموو بارودۆخێك قابیلی گۆڕانکارییە بەرەو باشتر.

# چەمکی کاریزما

توانای کاریگەری ژیرانە و هۆشیارانە لەسەر خەڵك لەڕێی پەیوەندی و کارتێکردن و هاوبەشی پێکردنەوە.

کەسێتی کاریزما چەند جۆرێك دەگرێتەوە لەوانە:

(هونەریی، وەرزشیی، دەستی کار و پیاوی کار، ئاین، سیاسەت، ڕاگەیاندن، ئەدەب و وێژە، کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگە)

مرۆڤ کاتێ پەیوەندی بەخەڵکەوە دەکات یان بەشێوەیەکی ڕاستی و حەقیقی کەسایەتی خۆی دەردەخات، یاخود بەشێوەی کەسایەتییەکی دروستکراو و فێڵاوی و ڕووپۆشکراو و شاردنەوەی کەسایەتی خۆی. کاتێکیش دێت دەمامکەکە نامێنێت و ڕاستی و حەقیقەتی کەسایەتییەکەی دەردەکەوێت.

کاریزمابوون...

کەسایەتی خاوەن کاریزما...

کاریگەریت لەسەر دروست دەکات و هەر لە یەکەم بینین و سەیرکردندا دەستت بەسەردا دەگرێت.

لە یەکەم وتە و قسەکردنیەوە بەشێوەیەکی تایبەت سیحر و جادووت لێدەکات.

بەڵێ.. خۆشتدەوێت و شوێنی دەکەویت.

بڕواپێکـەرە بـەزنجیرەی بیرۆکـەکانی و، قـووڵی و وردی بیروبۆچـوونی، شەیدای کێبڕکێیـە و، توانـا و لێهاتووییـە شـاراوەکانی ئاشـکرا دەکات و، خەون و خولیاکانی وەکو ئاسمان بەرز و فراوانە، هیچ شـتێك ڕایناگرێـت و نایوەستێنێت.

بەڵێ؛ ئەو...

لەناو ئێمەدا دەژی...

لە ژیانماندا ئامادەیی هەیە...

شوێنی خۆی لە بیرەوەری مرۆڤایەتیدا دەنەخشێنێت...

جێ دەستی خۆی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دیاری دەکات.

***

## هاوسەنگییەکی داواکراو:

بێگومان هەریەك لە ئێمە سروشت و خوو و شـێوازێکی کەسایەتی تایبـەت بـەخۆی هەیـە، بـەڵام هاوسـەنگی لەکەسـایەتیدا شـتێکی زۆر گـرنگ و ئامانجێکی قووڵی داواکراوە، کە کەسانی زیرەك و داهێنەر و کاریگـەرەکان وێڵن بەدوایـدا و بـۆی دەگـەڕێن... کەسـێتی هاوسـەنگ توانایـەکی بـەرزی هەیــە کــە مامەڵــە لەگــەڵ فشــاری زۆردا بکــات و، هەڵسـوکەوتکردنی نەرمونیانە لەگەڵ ڕێگری و کۆسپەکان و بەرگەگرتنی ئازارەکانیشدا.

## ئەو هۆكارانەی كاریگەرییان هەیە لەسەر بنیاتنانی كەسایەتی

### ١- خێزان:



هەموو تاكێك ئەو پەروەردەیە وەردەگرێت كە خێزان پێی دەبەخشێت، لە هەر بارودۆخێكی ئەخلاقیدا بێت و، هەر قییەم و بەهایەكی هەبێت؛ ئەوا كاریگەری تەواوی هەیە لەسەر دروستبوونی ئەو كەسێتییە، جا كەسێتییەك بێت كە بڕوای بەخۆی هەبێت و كراوە بێت، یاخود كەسێتییەكی ترسنۆك و متمانەی بەخۆی نەبێت و داخراو بێت.

بۆیە ئاراستەكردنی تاك بۆ هەر بەهایەك لەچوارچێوەی خێزاندا دەبێت. لەبەرئەمانەیە كە خێزان ڕۆڵێكی كاریگەر و بەهێزی هەیە لەسەر بنیاتنانی كەسێتیمان.

### ٢- قوتابخانە:



ئاشكرایە خوێندن و فێربوون یەكێكە لە هۆكارە سەرەكییەكان لە بنیاتنانی كەسایەتیدا، قوتابی لە قوتابخانەدا یان فێری داهێنان

دەکرێت، یاخود تووشی لێدان و سووکایەتی دەبێتەوە و بەشێوازی ڕۆتینی شتەکان فێردەبێت...
بۆیە ناکرێت ڕۆڵی قوتابخانە لە بنیاتنانی کەسایەتیدا نادیدە بگیرێت.


**٣- منداڵیی:**



لە کوێ گەشە دەکەین و گەورە دەبین؟ لەگەڵ کێدا؟ چی شتێك لەمنداڵیتدا تووشی زۆرترین ترس و دوودڵی کردوویت؟ ئایا لەلایەن دایك و باوکتەوە تووشی هیچ لێدان و سووکایەتی پێکردنێك بوویتەتەوە یاخود نەخێر؟ شێوازی پاداشت و سزات لەگەڵدا بەکارهاتووە؟ هەروەها لە بازنەی زۆر گرنگی پێدانەدا بوویت؛ یاخود وازلێهێنان و فەرامۆشکردن؟ ئەمانە و چەندانی تر ئەو خاڵە سەرەکییانەن کە کاریگەرییان لەسەر دروستبوون و بنیاتنانی کەسایەتیدا هەیە.
جارێکیان پیاوێك هات بۆ لای عومەری کوڕی خەتاب (ر.خ) و، سکاڵای لە کوڕەکەی کرد کە سەرپێچی دەکات و مافی پێشێل دەکات، عومەریش ناردی بەشوێن کوڕەکەیدا و بانگی کرد و پرسیاری لێکرد لەسەر مافی باوکی و بۆچی سەرپێچی دەکات و ئازاری دەدات؟ ئەویش وتی: باوکم ناوی منی ناوە سیسرکە و، تەنانەت یەك ئایەتیشی فێر نەکردووم. عومەر


ڕووی کردە پیاوەکە و وتی: پێویستە تۆ مافی کوڕەکەت بپارێزیت بێش ئەوەی داوا لەو بکەیت مافی تۆ بپارێزێت.

## ٤- زانکۆ:



ئەم تەمەنە زۆر گونجاوە بۆ بنیاتنان و دروستکردنی کەسایەتی تاك، لەنێوان کرانەوەت بە ڕووی هەموو دەرگاکانی ژیاندا و، گەڕان بەدوای خودی خۆتدا و، ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوەی هەموو خەون و خولیاکانت و، ڕۆچوون لەناو ئەزموونە جۆراوجۆرەکاندا و، هەڵکردن لەگەڵ ڕووداوەکان و، هەڵگرتنی لێپرسراوێتی و پەیوەست بوون پێوەی و، دۆزینەوەی کلیلەکانی سەربەستی و ئازادی.

## ٥- ڕاگەیاندن:



بە باوانی سێیەم (The third parent) ناودەبرێت، چۆن سەیری کەسایەتییە دیار و هەڵکەوتووەکانی ڕاگەیاند دەکەیت؟ شوێنکەوتەی چ جۆرێك و چی شتێکیت لە ڕاگەیاندندا؟ بیروبۆچوونەکانت لە کێ و لە چی شوێنێکەوە وەردەگریت؟ دەتەوێت

بگەیت بە چی شتێك و لەوبارەیەوە هیوا و ئاواتت چییە؟ ئایا بڕوا بە هەموو ئەوانە دەکەیت کە دەیبیستیت؟... هەموو ئەوانە هۆکاری سەرەکین بۆ دروستبوونی کەسێتی و گۆڕینی بیروڕا و قەناعەتەکانت.

***

## چۆنیەتی کاریگەری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەسەر کەسێتی:

**أ- هاندان:**

بریتییە لە قبوڵکردن و وەڵامدانەوەی خێرا لەلایەن وەرگرەوە. وەکو نموونە: لە جووڵاندنی غەریزە و ئارەزووی جنسییەوە بۆ وروژاندنی بایۆلۆجی و جەستەیی بۆ هەریەك لە پیاو و ئافرەت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئامرازێکی ترسناك بۆ بەئاگاهاتنەوە و وروژاندنی جنسی و وەڵامدانەوەی هەڵچوونە ناوەکییەکان و بەمشێوەیە... .

یاخود وروژاندنی کۆمەڵ و جەماوەر لەکاتێکی کەم و دیاریکراودا، کە چەند ڕۆژێك یان چەند هەفتەیەك دەخایەنێت بۆ هەر کاروبار و کێشە و گیروگرفتێك.

**ب- کاریگەری کورت مەودا:**

لەژێر ڕۆشنایی ئەو گۆڕنکارییانەی لە ژینگەی دەوروبەردا ڕوودەدەن و هۆکارەکان و جەماوەر و کارلێکردن لەنێوانیاندا، ئەمانە کاریگەرییان دەبێت بۆ سەر ڕاگەیاندن و، ئەمیش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری کورت مەودا لەسەر تێگەیشتن و ئاراستەکان و بەها و ڕەفتارەکاندا، هەموو ئەمانە

کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر تاکەکان هەیە، ئەگەر پەیامی ڕاگەیاندن پانتاییەکی فراوان لە هاندان و وروژاندن لەخۆی بگرێت.

ج- کاریگەری دوورمەودا:

ئەمیش شوێنەوار لەسەر کەسێك بەجێ دەهێڵێت بۆ ماوەیەکی زۆر، لە کاتێکدا کەسێك ڕووبەڕووی کۆمەڵێك پەیام ببێتەوە لەکاتی نزیکدا و، بەشێوازی جۆراوجۆر و بە ڕیزبەندی، ئەمەش بەشێوەی وێنە و وتە و بە کرداریش...

ئەمانە کاریگەری دوورمەودا لەسەر تاکەکان بەجێدەهێڵێت.


ئایا سەیری فلان بەرنامەت کرد؟

زۆر سەرسامم بە فلانە پاڵەوان (بطل)...

(هاڵ بیکەر) لێکۆلەری بەریتانی و پسپۆڕ لە زانستی مێشکدا دەڵێت: سڕینەوە و شۆردنەوەی مێشکیی (غسیل أدمغة) لەڕێگای تەلەفزیۆنەوە لەڕێگای (Power Soft)ەوە دەبێت، واتە هێزی بیرکردنەوە و وێنە و کاریگەری تەلەفزیۆن و ئەلەکترۆنییات. هونەری سڕینەوەی مێشك بەهۆی تەلەفزیۆنەوە بەهۆی هێزی پێڕاگەیاندن و بۆ هاتن (قوة الایحاء) ڕوودەدات و، ئەم بەهێزی ڕاهاتن و ڕامبوونە بەشێوەیەکی ڕیزبەندی دەبێت، دوای ئەوەی تەماشاکاران خووی پێوەدەگرن و، لە بیروهۆشیاندا وەریدەگرن و، لێیان دەبێت بە ڕاستی و واقیع. تاوەکو ڕووداوەکان ئەوەندە دووبارە دەبێتەوە و لەسەر یەکتر کەڵەکە دەبن و، بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام

دەبێت و کاریگەری دروست دەکات، کە بنچینەیەکی قووڵ دادەنێت لە دروستبوونی زانیاری و لە ڕفتار و بەهاکاندا و، بەمەش گۆڕانکاری لە تاك و کۆمەڵدا دروست دەکات.

## ٦- ئاین:



لەبەرئەوەی سەرچاوە و پەیامی ئاسمانییە و پەیامی خوای گەورەیە، کە تاکەکان هەموو پێوەرەکانی ژیانیان بە پێوەرەکانی ئایین دەپێون و، هەموو ژیانیان دادەپۆشێت و پەیوەندییەکان دەگۆڕێت و، دەچێتەوە سەر فیترەتی خۆی. پەروەردەی ئایینی بەشێوەیەکی دروست کاریگەری لەناوەوە و دەرەوەی تاکدا دروست دەکات و، دەبێتە هۆی دروستبوونی تاکێك لەسەر ڕێگەی ڕاست و، هەموو خوار و خێچییەکان ڕاست دەکاتەوە و، لە هەموو لێڵی و پیسییەك پاکی دەکاتەوە و، پشت و پەنا بە خوای گەورە دەبەستێت و، هەرگیز دەستەوەستان و بێ دەسەڵات نابێت.



**٧- پێشەنگ و پێشەوا:**


کێ پێشەواتە؟ شوێن کێ دەکەویت؟ پەیوەندی تۆ بە پێشەواکەتەوە چییە؟کەواتە با پێغەمبەری خوا (د.خ) پێشەوات بێت.

توێژینەوەکانی زانستی کۆمەڵایەتی دەڵێن: نەبوونی پێشەوایەك لە ژیانی مرۆڤدا واتە ئەو کەسە ئامانج و داهاتووی لە مەترسیدایە، مرۆڤە بە سروشت و فیرەتی خۆی حەزی لە شوێنکەوتنی کەسانی ترە، بۆیە نەبوونی پێشەوایەك کە مرۆڤ پەیوەست بێت پێوەی کە ئومێد و توانا و ویستەکانی ئاڕاستە بکات، ئەگەر وا نەبێت ئەوا پەیوەست دەبێت بە پێشەوایەکی خراپەوە. ئەم توێژینەوانە ئاماژە بەوە دەکەن نەبوونی پێشەنگ و پێشەوایەکی باش لە ژیانی مرۆڤدا کاریگەری دوورمەودای هەیە لەسەر جیلەکانی داهاتوو و، کار دەکاتە سەر جێبەجێ کردن و شێوازی کارەکان و بەفیڕۆچوونی هێز و تواناکان، لەکۆتاییدا ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی نەوەیەکی لاواز کە نەتوانێت کۆمەڵگە هۆشیار بکاتەوە و بەئاگای بهێنێتەوە و، بەمەش کۆمەڵگەیەکی لاواز دروست دەبێت...

یەکێك لەو پێوەرانەی کە دەبێت ڕەچاوبکرێت کارکردنی عەقڵە لە ئەزموون و تاقیکردنەوەکاندا.

بۆیە پەیوەست بوون و شوێنکەوتنی پێشەوایەك یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە دەستکەوتەکان لەژیاندا.

## ٧- هاوڕێیەتی:



پوختەی ئەم بابەتە دەڵێت: پێم بڵێ کێ هاوڕێتە؟ پێت دەڵێم تۆ چی کەسێکیت؟

پێغەمبـــــەری خـــــوا (د.خ) دەفەرمووێت: ((مرۆڤ لەسەر ئاایینی هاوڕێکەیەتی، بۆیە بزانن هاوڕێیەتی کێ دەکەن)).

## هەڵسەنگاندنی کاریزما !

» ئایا دەتوانیت ئەو مەبەستەی دەتەوێت بێ قسەکردن بە ئاماژەکردنی چاو ئاماژەی پێ بکەیت و مەبەستەکەت بگەیەنیت؟

» ئایا گوێگرێکی باشیت؟

» ئایا لەگەڵ جیاوازی ڕووداوەکانیشدا قسەکردن بەشێوازێکی کاریگەران دەردەبڕیت؟

» ئایا توانای ڕازیکردن و قەناعەت پێکردنی کەسانی دەوروبەرت هەیە و، کاریگەریت هەیە لەسەریان؟

» ئایا دەتوانیت لەگەڵ کەسانی تردا هەڵبکەیت و توانای دۆزینەوە و شیکردنەوەی بابەتە ئاڵۆزەکان و، وەڵامی پرسیارە ژیرییەکانت لا دەست دەکەوێت؟

» ئایا هەست و سۆزی خۆت دەخوێنیتەوە و دەزانیت چی پێویستە و بەتەواوی چی لە تۆ دەوێت؟

» ئایا بەرنامەڕێژیت کردووە بۆ بەدەستهێنان و گەیشتن بە ئامانجەکانت بەشێوەیەکی کرداری و بە ڕوونی و واقیعی؟

» ئایا لە هەست و سۆزی کەسانی دەوروبەرت و، لە پێویستییەکانیان تێدەگەیت؟

» ئایا دەتوانیت کاردانەوەکانت بەشێوازێکی ئەرێنی (إیجابی) دەربڕیت؟

# گەشتی کەسایەتی

## سیفەتەکانی کەسێتی نەرێنی (سلبی):

◊ لە دەوری کردەوە نەرێنییەکاندا دەسووڕێتەوە.

◊ زۆر ڕەخنە لە هەڵسوکەوتی کەسانی تر دەگرێت.

◊ هەست بە ناپەسەندی و خراپە دەکات.

◊ بەراوردکردنی لەگەڵ کەسانی تردا بە نەرێنییە (السلبية).

◊ ڕوانینێکی ڕەشبینانەی بۆ ژیان هەیە.

◊ پێشبینی خراپترین ئەگەرەکان دەکات.

◊ بێ بوونی هیچ شتێك لە شکست و دۆڕان دەترسێت و، ترسیشی لە داهاتوو هەیە.

◊ ناتوانێت ستایشی کەسانی تر بکات.

◊ بڕوای وایە هەموو خەڵك درۆی لەگەڵ دەکەن.

◊ بەبێ بوونی هیچ هۆکارێك پاساوی زۆر دەهێنێتەوە و داوای پۆزش دەکات.

◊ تەرکیز دەخاتە سەر شتە نەرێنییەکان (السلبيات) و، لە دەوری بازنەی نەرێنیدا دەسووڕێتەوە.

◊ هەموو شتێکی بچووك، بە گەورە و قورس و گران سەیر دەکات.

◊ بە تێڕوانینی ئەو هەموو کێشەیەك ئاڵۆز و بێ چارەسەرە.

◊ تێکەڵ بووە بە بێ ئومێدی و هیوابڕاوی.

◊ وا دەزانێت هیچ توانا و لێهاتوویی و بەختێکی نییە و، دروستبوونیشی هەر بەو شێوەیەیە.

***

## سیفەتەکانی کەسێتی شکستخواردوو:

- له واقیع هەڵدێت و ڕادەکات.
- له هەموو هاوکاری و یارمەتیدانێك دەترسێت و بەگومانە.
- کەسایەتییەکی ڕووخاوی هەیە.
- زۆر ناچالاکە (تەممەڵە).
- له ژیانیدا دواخستنی کاری کردووە بە خوو.
- خاوەنی ئامانجێکی بەرز و گونجاو نییە.
- بیروبۆچوونەکانی خەیاڵی و ئاڵۆز و بەیەکداچووە.
- بکوژی هەموو داهێنان و توانا و لێهاتوویی و بەهرەدارییەکە.
- پشت بە کەسانی تر دەبەستێت، چونکە خاوەنی (ئیرادەی خۆی نییە)، خاوەنی فەرمان و بڕیاری خۆی نییە (مسلوبة الإرادة).
- لەلای خاوەنی ئەم کەسایەتییە ئامادەیی بۆ شکست و دۆڕاندن زاڵە بەسەر ئامادەیی بۆ سەرکەوتن و بەرەو پێشچوون.

## سیفەتەکانی کەسێتی ڕاڕا:

□ ڕاڕایە لە هەموو کارەکانیدا کە ئەنجامی دەدات.

□ بڕوای بە هیچ کام لە شتەکانی دەوروبەری نییە، مەگەر شتێکی دەگمەن نەبێت.

□ لەبارەی خۆیەوە گفتوگۆ و وتووێژ لەگەڵ کەسدا ناکات.

□ پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێ و هاوەڵەکانیدا زۆر لاوازە.

□ لە ستایشکردنی کەسانی تر و ڕەخنەلێگرتنیشیان دەترسێت.

□ لەوانەیە تەنها وشەیەك ببێتە هۆی هەڵگەڕانەوە و پێچەوانەکردنەوەی هەموو خووڕەوشت و ژیانیشی.

□ حەزی لە ڕووبەڕووبوونەوە و سەرکێشی نییە.

□ حەزی لە گۆشەگیری و پەناگرتنە و دوورەپەرێزە.

□ ئەگەر نەگاتە ئەو شتەی دەیەوێت ئەوا دەبێتە نێچیری خەم و پەژارە و دڵتەنگی.

□ کاتێکی زۆر بەفیڕۆدەدات کە گوایە هەموو شتێك دەکات، پاشان هیچی بۆ ناکرێت.

□ لە ڕووی ناخ و هەست و سۆزەوە جێگیر نییە و، کێشەی بڕوا بەخۆبوون و بەختەوەربوونی هەیە.

□ ئەو کەسانەی کە پێچەوانەی بیروبۆچوون و ڕای ئەو بن؛ وایدادەنێت کە کەسانێکن قین لە دڵن و ڕقیان لێیەتی.

□ ئەگەر ڕا و بیروبۆچوونێك وەربگرێت ئەوا حەقیقـەت و وردەکارییـەکانی ڕوون نین لەلای.

□ ناتوانێـت لـەنێوان شـتەکان و، بیروبۆچـوونەکان و بڕیارەکانـدا هیچ هەڵبژاردنێك بکات کە کامەیان هەڵبژێرێت.

□ ئامانجەکانی دیاریکراو نین و ناڕوون و پەرتەوازە و پەرش و بڵاون.

***

## سیفەتەکانی کەسێتی خەیاڵپڵاو:

♦ هیچ ئاگاداری واقیع نییە و لە واقیع تێناگات.

♦ لە خەیاڵکردنی چالاك و باشدا هەژارە.

♦ ڕەخنەی زۆر لە ژیانی کەسانی تر دەگرێت.

♦ ئاوات و حەز و ئارەزوو (طموحات)ی زۆر بەرزە.

♦ لە خەیاڵ و خەیاڵپڵاویدا دەژی.

♦ گفتوگۆ و وتووێژ و مشتومڕی زۆر دەکات.

♦ هیچ پشتی پێ نابەسترێت.

♦ ناتوانرێت بە ئاسانی قەناعەت و بڕوای پێ بکەیت.

♦ هاوسەنگی لە هەموو شتێکدا لەدەستداوە.

♦ خاوەنی بیروباوەڕ و بڕیاری خۆی نییە.

♦ لـه ئەنجامـدانی هـەر کارێـك کـە وەریـدەگرێت جـددی نییـە و بەباشـی ڕایناپەڕێنێت.

♦ له هەموو کێشه و ڕووبەڕووبوونەوەیەك هەڵدێت و ڕادەکات.

♦ وا گومان دەبات خۆی خـاوەنی زیرەکی و بلیمەتییـە و، ئـەوانی تـریش گێل و نەزان و نەفامن.

♦ تەنها گرنگی بە خۆی دەدات، بۆیە کەسێکی خۆبەزلزان و لەخۆباییە.

***

## سیفەتەکانی کەسێتی متمانەبەخۆ:

► ئەوەندە بڕوای بە خودا بەهێزە، کە خوای گەورە زەلیـل و سەرشـۆڕی ناکات.

► بڕوای بە توانا و لێهاتووییە بێ سنوورەکانی خۆی هەیە.

► سووره لەسەر بەدەستهێنانی شارەزایی و ئەزموونی زیاتر.

► له هەڵەکانی خۆی و هەڵەی کەسانی ترەوە فێردەبێت.

► بەلای ئـەوەوە گەشـەپێدان و بەرەوپێشـبردنی توانـا و لێهاتووییـەکانی بنەمای سەرەکین.

► ئامانجەکانی واقیعین و کاریگەرن.

► خوێندنـەوە و زانـین و تێگەیشـتن و فێربـوون و ڕاهێنـانکردن؛ ڕێبـاز و ڕێڕەوی ئەو جۆره کەسێتییەن.

▶ شکســـت و دۆڕان وێســـتگەیەکە بـــۆ بیرکردنـــەوە و، دووبـــارە بەخۆداچوونەوە و خۆئامادەکردنەوە.

▶ کاتێک پلان دادەنێت قەڵەم و کاغەز بەکاردەهێنێت و ئامادەکاری تری بۆ دەکات.

▶ چاوەڕوانی هیچ بارودۆخ و یارمەتیدانێکی دەرەکی ناکات و پشتی پێ نابەستێت.

▶ بـە خۆشەویسـتی و دڵفراوانییـەوە یارمـەتی کەسـانی تـر دەدات و هاوکارییان دەکات.

▶ کات لای ئەو گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ زیادبوونی زانیارییەکانی.

***

**هەڵوێستەیەک لەسەر کەسێتی خۆت بکە:**

■ کێ دەرهێنەری شانۆی ژیانتە؟

■ کێ تەماشاکەر و جەماوەرێتی؟

■ کێ سیناریۆی ژیانت دەنووسێتەوە؟

■ ئایا سلبییاتە شاراوەکانی ناخت وەکو (هیچ کەسێک گرنگیم پێ نادات، من نابمە کەسێکی کاریزما) زاڵ دەبن بەسەرتدا؟


■ ئایا ئەو سلبییاتانە لە ڕێز و شان و شکۆت کەم دەکەنەوە؟

# سیفەتە سەرەکییەکانی کاریزما

## ١- خۆت خاوەنی خۆت بە:

بەڵێ ... ئەمە ڕاستییە.

خۆت خاوەنی خۆت بە بەهێز و تواناکانی خۆتەوە، بە بەهرەداریی و خووڕەوشتی خۆتەوە، بەشێوە و ڕووخساری خۆتەوە، بەسروشت و تایبەتمەندییەکانی خۆتەوە.



کاریزما... بەگۆڕینی ڕەنگی چاو و گۆڕینی ڕووخسار نابێت.

کاریزما... دەتوانیت وەك و سیفەتێك زیادی بکەیت بۆ کەسێتی تایبەت بەخۆت و، بەتەنها خۆت خاوەن و مۆڵکی خۆت بیت نەك کەسانی تر.

ئەوەی دەزانیت لە بەرژەوەندی و سوودی خۆتدایە ئەنجامی بدە، بەوشێوەیە بژی کە دەتەوێت، لە بارودۆخی خۆت ڕازی بە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بە توندی ڕوویەڕووی ئەوانە ببێتەوە کە تۆ ڕەت

دەکەنەوە و تۆیان پێ قبوڵ نییە. بڕوات بە توانا و هێزە شاراوەکانی
ناخت لە دەست مەدە.
خۆت خاوەنی خۆت بە... لەبەرئەوەی لە ڕابردوودا نەژیت...
خۆت خاوەنی خۆت بە... پاداشتی خۆت بکە، چونکە تۆ توانا و
لێهاتوویی زۆرت هەیە کە هەستت پێنەکردووە.
تەنها ئەوەندەیە کەمێك بە جددی بیربکەرەوە و گرنگی بدە بە کارەکانت،
تەنها تۆ خۆتیت.
ئایا تۆ دەبیتە شوێنگرەوە (بدیل)ی کەسێکی تر؟
ملیۆنان کەس چاویان هەیە و دەتبینن، بەلام تەنها تۆیت کە بینین و
تێڕوانینی تایبەت بەخۆت هەیە.

***

## ٢- لاساییکردنەوە:

لە سەرەتادا لاسایی کەسانی خاوەن سیفەتی کاریزما بکەرەوە...
بەلام بەو مەرجەی کە لەگەڵ سروشت و تایبەندمەندی کەسێتیدا
بگونجێت.
بۆیە لاساییکردنەوە قۆناغێکی گرنگە، نەك کۆپی کەسێکی تر بیت، بەلام
بەشێوە و ڕووخساری خۆتەوە.



ئەمە تەنها بۆ قۆناغێکی سەرەتایە و دواتر دەبێت وازی لێ بهێنیت و خۆت ڕزگار بکەیت لێی.

هەروەك چۆن منداڵێکی بچووك لاسایی کەسێکی گەورە دەکاتەوە لە چۆنێتی ڕێ ڕۆیشتن و قسەکردن و هەڵسوکەوت و... هتد. ئەمە لاساییکردنەوەی کردارییە.

***


## ٣- وەرگرتنی ئەو قسانەی دەوترێت:

هەرچەندە ڕاوبۆچوونەکانی دەوروبەرت جیاواز بن، هەرگیز خۆت بەدەستەوە نەدەیت و نەکەیت ئەو قسە و گوفتارانەیان لێوەربگرت کە بچووکت دەکەنەوە و لە ڕێز و شان و شکۆت کەمدەکەنەوە، بەناوی ئەوەی ئەمە ئامۆژگارییەکی دڵسۆزانەیە و ئەمە بۆ چاکبوونی تۆ و قازانجی تۆیە، یاخود لەو ڕێگەیەوە تاوانبارت دەکەن و کەسێتیت دەڕووخێنن.

باشترین وەڵامدانەوەی هەموو ئەو تاوانبارکردن و پڕوپاگەندانە بەوەیە کە بەکردارەکانت بوونی خۆت بسەلمێنیت و، هەوڵبدەیت بگەیتە ئەو کەسێتییەی کە خەونی پێوە دەبینیت.

لەبەرئەوە واز لە سکاڵاکردن بهێنە، چونکە هیچ ئامانجی نییە.

بە شیکردنەوە و تێپەڕاندن ڕووبەڕووی ڕاستییەکان ببەرەوە.



***

## ٤- هێز و وزەی ناخت بناسە:

◊ توانای خۆت بناسە.

◊ ئەگەر تواناکانی خۆت نەناسیت ئەوا هەوڵی بەرەو پێشبردنیان نادەیت، بەمەش زۆر سنووردار و دیاریکراو دەبن.

◊ زۆر خێرا بۆ هیوا و ئاواتەکانت هەنگاو مەنێ، چونکە ئەوکات خۆت دەدەیت بەدەست شکست و ڕووخانەوە.



◊ دەروونت بە خەم و خەفەتی بەردەوامەوە سەرقاڵ مەکە.

◊ عەلی کوڕی ئەبوطالیب دەڵێت: ئەوەندە نەزانی بۆ کەسێك بەسە ناخ و دەروونی خۆی نەناسێت.

***

## ٥- قەدرزانی خود (خۆت بە کەم مەزانە):

○ هەڵوێستە ئەرێنی (ئیجابی)یەکانی خۆت لەبەرچاو بێت و ڕێزیان بگرە.

– ئەو شتەی دەتەوێت لەسەر کاغەز بینووسە و، پاشان هەوڵی جێبەجێ کردنی بدە.

○ پەیوەندی تۆکمەت بە کەسانی دەوروبەرتەوە هەبێت و، بە چالاکانە بەشدارییان لەگەڵدا بکە.

○ لەبارەی خۆتەوە پێشبینی ڕووداوی واقیعی و باش بکە.

○ ئامانجە گەورەکەت بکە بە چەند بەشێکی بچووکترەوە، تاکو بە ئاسانی بەدیبهێنیت.

○ خۆت ڕابهێنە و هەوڵبدە یارمەتی کەسانی تر بدەیت.



○ نەخێر؛ بۆ بەراوردکردنی خۆت بە کەسانی تر، بەڵێ؛ بۆ کێبەرکێ کردنیان.

○ ئەو وێنە جوانانە بە بیری خۆتدا بهێنە کە ڕێزت هەیە لای کەسانی تر و ڕێزت لێدەگرن، نەك بە پێچەوانەوە.

***

**٦- لە ئاکاردانی خود (الإنضباط الذاتي):**

◄ پەیوەست بوون بە بنەماکانی کاریزماوە و، ڕێگەی بەدەستهێنانی و گەیشتن پێی.

◄ هەرگیز داوای شتێك لە کەس مەکە ئەنجامی بدات، کە خۆت ئەنجامی نادەیت.

◄ بەش بەشکردنی ئامانجەکەت بۆ هەنگاوی پلەبەندی.

◄ هەرکارێك کە دەتەوێت ئەنجامی بدەیت پێشتر و لە خەیاڵتدا وێنای بکە.



◄ زۆر بەڕوونی وێنەی نەخشە ڕێگەت بکێشە و جێگرەوەش دابنێ.

◄ ئەدیسۆن بکەرە نموونە و پێشەنگ بۆ لە ئاکاردانی خود.

◄ دڵنیابەرەوە لە ڕاستی و دروستی ئامانجەکەت کە شایەنی ئەوەیە سەرکێشی بۆ بکەیت.

◄ پێش ئەنجامدانی هەرکارێك خۆت ئامادەبکە بۆ هەر ڕێگرییەك کە دێتە ڕێگەت و، هەوڵبدە بیگۆڕیت بۆ کێبەرکێ کردن.


◄ زۆر گوێ مەگرە بۆ وتی وتی و عورف و عادەتی نەخوازراو، هەوڵبدە خۆت خاوەنی ئاکار و بەهای باڵا بیت.

***

## ٧- توانست و لێهاتوویی (الكفاءة):

- زۆریی و بەسوودی زانیارییەکان یارمەتیدەرن بۆ لێهاتوویی.

- بەرجەستەکردنی و توانا و چالاکییەکانت و گەشەپێدانیان، کلیلی توانست و لێهاتووییە.



- لاسایی کەسی تر مەکەرەوە.

- پاڵپشتی کردن و بڕوابوون بەو هێز و توانایەی کە لەناختدایە.

- پارێزگاری ناو و ناوبانگت بکە و کەسێکی خاوەن ئاکار و هەڵوێستێکی بەرز و شکۆدار بە.

- بەرزی ئاستی زانستیت هەنگاوێکە بۆ لێهاتووییەکی باوەڕپێکراو.

- لێهاتووی (الکفاءة) پێویستی بەکاتێکی زۆر و ئارامگرتن و ڕەنج و تێکۆشانێکی زۆر هەیە.


***

**٨- پێشبینیکردنی ئەرێنییانە (ایجابی):**

◆ یارمەتیت دەدات بۆ باش تێگەیشتن لە کەسانی دیکە.

◆ ڕقت لە خودی کەسەکان نەبێت، بەڵکو ڕقت لە هەڵوێستەکانیان بێت.

◆ بۆ ئەوەی پسپۆڕی و شارەزایی بەدەستبهێنیت ئەوا سنووری تواناکانت فراوان بکە.



♦ ئەگەر پەیمانشکێنی، یاخود خیانەتیان لەگەڵ کردیت ئەوا یەکسەر بڕیار مەدە بە شکست و دۆڕان.

♦ بە وردی بیربکەرەوە و بە هەڵوێستەکانتدا بچۆرەوە.

♦ گوێ لە ناخ و هەست و هۆشی ناوەکیت بگرە و، بەزانیاریی و بەڵگەی بەهێز پاڵپشتی بکە.

***

## ٩- پاکێتی و دەستپاکی (النزاهة):

- دەستپاکی و دووربوون لە گومان و خراپەکان لە هەنگاوە زۆر گرنگەکانە.

- تەبایی و گونجاوی لەنێوان ئاکار و بەهاکانت لەگەڵ کردارەکانتدا رابگرە.



– ئاگاداربە لە کاتی بڕیاردان و مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا نەهێڵیت هەست و سۆزت زاڵ ببن بەسەرتدا.

– هەر کارێکت ئەنجامدا بەتەواوی بڕوابەخۆبوونتەوە ئەنجامی بدە.

– لەگەڵ کەسانێکدا هاوڕێیەتی ببەستە کە پاڵپشت و یارمەتیدەرت دەبن بۆ دەستپاکی و دوورکەوتنەوە لە خراپە.

– هەموو کاتێك ڕاستی بڵێ و بەهەموو جۆرێك دووربکەوەرەوە لە درۆ و ناڕاستی.

**١٠- ئازایەتی و جوامێری:**

» ڕووبەڕووی کەسەکان مەبەرەوە بە هەڵەکانیان.

» هەرگیز خۆت بە بەهێز و درەوشاوە دەرمەخە.


» بەهێزی لە ئامانج و پەیامدا دەردەکەوێت.

» وەها نیشان مەدە هەرگیز ترس بوونی نییە، بەڵام نموونەیەکی جێگیرد بەهێزیی لە هەڵوێست و کاردانەوەکانتدا پیشان بدە.

» ڕووبەڕووی هەڵەکانت ببەرەوە و چارەسەریان بکە.

» دان بنێ بە هەڵە و شکستی خۆتدا و لۆمەی کەس مەکە.

» بیر لەو خالانە بکەرەوە کە چۆن بڕەو بە توانا و لێهاتووییەکانت بدەیت.




***

**١١- داهێنان:**

# لە گرنگی بیروبۆچوون و پێشنیارەکانت کەم مەکەرەوە و بەکەم بایەخیان مەزانە.

# سوود لە هەڵچوون و گێژەڵووکە دەروونی و ناوەکییەکانت وەربگرە.



**١٢- تەركیزكردن و گەیشتنە ئەنجام:**

□ دەستكەوت و گەیشتنە ئەنجام تەنها بریتی نییە لە خۆخەریككردن و مەشغولی و هەوڵدان.

□ بەرهەڵستكاری و زاڵبوون بەسەر پەرش و بڵاوبوونەوەی كار و ئەركەكان، ڕێگای گەیشتنە بە ئەنجام.


□ تەركیزكردن ڕێگا خۆشكەرە بۆ فراوانبوونی بوار و سنووری كاریگەریت.

□ ڕیزبەندی كردن و ڕێككردنی بازنەی گرنگی پێدانەكان و بازنەی لەپێشینەكان.

□ پەیوەست بە بەكاتێكی دیاریكراوەوە بۆ پلاندانان و ڕێگرییەكان و گەیشتن بە ئامانجەكانت.

□ دەروونی خۆت لەبیرمەكە و كاتی زیاتر بە خۆت ببەخشە.

□ خۆت خەریك مەكە و تەركیز مەكەرە سەر ڕووداوەكانی ڕابردوو كە ڕوویانداوە، بەڵكو لە ئێستادا بژی.



□ تیشك بخەرە سەر هەنگاوە گرنگ و لەپێشینەکان، نەك پەیوەست بیت بەهۆکارەکانی گەیشتن بەو هەنگاوانە.

□ بۆ هەموو کارێك قەڵەم و کاغەز بەکاربهێنە و، ئەو کاتانە بدۆزەرەوە کە چالاکیت زیاد دەکات و پەیوەست ببە پێوەی.

□ پەرش و بڵاوبوونەوەی بیروهۆشت واتە کەمی زانیاری و، لاوازی ئیرادەو، ئەنجامێکی لاواز و بێ بەرهەم.

***

## ١٣- بلیمەتی لە پەیوەندی بەستندا:

(بگەڕێرەوە بۆ کتێبی بلیمەتی پەیوەندی بەستن).

***

## ١٤- بەهێز و کاریگەر دەرکەوتن لەیەکەم بینین و کارتێکردن لەسەر بەرامبەر:

◊ بەردەوام شادمان و ڕووخۆش دەربکەوە.

◊ زەردەخەنە لەسەر ڕووخسارت بێت.

◊ شیکپۆش (جوانپۆش) و ڕێکوپێك بە.

◊ دەستپێشخەربە.

◊ بەو شتانە ستایشی بەرامبەرت بکە کە خاوەنیەتی و هەیەتی.

◊ بەشداری بکە و گۆشەگیر مەبە.

◊ گەرموگوڕ بە لە بەیەك گەیشتن و تەوقەكردنتدا.



***

## ١٠- بەدەستهێنانی ڕووخۆشی و گوفتارشیرینی:

○ هێندە زۆر بڵێ مەبە حەز نەكەن گوێت لێبگرن، بەڵام زمان شیرینی و قسەخۆشیی فەرامۆش مەكە.

○ هەوڵ بدە ناو و شێوەی ڕووخساری كەسەكانت لەیادنەچێت و بیرت بكەوێتەوە.

○ لە كاتی گفتوگۆ و قسەكردنەكانتدا پەیوەستبە بە بەكارهێنانی ڕاناوی كەسی دووەمەوە (قسە بۆ كراو- بەرامبەر) ناوی كەسەكەش لەسەر زارت بێت و بەكاریبهێنە.

○ قسەی ناشیرین بە كەس مەڵێ -سووكایەتی بە كەس مەكە- كەس بە كەم مەزانە.

○ ئەگەر هەڵەیەكت كرد دان بەهەڵەكەتدا بنێ و پۆزش بهێنەرەوە و خۆت بەگەورە مەزانە.

o نەکەیت بیانوو بۆ خۆت بهێنیتەوە و بیانوو لە کەس قبولْ نەکەیت.



***

## ١٦- هەست بە لێپرسراوێتی بکە و لێپرسراوبە:

■ هەوڵبدە توانا و لێهاتووییەکانت بەرەو پێش ببەیت نەک ڕەخنەی لێبگریت، خۆت وەکو ئەوەی کە هەیت قبولْ بکە و پێی ڕازی ببە.

■ وەکو کەسێك لە کارگەیەکی دارتاشیدا کە چەکوشێك دەکێشێت بە دەستیدا و بەرگەی ئازاریش دەگرێت، ئەی تۆ چەندە بەرگەی ئازارەکانی ژیان دەگریت!

■ ملیۆنان کەس چاویان هەیە و شتی پێ دەبینن، بەلاّم... تۆ خاوەنی بینین و دنیابینی تایبەت بە خۆت بە.

■ بیری هەڵوێستێك بکەرەوە کە لە لێپرسراوێتی هەڵهاتوویت!

■ بیری هەڵوێستێك بکەرەوە کە تۆ لێپرسراو بوویت تێیدا.

■ سوودی ئەوە چی بوو بۆت؟ ئایا هەستت چۆن بوو؟



***

**فێری لێپرسراوێتی ببە:**

لەیەکێك لەسەردەمەکاندا، پاشایەك هەر سێ وەزیرەکەی بانگ کرد و، یەکی توورەکەیەکی دا بە هەر سێ وەزیرەکە و، داوای لێ کردن بچنە ناو باخ و بێستانی کۆشکەکەوە و، ئەو توورەکانەی بۆ پڕ بکەن لە بەرهەم و بەروبوومی ناو باخ و بێستانەکە، داواشی لێ کردن لەم کارەیاندا پشت بە هیچ کەسێك و خزمەتکارەکان نەبەستن و خۆیان بەدەستی خۆیان کارەکەیان ئەنجام بدەن. وەزیرەکان سەریان سوڕما لەم داواکارییەی پاشا و هەریەکە و توورەکەکەی خۆی هەڵگرت و بەرەو ناو باخ و بێستانەکەی کۆشك ڕۆیشتن.

وەزیری یەکەمیان سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دڵی پاشا ڕازی بکات، بۆیە دەستی کرد بە کۆکردنەوەی بە تامترین و جوانترین و باشترین جۆرەکانی بەروبووم و بەرهەم و، گەڕا تاکو باشترین میوە و بەرهەمەکانی هەڵبژارد و توورەکەکەی پڕکرد.

بەڵام وەزیری دووەم بڕوای وەها بوو کە پاشا ئەو میوە و بەروبوومانەی ناوێت و هیچ پێویستیشی پێیان نییە، بۆیە بێ ئەوەی بگەڕێت بۆ میوەی جوان و باش، هەر جۆرێك بهاتایە بەر دەستی بەتەمەڵی کۆی دەکردنەوە، بێ گوێدانە چاك و خراپ توورەکەکەی پڕکرد.

وەزیری سێیەم بڕوای وابوو کە پاشا بە هیچ شێوەیەك گرنگی نادات بەوەی کە توورەکەکە چی تێدایە و چی تێدا نییە.

بۆیە توورەکەکەی بە گژوگیا و پووش و گەڵای دار پڕکرد.

ڕۆژی دواتر پاشا بڕیاریدا وەزیرەکان و ئەو توورەکەیەش کە کۆیان کردووەتەوە بیانهێننە بەردەمی.

کاتێ وەزیرەکان هاتن، پاشا فەرمانی بۆ سەربازەکانی دەرکرد کە وەزیرەکان بە توورەکەکانیشەوە بۆ ماوەی سێ مانگ بخەنە ناو زیندانەوە، کە هیچ کەسێك نەچێت بەلایاندا و خواردن و خواردنەوەشیان پێ نەدرێت.

وەزیری یەکەم لەو ماوەی سێ مانگەدا لە میوەی جوان و خۆش و بەتامی دەخوارد، کە بە دڵسۆزی کۆی کردبووەوە تاکو ماوەکەی کۆتایی پێ هات.

بەڵام وەزیری دووەم لەو سێ مانگەدا ژیانی زۆر سەخت و دژوار بوو، تەنها پشتی بەو چەند میوەیە بەستبوو کە کەمێك چاك و پاکبوون تاکو ئەوانە بخوات.

وەزیری سێیەمیش پێش ئەوەی مانگی یەکەمی بەسەر بەرێت ژیانی کۆتایی هات و مرد.

ئایا ئێستا فێری لێپرسراوێتی بوویت و لێی تێگەیشتیت؟

***


## ١٧- بەشێوەیەك هەڵسوكەوت بكە كە كەسێتیت زۆر بەهێزە:

یاسایەك هەیە دەڵێت:

(بۆ ئەوەی ببیتە خاوەنی سیفەتێك ئەوا بەمەرجێك سەركەوتوو دەبیت كە وا هەڵسوكەوت بكەیت كەبەتەواوەتی خاوەنی ئەو سیفەتەیت).

هەروەها .....

ئەگەر كەسێكیت میهرەبانیت تێدانییە، ئەوا هەوڵبدە میهرەبان بیت، چونكە وتراوە: (خۆت بچوێنیت بە هەر كۆمەڵێك، ئەوا بێگومان دەبیت بە یەكێك لەوان).



**ڕێنمایی و ڕێنیشاندەرێک:**

ئایا لە ڕابردوودا بەشێوەیەك هەڵسوکەوتت کردووە کە خاوەنی کەسێتییەکی لاوازیت؟!

**ڕاپرسییەک:**

● ئایا تۆ کەسێکی بەسەرخۆتدا داخراویت؟

● ئایا هەوڵتداوە هەر لەو ئەزموونانەی ڕابردوودا بژیت کە کۆتاییەکی شکستخواردوویی هەبوو؟

● ئایا هەستت بە شادومانی و دڵخۆشی کردووە کاتێك کەسێك بە سۆز و میهرەبانی قسەی لەگەڵدا کردویت؟

● ئایا بۆ هەر هەڵوێستێکی هەڵەشەیی و هەر پێ هەڵخلیسکانێك ویستووتە سزای خۆت بدەیت؟

● ئایا هیچ کاتێك هەستت کردووە کە جیاوازیت لە هەموو خەڵك و تۆ لە شتێکی تر دروست بوویت؟!

● ئایا بەردەوام بوویت لە خواردنی خواردنێك کە حەزیشت لێی نەبووە؟

● ئایا دەتوانیت بەبێ ڕەچاوکردنی چاکسازی و بەرەو پێشبردن لەکارێکدا هەر بەردەوام بیت لەسەری؟

● ئایا هیچ کاتێك هەلێکی گونجاوت دەستکەوتووە کە قسە لەگەڵ کەسێکدا بکەیت، بەلام ڕەتتکردبێتەوە؟

• ئایا شکستت هێناوە لە جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی گونجاو بۆ ڕێکخستنی کاتەکانی خەو و پشووەکانت؟

• ئایا هیچ کاتێك لە یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەت تووڕە بوویت و وشەی نەگونجاو و نەشیاوت بەکار هێنابێت؟

• ئایا ڕێگریت لە خۆت کردووە لە چێژی ناسینی کەسانی ناودار و کەسە بەناوبانگەکان؟

• ئایا دەزانیت و دەتوانیت سوود لە کتێبە گونجاوەکانی کتێبخانەکان وەربگریت؟

• ئایا گوێ نادەیت بە سەردانکردنی نەخۆش و خاو و خلیچکی دەکەیت، تاکو کات درەنگ دەبێت و ناگونجێت؟

• ئایا هەست بە تاوانباری خۆت دەکەیت لەبەرئەوەی دۆستایەتی و تێکەڵی لەگەڵ کەسانی نزیك و هاوڕێکانتدا دروست ناکەیت؟

• ئایا پەلە دەکەیت لە بەستنی پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێی نوێدا؟

• ئایا لەو کارانەی دەیکەیت ئاگادارکردنەوە و هۆشیارکردنەوەی زۆر وەردەگریت؟

***

## ١٨- خاوەنی هەڵوێستی خۆت بە:

# هەرچییەکیان پێ وتیت ڕاستەوخۆ ڕازی مەبە پێی و قبوڵی بکەیت.


# هــەموو کارێــك لەبەرئــەوە ڕەت مەکــەرەوە کــە کەســانی تــر ڕەتــی دەکەنەوە.

# جیاوازی بکە لەنێوان ڕەخنەگرتن و تۆمەتبارکردندا.

# لە مافی خۆت خۆش مەبە لەبەر ڕازیکردنی کەسانی تر.

# لە خەڵکییەوە فێربە کە چۆن مامەڵە دەکەیت، لەکاتێکدا جڵەوی خۆیان لەدەست دەدەن.

# وەڵامــی هەڵوێســت و کــردار بــەڕەفتار و کردارەکانــت بدەرەوە نــەك بــە قسە.



# هەرگیز کارێك جێبەجێ مەکە حەزت لێی نییە و خۆشت لێی نایەت.

# هەموو کات خاوەنی سووربوون و ئیرادەی پۆڵایین بە لەکارەکانتدا.

# کەسانی تر فێر بکە لەسەر ڕێزگرتنی کات و بیروبۆچوونەکانت.

***

## ١٩- خۆت بڕیار بدە:

کەسێتی کاریزما خاوەنی بڕیاری خۆیەتی ...

بیروبۆچوونی تایبەت بەخۆی هەیە و خاوەنی ئامانجێکی گەورەیە ...

بڕیار لەژیانی کاریزمادا بوونی هەیە ...

بڕیار لەژیانی کاریزمادا بوونی هەیە ... تەنها بەم خاڵانەی باسکرا دەبیتە خاوەن کەسێتی کاریزما ... ئەو شتانە لە خۆیدا بەرجەستە دەکات و بەوانەوە دەژی، هەرگیز دوورەپەرێز ناوەستێت و دەستەوەستان نابێت لە بەدیهێنانی ئامانجەکەی یاخود خەونەکەیدا... بۆیە بڕیاردان یارمەتیدەرێکی بەهێز و کاریگەرە.

» ئەگەر خۆت خاوەنی بڕیاری خۆت نەبیت ئەوا کەسانی تر بڕیارت بۆ دەدەن، کەواتە ژیانت بۆ ئەوان دەبێت نەك بۆ خودی خۆت.

» هەموو شتەکان لە چوارچێوە ڕاستییەکەی خۆیدا دابنێ و، هیچ ترست نەبێت بۆ بڕیارەکانت و، بە کەم بایەخ و کەم نرخ سەیریان مەکە.

» تۆ بە هەڵوێستە جیاوازەکاندا دەردەکەویت و دەناسرێیت، بۆیە لە هەڵوێستێکدا جیاکاری بکە و لە دانەیەکی تردا تەرکیز بکە و ...، هەموو هەوراز و نشێوییەکان تاقی بکەرەوە و زاڵبە بەسەریاندا.

» ڕاستییەکان هەڵبسەنگێنە و بیربکەرەوە و، لێکۆڵینەوە بکە و، هەڵسەنگاندن بکە، پاشان بڕیاربدە.

» بەدوای چارەسەر و ڕێگەچارەی جیاوازدا بگەڕێ.

» لە بڕیاردان مەترسە.

» لێکۆڵینەوە بکە بۆ بڕیاردانە ئەرێنی و نەرێنییەکان.


» بڕیارە گەورە و گرنگەکان بەقۆناغ بەندیی جێبەجێ بکە.

» زیادەڕەوی لە ئەنجام و کۆتایی بڕیاردا مەکە.

» بەئاسانی و کەمبایەخی سەیری بڕیارە سادە و ساکارەکان مەکە.

» بڕیاری یەکلاکەرەوە بدە بۆ نەمان و لەناوبردنی دوودڵی و ڕاڕایی.

» ئەو بڕیارانە بدە کە بۆ کاتێکی دیاریکراون.



***

## ٢٠- هانا ببە بۆ بەدەستهێنانی وزەی زیادە بۆ خودی خۆت:

□ کەم کەس توانای هەڵگرتن و پاشەکەوتکردنی وزەی زۆری هەیە.

□ مرۆڤ خاوەنی دوو جۆر لە (خود)ە: (واتایی و کرداری).

جۆری یەکەم پێکدێت لە: زمانەوانی و قسەکردن، زیرەکی و ژیریی، هەستیاریی، بیرکردنەوە و بڕیاردان.

جۆری دووەم پێکدێت لە: بواری لێکۆڵینەوە و جێبەجێکردن.

هەنگاوەکان بۆ مانابردن و بەدەستهێنانی وزەی زیادە:

١- تەرکیز لەسەر گرنگترین خاڵ چڕ بکەرەوە.

٢- بڕوا بەخۆبوون و ڕاهێنانی خود لەسەر بڕوا بەخۆبوون.

٣- تەرکیز بخەرە سەر ئەو دەسکەوتەی کە دەتەوێت بەدەستی بهێنیت.

٤- سەرکەوتن بە شپرزەیی و ڕاڕایی بەدەست ناهێنرێت.

٥- هیچ گومانت لە توانا و بەهرەکانی خۆت نەبێت.



***

## ٢١- فێری بڕیاری بەکلاییکەرەوە ببە:

♦ بەدەستی خۆتە کە بڕیار بدەیت چۆن دەژیت و، کارە لە پێشینەکانی خۆت دیاری بکەیت.

♦ خۆت دەتوانیت بڕیار لەسەر بەها و ئاکارە بەرزەکان و ئامانجی خۆت بدەیت.

♦ دەتوانیت بەوپەڕی سەربەستییەوە بیروبۆچوونەکانی خۆت بە ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی ئاماژەی پێ بدەیت.

- ئەگەر کەسانی دیکە داوای کارێکیان لێکردیت، مافی خۆتە کە بڵێیت: (نەخێر).
- مافی خۆتە کە نەتەوێت پاساو بۆ کارەکانت و هەستەکانت بهێنیتەوە.
- شتێکی سروشتییە ئەگەر لە کارێکدا هەڵە بکەیت و نەیپێکیت.
- مافی خۆتە کە بتەوێت بیروبۆچوونت بگۆڕیت.
- مافی خۆتە کە بڵێیت نازانم، تێنەگەیشتم.
- مافی خۆتە کە بڕیارێکی ناڕاست بدەیت.
- مافی خۆتە سوود لە شتی تایبەتی خۆت وەربگریت.
- مافی خۆتە کە خەون ببینیت و بەو خەونەوە بژیت.
- مافی خۆتە کە حەز بکەیت خەڵك خۆشیان بوێیت و سوپاست بکەن.



***

## ٢٢- ئیتر بەسێتی خۆت بەکەم مەزانە و لە شکۆی خۆت کەم

**مەکەرەوە:**

- هەست دەکەیت زۆربەی کاتەکان کەسێکی ویستراو و قبوڵکراویت؟

- لەگەڵ عەقڵی خۆتدا ڕۆڵی لێکۆڵەر ببینە.

- یارمەتی کەسانی تر بدە و پاڵپشتییان بکە، یارمەتیشیان لێوەربگرە.

- نەخێر بۆ بەراوردکردنی خۆت بەکەسانی تر، بەڵێ بۆ کێبڕکێ کردن لەگەڵیاندا.

- وێنای ئەوە بکە کە خەڵك ڕێزت دەگرن.



# پێنج قۆناغی باری دەروونی بۆ کاریزما

بێگومان بۆ بنیاتنان و دروستبوونی کاریزما دەبێت بارودۆخی دەروونی ساز و ئامادە بێت، ئەویش لەڕێی ڕاهێنان و فێربوونی بنەماکانی کاریزماوە.

گرنگترین بارودۆخی دەروونیش ئەمانەن:

## ١ ـ زانین و دیاریکردنی ڕێگرییەکان:

♦ بیروبۆچوون و بڕیاردانە سلبییەکان:

ئەگەر بیرێکی سلبی گوزەری کرد بە مێشکتدا ئەوا نەکەیت گوێی لێ بگریت و هەڵوێستەی لەسەر بکەیت، چونکە ئەوکات فراوان دەبێت و بڕوا دەکەیت کە تۆ کەسێکی فەوتاو و پەرتەوازەیت و خەم و پەژارە دادەگرێت، بۆیە نەکەیت هەرگیز و ڕێگە مەدە ئەو بیروبۆچوونە سلبییانە بیروهۆشت بشێوێنن و دەستت بەسەردا بگرن.

♦ شپرزەبوونی جەستەیی و هەڵچوونی دەروونی:

ئەگەر دڵنیابوویتەوە کە لەناختدا هەستێك هەیە پێت دەڵێت:

کە تۆ کەسێکی خۆشەویست و ویستراویت و ناتوانیت ببیتە کاریزما، لەهەمان کاتدا هەر کەسێکی دیکەت بینی کە حەزت کرد و هیوات خواست وەکو ئەو کەسە بیت، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی تووشی شپرزەبوون و هەڵچوونی دەروونی ببیت و، خێرایی دڵت زیاد دەکات و، لاشەت عارەق دەکاتەوە و، شێوازی هەناسەدانیشت ناڕێك دەبێت و تێکدەچێت، بۆیە ئاگاداری ئەم خاڵە بە تاکو تووشی کێشەی وەها گەورە نەبیت.

♦ هەست و سۆزی سلبی:

خەمباری و دڵتەنگی دەبێتە هۆی دارنینی خۆشبەختی دڵ و نەمانی سرەوتن و پشووی دەروون، بۆیە ئاگاداربە خەمباری و خەفەت و دڵتەنگی دەرگای دڵ و دەروونت نەشکێنێت و، بەناختدا هاتووچۆ بکات و دەستت بەسەردا بگرێت، هەوڵبدە و بیربکەرەوە کە پێویستە لەسەرت چی بکەیت و مێشك و دڵ و دەروونت بە شتی بێ سوودەوە سەرقاڵ نەکەیت.

**بە پوختی:**

هەموو ڕێگرییەکانی وەك:خەفەت و بێزاری و بێتاقەتی و دڵتەنگی و... هتد کە ڕووبەڕووی کەسێکی کاریزما و کاریگەر و بەهێز دەبنەوە ئەویش وەکو بۆری ئاو و ئاوەڕۆ کە ئاوی پێدا دەڕوات مامەڵیان لەگەڵدا دەکات.

کاتێك ئاو زۆر بەخێرایی و بەخوڕیی بەناو بۆری ئاودا دەڕوات، بێگومان کە بۆرییەکە لەو شوێنانەشدا کە تووشی پێچ و ئاڕاستە گۆڕین دەبێتەوە،

هەر زۆر بەئاسانی ڕێگە بەتێپەڕبوونی ئاوەکە دەدات کە بەناویدا تێپەڕ ببێت بێ ئەوەی ڕێگری بۆ دروست بکات، تاکو دەگاتە شوێنی خۆی.

**٢ـ فێری هونەرەکانی پشوودان و حەوانەوە ببە:**

لەگەڵ زۆریی فشارەکانی ڕۆژانە و زیاتربوونی کێشەکان لەسەرمان، پێویستە جەستە و عەقڵ و ڕۆحمان لەو هەموو خڵتە و ژەنگ و پیسییانە پاك بکەینەوە کە نیشتوون لەسەرمان و، لێڵی و ناڕۆشنییەکان بڕەوێنینەوە کە دەبنە ڕێگری ئومێد و هیوا و ئامانجەکانمان.


چۆن باشترین ڕاهێنان بۆ پشوودان ئەنجام دەدەیت؟؟؟

- کاتێکی جێگیر و دیاریکراو بۆ ڕاهێنان دابنێ.
- هەرکاتێك هەستت کرد ماندوویت و خەوت دێت واز لە ڕاهێنان بهێنە.
- ئەو چالاکییانە ئەنجام بدە کە حەزت لێیەتی و لە چوارچێوەی گرنگی پێدانتدایە.
- تاکو دەتوانیت هەناسەیەکی زۆر قوڵ هەڵبمژە. تاکو ڕێژەی ئۆکسجین لە سییەکاندا زیاتر بێت، ئەوا هەناسە توندی و ڕاڕایی و پەشۆکاویت کەم دەبێتەوە.
- بەشێوازێك دابنیشە هەست بەئاسوودەیی بکەیت و، پشتت بەشێوەیەکی ڕێك و هاوسەنگ بوەستێنە، دەستێکت بخەرە سەرسنگت و، ئەوی تریشیان لەسەر سکت دابنێ.

- دەستت لەنێوان سکت و سنگتدا دابنێ، پاشان لەڕێی (لووتەوە) هەناسەیەکی قووڵ هەڵبمژە. تێبینی دەکەیت دەستت بەهێواشی بەرەو سنگت بەرز دەبێتەوە.

- ئەو هەوایەی لەڕێی لووتتەوە هەڵتمژیوە، ئەوا لە ڕێی دەمتەوە بیدەرەوە، هەوڵبدە سییەکانت خاڵی بکەرەوە لە هەوا، لە هەمان کاتدا پارێزگاری لە ماسولکەکانی سکت بکە کە گرژبن و بچنەوە یەک و، بەمەش دەستت بەئاڕاستەی ناوەوە بەهێواشی فشار دەخاتە سەر سکت.

- بەمشێوەیە لە ڕێی لووتەوە هەوا هەڵبمژە و لەڕێی دەمتەوە بیدەرەوە، ئەم هەنگاوانە دووبارە بکەرەوە و، کاتێکی زیاتر لەم ڕاهێنانە بەسەربەرە، بەمەش هەست بەحەوانەوە و پشوودان دەکەیت.



## ٣ـ جارێکی تر پێداچوونەوە بەبیروبۆچوونە نەرێنییەکاندا بکەرەوە:

ئەگەر جارێکی تر خۆت خەریك بکەیتەوە بەو بیروبۆچوونە سلبیانەوە کە زیانت لێدەدەن؛ کەواتە وادیارە ناتەوێت ببیتە کەسێکی کاریزما و ناتوانیت پێی بگەیت، چونکە هەموو ئەو ڕووخێنەرانەی لە دەورووبەرتن خەریکی ڕووخاندنی تۆن، بۆیە ئەمانەی خوارەوە جێبەجێ بکە:

أ- بەشێوەیەکی باشتر و بەقووڵی بیر لە خۆت بکەرەوە و، لە بەهرە و توانا و ئەو وزە شاراوانەی ناخت بڕوانە و، زۆر سەیری کەم و کوورپییەکانت مەکە و گەورەیان مەکە.

ب- چاودێریکردنی بیروبۆچوونەکانت نهێنی سەرکەوتنی ژیانتە، چونکە بیروبۆچوون لەگەڵ کاتدا ئەوا دەبیتە خاوەنی ئیرادە و ویستێکی بەهێز، ئەمەش بەردەوام بیت لەسەری ئەوا خۆت دەبیتە خاوەنی خۆت.

ج- بزانە جێگیربوون و گونجاندن و تێکەڵبوون لەگەڵ ناخی خۆت و هاوسەنگی ڕاگرتن و بڕوابەخۆبوون... هتد ئەمانە تەنها بە شەو و ڕۆژێك دروست نابن. کاتی بەتاڵ و بەفیڕۆچوو (کە بەکاری نەهێنیت بۆ شتی بەسوود)، باشترین هاوڕێی بیروبۆچوون و شتە سلبییەکانە.

د- تێکەڵاویی کەسانی ئیجابی بکە، ئاگاداربە گۆشەگیری و خۆدوورەپەرێزگرتن هۆکاری سەرەکییە بۆ بیروبۆچوونی سلبی و گومانی خراپ و ڕووخێنەرە.

ه- سووربه لەسەر بارمەتیدانی کەسانی تر و سوود پێکەیاندنیان، ئەمەش کاریگەرییەکی هێندە باش بەجێدەهێڵێت کە پێشبینی ناکەیت، چونکە وەکو قەرزێکە دەبێت بۆت بگێڕنەوە.



***

## ٤ - شاردنەوەی هەست و سۆز:

لێرەدا پرسیارێك سەر هەڵدەدات... ئایا مانای تیایە کە من بمەوێت کەسێکی کاریزما بم، بەڵام پێویست بێت لەسەرم هەست و سۆزم بشارمەوە، بەتایبەت فرمێسکی خەم و خەفەت و ئازار و... هتد، تاکو ئەو وێنەیەی من کە لای دەوروبەرم دروست بووە نەشێوێت و بەلاواز دەرنەکەوم؟

**بۆچی هەست و سۆزمان دەشارینەوە؟؟**

١- دەترسین لەکاتی هەست و سۆزی سلبیدا ڕووخسارمان بە خەفەتبار و ناشادمان دەربکەوێت:

لەکاتی بوونی هەست و سۆزی نەرێنیدا، بارودۆخمان دەگۆڕێت و نەگونجاو دەردەکەوین و، ناوبەناو تووشی خەم و خەفەت و بێزاری دەبین. بۆیە دان نانێین بە هەست و سۆزەکاندا و دەیشارینەوە، تاکو ئەو حاڵەتە بەردەوام نەبێت.

٢- دەترسین ئەگەر دان بنێین بەو حاڵەتەدا و باسی بکەین؛ ئەوا ئە حاڵەمان زیاتر تاو بسێنێت و زیاد بکات:

تەواو بەپێچەوانەی ئەوەوە، داننان بەکێشەدا و دۆزینەوەی دەرچەیەك بۆ باسکردنی؛ ئامێك بە دڵدا دەهێنێت و وا دەکات کە بەرچاوڕوون بیت بەرامبەری و، دەگەڕێیت بەدوای ڕێگەیەکی چارەسەردا؛ تاکو ڕزگارت بێت لێی و سەربکەویت بەسەر ئەو کۆسپ و بارە نەرێییانەدا (سلبييات)انەدا.

٣- ڕۆچووین بەناوناخی خۆماندا و زیادەڕۆیی دەکەین لە نەرمی نواندن و دڵنەرمی و میهرەبانی بەرامبەر خودی خۆمان:

ئەگەر ڕاستگۆ بیت لەگەڵ هەست و سۆزەکانتدا بەتایبەت کە هەست و سۆزەکان لەسەر ڕووخسارمان دەردەکەون، ئەمەش زانستی فسیۆلۆجی باسی دەکات و درۆی تێدا نییە... بۆیە کەسێك داوای کەسێتییەکی کاریزما و بەهێز بکات؛ نابێت کەسێکی زۆر دڵ نەرم و سادەبێت، بەڵکو دەبێت خۆی ئامادەبکات و خۆی بگونجێنێت بۆ تەواوکردنی ڕێگەکەی و، گەیشتن بەو ئامانجە مەزنەی دایناوە.

خۆخەریککردن و زیادەڕەوی کردن بەباسی کەسانی ترەوە کە ئەوان میواخوازن شکست بهێنم و بڕووخێم:
٤- ئەوانەی لە دەوروبەرمدان میواخوازن کە شکست بهێنم و لەناوبچم و بڕووخێم و... هتد و ئەم باسانە، خۆت بە بێ بنەما خەریك دەکەیت و هێز و وزە و بیرکردنەوەت و کاتت بەفیڕۆ و بەزیادە دەدەن، بۆیە بیرکردنەوە دەربارەی دەوروبەرت بگۆڕە بۆ بیرکردنەوە لە خۆت و باروگوزەرانی خۆت.

**ئایا دەزانیت کە؟!**

● بۆ بڕیارە چارەنووسسازەکانت خۆت خاوەنیان بە نەك کەسی تر بڕیارت بۆ بدات، چونکە ئەو کاتە ژیانت بەوشێوەیە دەبێت کە ئەو دەیەوێت نەك ئەوەی کە خۆت میوای پێ دەخوازیت و دەتەوێت.

● هێز و توانای خۆت لەناو مەبە، ئەو شتە هەڵبژێرە کە دەتەوێت و میوای پێ دەخوازیت و پێی سەرسامیت، نەك ئەو شتەی خەڵك پێی سەرسامن.

(جبران خلیل جبران) دەڵێت: بێ دەنگی لە چەنەباز و زۆر بلێیەکانەوە فێربووم و، لێبووردەییش لە تووڕە و دەمارگیرەکانەوە، بەزەیی و میهرەبانیش لە دڵڕەقەکانەوە، بەڵام شتێکی نامۆ و سەیر هەیە کە هەست بە سوپاسگوزاری و پێزانین دەکەم بەرامبەر ئەو کەسانەی کە لێیانەوە فێربووم.

٥- ترس لەقوربانیدان:
ترس لەقوربانیدان واتە ترس لە ڕووبەڕووبوونـەوەی واقیـع و، هـەڵهاتن لـە لێپرسراوێتی و کارگرتنە دەست. (د. فـایر سـتون) دەڵێـت: بـۆ هەسـت و سۆزەکان پێویست بە بیانووهێنانەوە ناکات، پێویسـت نییـە لەسـەر مـرۆڤ کە بیانوو بهێنێتەوە بۆ هەست و سۆزی، ئـەوە پەرچـەکردارێکی خـۆکردە بەرامبەر هەڵوێستە جیاوازەکان، کە حـەزمان لـە هەندێکیانـە و ڕقمـان لـە هەندێکی تریان دەبێتەوە، بڕیار نادرێت بەسەر هەست و سۆزەکانماندا کـە ئەمـەیان ڕاسـتە و ئـەوەیان هەڵەیـە، بـۆ نموونـە: تووڕەبـوون شـتێکی سروشتییە و لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە و شکستەکاندا دروست دەبێت، شتە ڕاستەکە ئەوەیە کە قبوڵی ئەو سیفەتە بکەیت لەبری ئـەوەی نینکاری بکەیت و هەوڵی شاردنەوەی بـدەیت، بـەڵام ئـەو سـیفەتانەی کـە پێچەوانەی سروشت و هەستی مـنن پێویسـتە زاڵـبین بەسـەریاندا، چونکە ئەوانـە دەبنـە ڕێگـر و بەربەسـت لەبەردەمتـدا، بۆیـە هەسـتکردن بـە تووڕەبـوون و تـووڕەیی شـتێکی سروشـتییە، بـەڵام قسـە پێکـوتنێکی بریندارکەر ئەوە سووکایەتییە و کێشە دروست دەکات.

ئەوانەی ترسیان لەقوربانیدان هەیە کە کەوتوونەتە ناو تەنگەژە و ئەزمەی (پێویستەکە)ەوە، بۆیە لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیاندا بەردەوام بڕیار لەسـەر کەسـەکان دەدەن، وەهـا لـەژیان دەڕوانـن کـە دادپـەروەریی نـەکردووە

لەگەڵیاندا و، ڕستەکانی وەکو: (پێویستە کە دایکم و باوکم منیان خۆش بووێت، پێویستە کە منداڵەکانم بەردەوام پەیوەنیم پێوە بکەن و سەردانم بکەن، یان لەگەڵ هەموو ئەو کارە چاکانەی بەرامبەر فلان کردم، پێویست بوو لەسەری هیچ نەبێت کە...)

(صامویل سمایلز) دەڵێت: هەموو کەسێك دەتوانێت زاڵبێت بەسەر ئەو بارودۆخەی خۆیدا و، ئەوە بەدەستبهێنێت کە دەیەوێت؛ ئەگەر کۆڵنەدات و بە عەقڵێکی ئەرێنی (ئیجابی) بیربکاتەوە.

**بەرپێزان:**

خراپترین جۆری درۆ ئەوەیە کە: ڕاستێتی نەناسیت.
ئەمە ڕاستییەکە پێویستە درکی پێ بکەین و بیزانین.
تۆ ئەو کەسەیت کە دەتوانیت بیگۆڕیت.

## هەنگاوە یارمەتیدەرەکانی بوون بەکاریزما

**١- بەرد لە شوێنی خۆی جێگیرە؛ هەرچەندە شەپۆلەکانی دەریا توند و بەهێزبن:**

**♦ چیرۆکێکی کاریگەر:**

دەگێڕنەوە جارێك دەشتەکییەك دەچێتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (د.خ)، داوای هەندێك شتی لێدەکات پێی ببەخشێت، پێغەمبەریش (د.خ) پێی دەبەخشێت و پێی دەفەرموێت: ئەوەندە بەشت دەکات؟

کابرای دەشتەکی وتی: نەخێر، ئەوەندە بەشم ناکات... ئەو موسوڵمانەی دانیشتبوون تووڕەبوون و هەستان ئەو دانیشتنەیان بەجێهێشت، ئەویش هەستا و ڕۆیشت. پاشان پێغەمبەر (د.خ) ناردی بەشوێنیدا و ئەو بەشەی پێیدابوو بۆی زیادکرد و پێی فەرموو: ئێستا ئەوەندە بەشت دەکات؟ کابرای دەشتەکی وتی: بەڵێ.. بەڕاستی تۆ لە بنەماڵە و عەشیرەتێکی زۆرباش و بەخێردایت.

پێغەمبەریش (د.خ) پێی فەرموو: ئەوەی پێشتر وتت وتت (واتە ڕابوورد)، شتێکیشت لە دڵ و دەروونی هاوەڵەکانمدا دروستکرد، ئەوەی ئێستا لای من وتت لای ئەوانیش بیڵێرەوە؛ تاکو هیچ لەدڵی ئەواندا بەرامبەرت نەمێنێت.

بۆ ڕۆژی دواتر کابرای دەشتەکی هاتەوە و پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی: ئەم دەشتەکییە ئەوەی پێشتر وتی وتی، ئێمەش بۆمان زیادکرد، ئایا بەوە ڕازی بوویت؟

کابرا وتی: بەڵێ.. بەڕاستی تۆ لە بنەماڵە و عەشیرەتێکی زۆرباش و بەخێردایت.

پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی: نموونەی من و نموونەی ئەمە وەکو ئەوە وایە کابرایەك حوشترێکی دەبێت و هەڵدێت لە دەستی، خەڵکیش دوای دەکەون تاکو بیهێننەوە، هیچیان بۆ ناکرێت و زیاتر هەڵدێت لەدەستیان، خاوەنەکەی بانگیان دەکات و پێیاندەڵێت: وازبهێنن لە من و حوشترەکەم، من لە ئێوە باشتر دەیناسم و باشتر دەزانم کە چۆن بە نەرم و نیانی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەم، ڕوویکردە حوشترەکە و چووە لایەوە، ئەویش لەبەردەمیدا وەستا و کەوتە سەرچۆك بۆی، کابراش گرتی و سوار پشتی بوو بردییەوە شوێنی خۆی.

ئەگەر منیش وەکو ئێوە وازم لێ بهێنایە لەسەر ئەوەی کە ئەو پیاوە وتی، ئەوا ئەو وتنەی دەیفەوتاند و دەچووە ئاگرەوە.

### پێغەمبەرانیش (س) لەسەر هەمان ڕێگا و شێوازبوون:

لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە کە خوای گەورە سرووش (وحی) بۆ موسا (س) کرد فەرمووی: ئایا حەزدەکەیت هەموو ئەو شتانەی خەڵك و مانگیان بەسەردا دێت و دەیانگرێتەوە دوعات بۆ بکەن؟ ئەویش فەرمووی: بەڵێ،

خوای گەورە فەرمووی: ئارام بگرە لەسەر دروستکراوەکانم و ئازار و ناڕەحەتییەکانیان، هەروەك چۆن من ئارام دەگرم لەسەر بەندەیەکم کە من ڕزق و ڕۆزی پێ دەبەخشم و، بەندایەتی بۆ کەسێکی تر دەکات.

هەروەها باسی وتەیەکی عیسا پێغەمبەر (س) دەکرێت کە دەفەرموێت: هەرکەسێك بەرگەی وشەیەکی نەشیاو و نابەجێ بگرێت و ئارام بگرێت لەسەری؛ ئەوا دە چاکەی بۆ دەنووسرێت.

**(فضیل و ئەبوهورەیرە)یش لەسەر هەمان ڕێگابوون:**

وەکو ئەو بەردە هێمن و لەسەرخۆ و جێگیربە؛ هەرچەندە شەپۆلەکانی دەریا توند و بەهێز بن. گوێ لە (فضیلی کوڕی عیاض) بگرە، پێی دەڵێن: فلان کەس جنێو و قسەی ناشیرینی بە ناموس و ئابڕووی تۆدا، ئەویش دەڵێت: واللە دەبێت کارێك بکەم تووڕەی بکەم (مەبەستی شەیتانە)، دەڵێت: خوایەگیان ئەگەر ڕاست دەکات لە من خۆشبە، ئەگەر درۆش دەکات ئەوا لەو خۆشبە.

ئەم نموونە جوانەش لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕنەوە کە پیاوێك پێی دەڵێت: تۆ پشیلە دەدزیت، ئەویش دەڵێت: خوایەگیان لە منیش و ئەم برایەشم خۆشبە.

پاشان دەڵێت: پێغەمبەری خوا (د.خ) بەمشێوەیە فەرمانی پێ دەکردین کە داوای لێخۆشبوون بۆ ئەو کەسانە بکەین کە زوڵم و ستەممان لێ دەکەن!!

## وەلامی گونجاو و بەجێ!

کابرایەك کەسێکی بەکرێ گرت تاکو ئەو کارتۆنەی بۆ هەڵبگرێت و بیگوێزێتەوە بۆ شوێنێکی تر، کە هەمووی شووشە و شووشەوات بوو. پێش ئەوەی بگەنە شوێنی دیاریکراو، کابرای خاوەنی کارتۆنە شووشەکە بە کەسی کرێکاری وت: هەرکەسێك پێی گوتوویت کە من پارەی کرێی خۆتت دەدەمێ ئەوا درۆی لەگەڵ کردوویت!

ڕاستەوخۆ بێ وەستان کابرای حەماڵیش بە خاوەنی شووشەکانی وت: ئەو کەسەش کە بە تۆی وتووە ئەم کارتۆنە شووشەیەت ناشکێت و بە ساغی دەگاتە شوێنی خۆی درۆی لەگەڵ کردوویت!

### وانەیەکی قووڵ و پڕ مانا لە ژیانی پێغەمبەردا (د.خ):

عبداللەی کوڕی مەسعود دەڵێت: لەو ڕۆژەی کە پێغەمبەر (ص) دەستکەوتەکانی جەنگی حونەین دابەش دەکرد سەد وشتری دا بە ئەقرەعی کوڕی حابس، ئەوەندەشی دا بە کەسێکی تر و شتی تریشی دا بە خەڵك.

پیاوێك وتی لەم دابەشکردنەدا مەبەست و نییەتت بۆ خوا نەبوو!

ئەم هەواڵەمان دا بە پێغەمبەر (ص) ئەویش فەرمووی: ((ڕەحمەتی خوا لە موسا زۆر لەمە زیاتر ئازاریان دا، بەڵام ئەو هەر ئارامیگرت)).


**٢- تكایە! هەمیشە زەردەخەنە لەسەر ڕووخسارت بێت و ڕووخۆش بە:**

▶ **زەردەخەنە پۆستەیەكی بینراوە:**

زەردەخەنە پۆستەی خۆشەویستییە كە پردی نێوان دڵەكان فراوان دەكات و ڕاماتن و پەیوەست بوونی ڕۆحەكان زیاتر دەكات، زەردەخەنە زۆر سادە و ئاسانە و هیچ تێچوویەكی بە درهەم و دینارو... هتد تێناچێت، پێویست بە هیچ هەوڵ و ماندووبوونێك ناكات و هیلاكیی ناوێت، تەنها ڕووخسارێكی سادەیە كە زەردەخەنە خراوەتە سەر لێوەكان، بەمەش بە ڕووخۆشی دەردەكەوێت و پەخشی دەكاتەوە بە دەوروبەردا...

بەم هەنگاوانە جادوو لە هەست و هۆشەكاندا دروست دەكەیت، ئەمەش بە چاكە بۆت هەژمار دەكرێت.

ئەمەش ڕەوشت و ئادابی پێغەمبەری خۆشەویستمان (د.خ) بووە، جەریری كوڕی عبدللە دەڵێت: هەركاتێك پێغەمبەری خودام بینیبێت (د.خ)، زەردەخەنە لەسەر ڕووخساری پیرۆزی بووە و هەموو كاتێك ڕووخۆش بووە.



◄ بەو قەڵەمەی بەدەستەوەیە جوانترین وێنە بنەخشێنە:
وێنەی زەردەخەنەیەك بنەخشێنە كە لە دڵ و دەروونتدا هەڵتگرتووە، تاكو ئەو كەسەی سەیری دەكات ئەو مەبەستە ببینێت كە لەنێوان دێڕەكانداییە و بیخوێنێتەوە، زەردەخەنە و ڕووخۆشی ڕاستێتی خۆشەویستی دەسەلمێنێت، برینی برایەتی و پەیوەست بوونە، بەرهەمی لەخواترسانە، زەردەخەنە ئامازەدەرێكی زۆر ڕاستگۆیانەی ئەمانەیە.

زەردەخەنە زویری و بێزاری و لێڵی نێوان ڕۆحەكان ناهێڵێت، نیاز و مەبەست و نییەتەكان لە چڵك و چەپەڵی و ژەنگ پاك دەكاتەوە، ئای لەو جوانی و چاكە زۆرانەی كە زەردەخەنە هەڵیگرتووە!.

ئاوازی خۆش دەچرێت، هەلێكی زۆر گرانبەهایە كە بانگی هۆشمەند و عاقڵەكان دەكات و كەمەندكێشیان دەكات، گەنجینەیەكە پڕ لە دوڕ و مرواری بۆ كەسانی دەست نووقاو و چرووكەكان.

***

◄ ڕووخۆش بوون سیحر و جادوویەكی حەلاڵە:
زەردەخەنە سیحرێكی حەلاڵە، ناونیشانی و ناسێنەری سۆز و بەزەیی و ڕەحمەتە، پێشەكییە بۆ برایەتی، زەردەخەنە دادەبارێتە سەر بەردی دووبەرەكی و ناكۆكی و دەیتوێنێتەوە، دەكەوێتە سەر تووڕەبوون و كەللە ڕەقی و شێتەڵی دەكات و نایهێڵێت. برینەكان تیمار و سارێژ دەكات، دڵ لە هەموو پیسی و ڕق و كینەكان پاكدەكاتەوە.

زەردەخەنە شـەماڵێکی بـۆن خۆشـە بـۆ هـیلاك و مانـدووەکان و، تیشـکی پرشـنگ بـەردەوامی هیـوا و ئومێـدە بـۆ پەککـەوتوو و کەفتـەکاران و، دڵنەوایی و دڵخۆشییە بۆ خەمبار و دڵتەنگەکان.
کەواتە بەردەوام ڕووخۆش و دەم بەخەندە بە، بەڵێ دڵخۆش بە و، گۆرانی بۆ ژیان بچڕیکێنە.
فێری بە، بگەڕێوە ئامێزی و بیکەرە ڕەفتار و خووی بەردەوامت.

***

▶ **ڕووخۆشبوون گەنجینەیەکی نەبڕاوە:**

ئـەبی زەڕ دەڵێـت: پێغەمبـەر (د.خ) فەرموویـەتی: ((هـیچ شـتێك بـە کـەم مەزانە، تەنانەت زەردەخەنەیەکیش کە بەڕووی برایەکتەوە دەیکەیت)).

(ولیەم جیمس) زانـای بـەناوبانگی دەروونـی بڵاویکـردەوە: هەنـدێك کـار و کردەوە هەیە دەبنە ڕێگر و بەربەست لەبـەردەم هەسـت و بیروهۆشمانـدا، بەڵام واقیع دەریخستووە کە هەستەکانمان لەگەڵ کردارەکاندا شانبەشانی یـەکتر پێ دەکـەن، یـاخود دوو ڕووی یـەك دراون، بۆیـە ئەگـەر توانیمـان کردارەکـان کـۆنترۆڵ بکـەین؛ ئـەوا بەڕێگەیـەکی ناڕاسـتەوخۆ کـۆنترۆڵی هەستەکانیش دەکەین، بۆیە ڕێگەی گەیشتن و بەدەسـتهێنانی دڵخۆشـی و ئاسـوودەیی ئەوەیـە کـە بەشـێوەیەك هەڵسـوکەوت بکـەین کـە دڵخۆشـی ڕاستەقینەین و ئاسوودەین.

◄ زەردەخەنە و ڕووخۆشی لە ڕوانگەی پزیشکییەوە:
ڕووخۆشی و زەردەخەنەی ڕووخسار دەبێتە هۆی فراوانبوونی دەمارە خوێنەکان و، یارمەتیدەرە بۆ خێرا گەیشتنی خوێن بە سەرجەم ئەندامەکانی لەش، چونکە دەبێتە چالاک بوونی خانەکانی ناوەوەی لەش و ناردنی ڕێژەیەکی زۆر ئۆکسجین بۆ خانەکان و، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕزگاربوون لە کۆلسترۆڵ و چەوری نەخوازرا و زیانبەخش، زیاتر لەمانەش ڕووخۆشی و زەردەخەنە دەبنە هۆی دواکەوتنی دەرکەوتنی چرچ بوونی پێستی ڕووخسار و پیربوون، لەکاتی پێکەنین و زەردەخەنەدا سیازدە ماسولکە تەنها لە ڕوخساردا کار دەکات و دەجووڵێت لەکاتێکدا کە لە کاتی بێزاری و خەم و خەفەتدا حەفتا و چوار ماسولکە بەکاردێت.

بەڕێزان...

بۆچی خوای گەورە دوو لێوی پێ بەخشیووین؟ خۆ تەنها بۆ شاردنەوەی ددانەکانمان نییە!!

کەواتە... تکایە ڕووخۆش بە، با بەردەوام زەردەخەنە لەسەر ڕووخسارت بێت.

چرپەیەک:
یەکێك لە حەکیمەکان دەڵێت: (دڵخۆشیی و شادمانی دەبێتە هۆی سڕینەوەی فرمێسکەکان و بەدیهێنانی ڕووخۆشی و نەمانی بێ هیوایی و بێ ئومێدیی).

***

## ٣- مەبە ئامێرێك تەنها هەڵە بدۆزێتەوە:

### ♦ ڕاوچی هەڵەکان:

ئەمە حاڵی هەندێك کەسە کە بە هەڵێکی زێڕینی دەزانێت کەباسی ئابڕوچوون و زەلیلی هاوڕێیەکی بکات، یاخود هەڵەیەکی خۆشەویستێکی یان کەسێکی نزیکی ئاشکرا بکات و بیکاتب بنێشتەخۆشەی سەرزاریان و حەزکردن لە گلەیی و گازندەیان، هەرکەسێك ئەمە بکاتە یاسای ژیانی ئەوا بەکەسێکی خۆپەرست دەناسرێت و، بەژیانێکی هەلپەرستانە دەژی و، هیچ کەسێك لێی ڕازی نییە و، هیچ هاوڕێیەکی دڵسۆزی لە ژیاندا نابێت.

کێ هەیە ڕازی بێت لە سەرجەم کارە نهێنی و ئاشکراکانی
بەسە بۆ کەسێک سەرقاڵ بێت بە ژماردنی هەڵەکانی

ئابڕووبردن و ڕیسواکردن پایەکانی ماڵ دەڕوخێنێت و، لە ترسناکییاندا شاخەکان وردوخاش دەبن و، ئاسمانەکان دەڕمێن. بۆیە لێبوردەبە و چاوپۆشی بکە لە هەر هەڵەکردنێك و داپۆشەری هەڵەکان بە.

♦ دەروونت ڕابهێنە لەسەر لێبوردەیی:

(زاهدی کوڕی سماك) ئامۆژگاریکەری هاروونە ڕەشید جارێکیان هاوڕێیەکی پێی وت: سبەینێ وادەمان بێت لەنێوان من و تۆدا گلەیی و سەرزەنشتکردنێکی زۆر دروستدەبێت. زاهیدیش وتی: نەخێر، سبەینێ لەنێوان من و تۆدا چاوپۆشین و لێبوردەی هەیە.


دروشمتان ئەم دێڕە بێت:

**ئەگەر خۆشەویستێکت جارێك هەڵەیەکی بەرامبەر کردیت**

**ئەوا چاکەکانی هەزارجار تکاکارن و شەفاعەتی بۆ دەکەن**

**باشە سەرزەنشتکردن بۆچی؟!**

زۆر کەس دەیەوێت هاوڕێ و هاوکارەکەی کەسێکی بێ هەڵە و کەم و کووڕی و بێ تاوان بێت. ئایا چاوپۆشی کردن و لێبوردەی لەپێشتر و چاکتر و پاکتر نییە بۆ دڵ؟ ئایا جوانی ژیان لەوەدا نییە کە لێبوردەبیت بۆ ئەو هەڵانەی بەرامبەرت دەکرێن؟ ئایا سەرزەنشتکردن و زەقکردنەوەی هەڵەکان نابنە هۆی شێواندنی دەروون و پچڕاندنی پەیوەندییەکان؟!



٤- قبولکردنی داوای لێبوردن ( پۆزش هێنانەوە):

• هەندێك شت وەك پەتی سێدارە وەهایە:
ئەو کەسانەی چێژ وەردەگرن بە ڕەتکردنەوە و قبوڵ نەکردنی داوای لێبوردن و پۆزش هێنانەوە و، کەم و کورتییەکانی ئاشکرا دەکەن و، هەڵەکان گەورە دەکەن، واقیعی ئەوانە دەڵێت:

*پۆزش هێنانەوە قبوڵ ناکەین و چاوپۆشی لە هەڵەکان ناکەین.*

بەڕێوەبەری خانەی زانا و ڕۆشنبیران چووە هۆڵی کۆبوونەوەوە تاکو ڕێنمایی ئامۆژگاری بە زانا و ڕۆشنبیرەکان بڵێتەوە، وتی:( لەسەر کەسی ئاقڵ و هۆشمەند پێویستە کە داوای لێبوردنی کەسێك قبوڵ بکات کە لەسەر هەڵەیەك کە لەڕابردوودا ئەنجامی داوە، یان کەم و کورتییەك کە پێشتر نواندوویەتی، سەرەڕایی قبوڵکردنیش بەشێوەیەك هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات کە هەرگیز هەڵە و تاوانێکی نەکردووە).

• **پۆزشی بەرامبەرت قبوڵ بکە:**

(عبداللەی کوڕی موبارەك) بە وتنێکی بەهێز و بەشێوازێکی کاریگەر ڕایدەگەیەنێت کە: (ئیماندار داوای لێبووردن وەردەگرێت و، دووڕووش

هەڵەکانی بەرامبەر وەردەگرێت. بۆیە جارێکی تر بە بیروبۆچوونی خۆتدا بچۆرەوە، ئەو کەسەی داوای لێبوردن دەکات لە دوو ئەگەر و حاڵەت بەدەر نییە: یان ڕاستگۆیە لە لێبوردنەکەیدا یان درۆ دەکات، ئەگەر ڕاستگۆ بوو ئەوا شایانی لێبوردنە، چونکە خراپەی خەڵك لەوەدایە هەڵەکانیان باسبکەیت و خراپەکانیان دانەپۆشیت، ئەگەریش درۆی کرد ئەوا پێویستە لەسەر هەموو کەسێك کە هەڵە و درۆی کەسی لێبوردەکەری زانی کە بە ملکەچی و زەلیلی داوای لێبوردن دەکات ئەوا سزای نەدات لە هەڵەیەك و تاوانێکی ڕابردووی، بەڵکو سوپاسی بکات کە ئێستا کارێکی چاك دەکات کاتێ هاتووە داوای لێبوردن بکات، هەروەها عەیب و کەموکورتی نییە بۆ کەسێك کە بەوشێوەیە داوای لێبوردن لە براکەی بکات).

داوای لێبوردنی ئەو کەسانە قبوڵ بکە کە دێنە لات بۆ لێبوردن
کاتێ هاتووە بۆلات گوێی مەدەرێ ڕاست دەڵێت یان درۆ
کاتێ ڕێزت لێدەگرێت و دەیەوێت ڕازیت بکات با بە سەرزارەکیش بێت
لەبەر خاتری تۆ هاتووە با بە شاراوەییش بە خراپ باسی تۆ بکات.

- قبولکردنی داوای لێبوردن شتێکی زۆر جوانە:

هەروەها واز لە مشتومڕ و دەمەقاڵێ بهێنە وەکو (سەعیدی کوڕی موسەییەب) دەڵێت: (هیچ کەسێکی ڕێزدار یان زانا یان خاوەن

پلەوپایەیەك نییە، مەگەر هەڵە و کەم و کورتی هەیە، بەڵام هیچ کەسێکیش نییە حەز بکات هەڵە و کەم و کورتییەکانی باس بکرێت و پێی بوترێت. ئیتر ئەو کەسە زانا بێت، یاخود کەسێکی خاوەن پلەوپایە و بەڕێزیش بێت).

(ئەبو قودامەی مەقدیسی) دەڵێت: منیش بۆ ئەو شتە بانگت دەکەم کە ئەوەیە ئەو شتە باس نەکەیت و بێ (مافەکانی برایەك بەسەر براکەیەوە دەنگ بیت کە براکەت پێی ناخۆشە، مەگەر کاتێك هیچ بیانویەکت نەبێت بۆ بێدەنگ بوون، لەوکاتەدا دەبێت چاکە بکەیت یان ڕێگری لە خراپە بکەیت).

• **کەسێك ماڵی لە شووشە بێت:**

چوار کەس چوونە ناو یەکێك لە مزگەوتەکانەوە تاکو یەکی دوو ڕکات نوێژ بکەن، هەریەکە و نوێژەکەی بە ملکەچی و خشوعەوە دەست پێ کرد، پاشان بانگبێژ هاتە ژوورەوە.

یەکێك لەو چوارە وتی: کاکی بانگبێژ ئەگەر بانگ دەفەرموویت ئێستا کاتییەتی.

دووەمیشیان وتی: ئەوە قسەت کرد؟ خۆ نوێژەکەت بەتاڵ بووەوە.

سێیەم کەس وتی: هاوڕێکەم! بۆچی لۆمە و سەرزەنشتی ئەو دەکەیت، لۆمەی خۆت بکە.

چوارەمیشیان هاتە قسە و وتی: سوپاس بۆ خوا... من نەکەوتمە ئەو هەڵەیەی کە هاوڕێکانم تێی کەوتن!.

هەر بەمشێوەیە نوێژی هەر چواریان هەڵوەشایەوە و بەتاڵ بووەوە، لەبەرئەوەی باسی هەڵە و کەم و کووڕی بەرامبەریان کرد، ئەوان کە باسی هەڵەکانی یەکتریان کرد زیاتر سەریان لێشێوا و خۆیان گومڕا کرد، خۆشبەختترین کەس ئەو کەسەیە کە تەنها خۆی سەرقاڵ بکات بە هەڵەکانی خۆیەوە و هەڵەی خۆی ببینێت.

**ئەم دەستەواژەیەی خوارەوە بە گرنگییەوە سەیری بکەن و لەبەری بکەن:**

قرطبی دەڵێت: بۆ هەر هەڵەیەکی براکەت حەفتا پۆزش (عوزر) بهێنەرەوە، ئەگەر دڵت ڕێی پێ نەدایت بۆ ئەو کارە ئەوا پێی بڵێ: بۆ چوویت بەقیندا و هێندە دڵڕەقیت؟ ئەو حەفتا جار پۆزش دەهێنێتەوە ئایا تۆ ئامادەنیت پۆزشێکی ئەو قبوڵ بکەیت؟! کەواتە تۆ تاوانباریت و هەڵە لە تۆیە نەک ئەو!

**• هەڵوێستەیەک:**

حەکیمێک لە حەکیمەکان کۆمەڵێک هاوڕێی هاتن بۆ سەردانی، هەواڵیان لەبارەی هەندێ هاوەڵییەوە بۆ گێڕایەوە حەکیمەکەش بە هاوڕێکانی وت: ئەم سەردانەتان پوچەڵ کردەوە و سێ تاوانتان تووشی من کرد: براکەمتان کەم نرخ و بەها کرد لای من، بەبێ هۆ دڵم سەرقاڵ بوو و مەشغوڵتان کرد، دەروونێکی ئارام و هێمنتان تاوانبار کرد.



**٥- چارەسەری تووڕەبوونت بکە:**

**• وشەیەکی ژیرانە:**

خاوەنی کتێبی ((ژیانت نوێ بکەرەوە)) دەڵێت:

(لەگەڵ بوونی خوو ڕەوشت و سروشتی تایبەتی هەر کەسێکدا، بەڵام زۆربەی خەڵک سیفەتە دژەکانی وەکو: تووڕەیی و هێمنی، پەلەپەل و لەسەرخۆیی، دڵتەنگی و دڵپاکی تێدایە، مەگەر کەسێک پەیوەستی و پەیوەندییەکی زۆر هەبێت لەنێوان بڕوابەخۆبوونیدا و ئارامگرتنی لەگەڵ کەسانی تردا و لەهەڵەکانیان چاوپۆشی بکات.

کەسی گەورە و بەهێز کە هەوڵدەدات بە پلەکانی بەرەو کامڵبوون هەنگاو بنێت و سەربکەوێت ئەوا! کەسێکی سنگ فراوانە و خەون و هیوای دوور مەودای هەیە، لێبوردەیە بەرامبەر خەڵکی و بیانوو دەهێنێتەوە بۆ هەڵەکانیان، ئەگەر کەسێك قسەیەکی پێ وت، یان نەزانییەکی بەرامبەر نواند، یان هەوڵی بریندارکردنیدا ئەوا! لە گەورەیی و ڕێز و بەهای خۆیەوە سەیر دەکات و لێی دەبورێت، هەر وەکو سەیرکردن و ڕوانینی زانا و فەیلەسوفێك بۆ کۆمەڵێك منداڵ کە لەڕێگادا بەردی تێبگرن، ئایا کەسێك لە ڕێز و گەورەیدا خاوەنی دوڕڕ و مرواری گرانبەها بێت ئاوڕدەداتەوە لە هەندێك ئازاری کەمی زیخ و وردە بەرد؟ بێگومان نەخێر... هەر سووکایەتی و بێ نەزاکەتییەك کە دەوترێت بە توندی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی کە وتویەتی و ئەنجامی داوە، پێش ئەوەی بگاتە ڕاڕەو و گۆڕەپانە فراوانەکانی بەڕێزی و گەورەیی کەسایەتی.

## چەند ڕاسپاردەیەکی پێویست بۆ چارەسەری تووڕەبوون

♦ **ڕاسپاردەی یەکەم: یادکردنی خوای گەورە:**

ئەگەر تووڕە بوویت ئەوا ڕاستەوخۆ بێ وەستان یادی خوای گەورە بکە، بە هەریەکێك لە زیکرەکانی سبحان الله یان أستغفرالله... هەتاکو حاڵی شەیتان وای لێدێت کە وەڕس و بێزار دەبێت و دەچێتەوە حاڵی نائومێدی و خەم خواردنی خۆی.

خوای گەورە دەفەرموێت: (واذكر ربك إذا نسيت) عیکرەمە دەڵێت: ( واتە کاتێك تووڕە بوویت).



تاکو بەردەوام لە چاکەدا بژیت و هەمیشە هەوڵی باشترین چاکە بدەیت، ئەمەش بەهۆی یادی خوای گەورەوە دەستگیر دەبێت.

خوای گەورە لە ئەثەرێکدا دەفەرمووێت: (ئەی نەوەی ئادەم یادم بکە کاتێ تووڕەیت، یادت دەکەم کاتێ تووڕەم، تاکو لەناونەچیت وەکو ئەوانەی لەناو چوون).

♦ ڕاسپاردەی دووەم: سزای کەس مەدە:

ئیمامی ئەبو حامیدی غەزالی دەڵێت: هەرکەسێك بترسێت لە سزای خوای گەورە و بڵێت دەسەلاّت و توانای خوای گەورە بێ ئەندازە گەورە و فراوانترە بە بەراورد بە توانای من بەسەر ئەم کەسەدا (ئەو کەسەی لە تووڕە بووندا ویستت سزای بدەیت)، ئەگەر تووڕەبوونی خۆم بخۆمەوە و خۆم بگرم بەرامبەر ئەو کەسە، ئەوا ئومێد دەکەم خوای گەورەش لە


قیامەتـدا لـە تووڕەبـوونی خـۆی بمپارێزێـت؛ کاتێـك کـە پێویسـتم بـە بەخشندەیی و لێخۆشبوونی خوای گەورەیە.

هەروەها لە ئینجیلدا نوسراوە کە خوای گەورە دەفەرموێت: (ئـەی نـەوەی ئادەم یادم بکە کاتێك تووڕەیت، یادت دەکەم کاتێك تـووڕەم، تـاکو لـەناو نەچیت و نەفەوتێیت وەکو ئەوانەی لەناوچوون و فەوتان).

**شتێکی سەیر و سەرسوڕهێنەر:**

لەناو بەنو ئیسرائیلدا هەر پادشا و دەسەڵاتدارێك هەبوبێت ئەوا کەسێکی زانا و حەکیمی لەگەڵدا بووە، هەرکاتێك دەسەڵاتدارەکە تووڕە ببوایە ئـەوا حەکیمەکـە دەفتـەر و نوسـراوێکی دەدایـە کـە تێیـدا نوسـرابوو: سۆز و بەزەییت هەبێت بەرامبەر هەژارەکان، ترسی مردنت هەبێت و، بـیری ڕۆژی دوای بکـە.. ئـەویش کاتێـك ئەمانـەی دەخوێنـدەوە هـێمن دەبـووەوە و تووڕەییەکەی نەدەما.

کەواتە ئێستا تۆش دەفتەرەکەت بەوشێوەیە پڕ بکەرەوە کە دەتەوێت.



♦ ڕاسپاردەی سێیەم: حاڵ و شێوازەکەت بگۆڕە:

ئەگەر دانیشتوویت ئەوا بوەستە بە پێوە، ئەگەر وەستابوویت ئەوا دابنیشە.

لەبەرئەوەی گۆڕینی ئەو شێوەیەی تێیدایت (ئەگەر بۆ کەمێکیش بێت) ئەوا دەبێتە هۆی هێمن بوونەوە و نەمانی توورەییەکەت.



♦ ڕاسپاردەی چوارەم: با هەمیشە براوە بیت و قازانج بکەیت:

بەخێرایی برۆ بەرەو ڕووی ئەو چاکە و پاداشتەی کە چاوەڕوانتە و ئەو پلەو پایەیەی کە بۆت ئامادە کراوە، ئیتر بەسێتی شکاندنی دڵی کەسەکان، بەسێتی تۆراندنی دەروونەکان، ئیتر پێویستت بە لێبوردەیی و هێمنی و لەسەرخۆیی هەیە، ئەم ئامۆژگارییە دیارییە بۆ تۆ: ( توورەبوونت کۆت و بەند بکە بە زنجیرەیەکی یەك لە دوای یەك لە میهرەبانی وەکو سەگ و پشیلە هەتاوەکو ڕاوی بنێیت ئەو دوور دەکەوێتەوە تۆش بە هەمان شێوە لەگەڵ توورەبووندا هەڵسوکەوت بکە)، لەکتێبی (وازبهێنە لە

دڵەڕاوکێ و دەست بەژیان بکە) بەڕێگەیەکی زۆر ناوازە باسی ئەوە دەکات
کە وازبهێنە لە دڵەڕاوکێ و دوودڵی و دەروونت بەسەنگینی ڕابگرە...
بزانە کە بازرگانان و پیاوانی کار ئەوانەی کە نازانن چۆن دڵەڕاوکێ و دوو
دڵی خۆیان نەهێڵن و زاڵ ببن بە سەریدا ئەوا بڕیاری مردنی پێشوەختەی
خۆیان داوە.



بۆ ئەوەی بەسەر دڵەڕاوکێ و دوو دڵی خۆتدا زاڵ ببیت، ئەوا وەڵامی ئەم
پرسیارانە بدەرەوە و وەڵامەکانیش تۆمار بکە:

١- کێشەکە چییە؟

٢- هۆکاری کێشەکە چییە؟

٣- چارەسەر چییە؟

٤- ئایا باشترین چارەسەر کامەیە؟

***

ڕاسپاردەی پێنجەم: بیر لە داماتوویەکی بەختەوەرانە بکەرەوە:

پاش ئەوەی هەندێك كات بەسەر توورە بوونەكەتدا تێدەپەڕێت، جا كاتژمێرێك بێت یان ڕۆژێك یاخود مانگێك ئەوا لەو هەڵوێست و توورەبوونەت ڕابمێنە بزانە ئایا قازانجت كردووە یان زیان؟ ئەوكاتە بە چاوی عەقڵ نەك بە بینینی توورەیی بڕوانە و بیربكەرەوە لەو وێنە ناشیرینەی لە كاتی توورە بوونەكەتدا نواندووتە، ڕابمێنە لە ناشرینی توورەیی كە خاوەنەكەی دەچوێنێت بە گیاندارێكی دڕندە و ناشیرین.

هەروەها هێمنی و لەسەرخۆیی و ئەو كەسەی زاڵ دەبێت بەسەر توورەبووندا خاوەنەكەی دەچوێنێت بە سیفەتی پێغەمبەران (س) و زانایان و پیاوچاكان و حەكیمەكان، تۆش خۆت بڕیاربدە و ئەوە هەڵبژێرە كە ئایا دەتەوێت خۆت بچوێنیت بە گیاندارێكی دڕندە و لە لای خەڵك نەخوازراو، یان خۆت دەچوێنیت بەهەڵسوكەوت و ئاكاری پێغەمبەران و زانایان و بە پەیڕەویكردنی ئەمانە؟

بیربكەرەوە بەهەڵسوكەوتكردنی كامیان لە ئارامی و ئاسوودەیی دڵ و عەقڵدا دەمێنیتەوە؟



کاتی ئەوەیە باش بیربکەیتەوە لەو کاتە سەخت و دژوارەی کە پێغەمبەر (د.خ) لە جەنگی ئوحوددا لەلایەن بێ بڕوایانەوە ڕووبەڕووی هەوڵی کوشتن بووە، لەو کاتە سەختەدا سەیرێکی هاوەڵانی بەڕێز و خۆشەویستی کرد بینی چۆن خەڵتانی خوێن بوون و خۆیشی ڕوخساری پیرۆزی بریندارە و ددانی پیرۆزی کەوتووە، لەو کاتی سەختی و تەنگانەیەدا سۆز و میهرەبانی باڵی کێشا بەسەر هەموو شتێکدا و بە دەروونێکی بەرز و پایە بڵندەوە دوعای کرد و فەرمووی: پەروەردگارا ڕێنموونی گەل و قەومەکەم بکە ئەوان کەسانێکی نەزانن.

***

## ڕاسپاردەی شەشەم: خۆت بپارێزە لە داهاتووەیەکی دوژمنایەتی و تۆڵەسەندنەوە:

پێویستە مرۆڤ خۆی بپارێزێت لە ئاکامی دوژمنایەتی و تۆڵەسەندنەوە و، هاندانی دوژمن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی و، هەوڵدان بۆ لەناوبردنی شتومەك و پێداویستییەکانی و، هەست نەکردن بە دەردەسەرییەکانی، چونکە خۆی لەخۆیدا بێ دەردەسەری نییە. هەروەها خۆی بترسێنێت لە ئاکامی تووڕەیی لەدنیادا؛ ئەگەر لەڕۆژی دوایی نەترسا، ئەمەش بۆ جڵەوگرتنی ئارەزووی بەسەر تووڕەبووندا، کە تووڕەبوون لەو کردەوانە نییە لەڕۆژی دواییدا پاداشتی لەسەر وەربگرێت، لەبەرئەوەی مرۆڤ دوودڵە بەرامبەر هەنگاوەکانی و، پەلەدەکات لەپێشخستنی هەندێکیان بەسەر هەندێکی

تردا، بۆیە دەبێت ئاگاداری ئەوەبێت کە زانست و کرداری لێ تێک نەدات و، ئەوەی کە پێی هەڵدەستێت با لەڕۆژی دواییدا پاداشتی لەسەر وەربگرێت.



***

**ڕاسپاردەی حەوتەم: هۆکاری سەرەکی و حەقیقی بزانە:**

بیربکەرەوە ئەو هۆکارە چییە کە ڕێگریت دەکات لە خۆخواردنەوە و زاڵبوون بەسەر تووڕەییەکەتدا؟ بیریشت نەچێت شەیتان وەسوەسەت بۆ دەکات کە ئەو خۆخواردنەوەیە و زاڵبوونەت بەسەر تووڕەبوونتدا بە بێدەسەڵاتی و لاوازت دەردەخات، یان لاوازی کەسێتیە بۆیە ئاگاداربە! عومەری کوڕی خطاب کەسێکی سەرخۆشی بینی ویستی بچێت بۆی و سەرزەنشتی بکات، کابرای سەرخۆش جوێن و قسەی ناشیرینی پێ وت، ئیمامی عومەر وازی لێ هێنا و گەڕایەوە و ویستی بڕوات، وتیان ئەمیری بڕواداران بۆچی وازت لێهێنا کە ئەو جوێن و قسەی ناشیرینی پێ وتیت؟ ( وتی: لەبەرئەوەی کە سەرزەنشت کردن و تووڕەبوونم لەبەر دەرروونی خۆم

دەبوو کە قسەی پێ وتبووم، منیش حەز ناکەم لە موسوڵمانێك بدەم و سەرزەنشتی بکەم لەبەر پارێزگاری لە خۆم).




***

**ڕاسپاردەی هەشتەم: شێوازی بیرکردنەوەت و باری دەروونیت بگۆڕە:**

زۆرجار عەقڵی مرۆڤ لە کاتی تووڕەبووندا هۆشیاری و ئاگای خۆی لە دەست دەدات. بۆیە لەو کاتەدا چاوی خۆت دابخە و هەوڵبدە و بیربکەرەوە وەکو نموونە لە ژمارەی موبایلەکەت و ژمارەکەی خۆت بڵێ، یان بیربکەرەوە و خەیاڵی وشەیەکی خۆشەویستی و کاریگەر بکەرەوە، ئەگەر ئەم ڕاهێنانەت بە باشی ئەنجامدا. ئەوا واز لەم تووڕەبوونەت دەهێنیت، چونکە ناتوانین لەیەك کاتدا بیر لە دوو شتی جیاواز بکەینەوە، بەمەش بۆ هەندێك کاتیش بێت ئەو ڕاڕایی و دوو دڵییەت نامێنێت و

ئەمەش هەلێکی ترت پێ دەبەخشێت و دەبێتە هۆی کەمبوونەوە و نەمانی ئەو هەڵوێستەی کە بێزاری دەکردیت و، زاڵ دەبیت بەسەر ئەو باروحاڵەدا.



***

**ڕاسپاردەی نۆیەم: خاوەنی دەروونێکی مەزن و شکۆداریە:**


محەمەد غەزالی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: هەستکردنی مرۆڤ بەسەنگینی و شکۆمەندی ناخی خۆی و، بەپێشینەی کارەچاکەکانی و، پاراستنی ناموسی و، دژی هەموو خراپەیەك و قسەیەکی هەڵبەستراو کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە و، هەستکردنی بە کەم بایەخی و کەم نرخی ڕکابەرەکانی، کە بێدەسەڵات و نەتوانان بۆ لەناوبردنی، یاخود نەتوانینی ئەوەی کە خۆی زەبریان پێ بگەیەنێت؛ هەموو ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی

که دەروونێکی هێمن و ئارام و لەسەرخۆی هەبێت و، تووڕەبوونی تێدا کەم دەبێتەوە؛ ئەگەر کەسێك خراپەی بەرامبەرکرد.



چرپەیەک:

کەسێك جوێن و قسەی ناشیرینی بە (وەلیدی کوڕی ئەبی خیرە) دا، وەلیدیش وتی: (ئەوە دەفتەری کردارەکانی خۆتە چۆنت دەوێت ئاوەها پڕی بکەرەوە).




## کتێبخانەی pdf ›

CLOSED GROUP · 121K MEMBERS

+ Invite

Announcements | Watch Parties | Pho

# هەندێک کەسایەتی خاوەن کاریزما

ئەو کەسانەی ژیانسازییان کرد و، شوێن پەنجەی خۆیان بەجێهێشت

# هەندێك كەسایەتی خاوەن كاریزما

## ئەو كەسانەی ژیان سازییان كرد و شوێن پەنجەی خۆیان بەجێهێشت

### ١- مالكۆلم ئێكس



**لەدایكبوونی:**

لە (١٩/مایسی ١٩٢٥ز) لە دایكبووە و، لە (شوباتی ١٩٦٥ز)دا وەفاتی كردووە.

هەر لە لەدایكبوونیەوە ناوی (مالكۆلم لیتل)ی وەرگرتووە، هەروەها بەناوی (حاجی مالیك شاباز)یش ناسراوە.

بانگخوازێكی ئیسلامی و بەرگریكارێكی مافی مرۆڤ بوو لە ئەمەریكا، ڕەگەزەكەی لە بنەچەی ئەفریقییە (ئەفریقی ئەمەریكی)، ڕێڕەوی جووڵاندنەوەی بزاوتی ئیسلامی لە ئەمەریكا ڕاست كردەوە كە تووشی لادانێكی زۆر لە عەقیدە و بیروباوەڕی ئیسلامیدا بووبوو، بانگی كردن بۆ بیروباوەڕی ڕاستەقینەی ئیسلام، لەسەر ئەمەش زۆر ئازاری گرت هەتاوەكو لەسەر بەرگریكردن لە بانگەوازەكەی تیرۆر كرا.

## پێکدادانەکانی سەرەتای ژیانی:

کاتێك لەدایکبوو ناکۆکی و پێکدادانێکی ڕەگەزپەرستی لەنێوان سپی پێست و ڕەش پێستەکاندا لە ئەمەریکا زۆر هەبوو.

مالکۆلم لەسەر ڕق لێبوون و کینە لە دڵی بۆ سپی پێستەکان گەورە بوو، لە قوتابخانە دەرکرا سەرەڕایی ئەوەی کە زیرەکیش بوو، پاشان چوو بۆ شاری (نیویۆرك) لەوێ ژیانێکی ئارەزووبازی و تاوانکاری و بێ سەروبەرەیی دەژیا، تاکو لە بیست ساڵیدا لەسەر ئەو خراپەکارییانەی تووشی بەندیخانە بووەوە و بەندکرا، لە بەندیخانەدا ژیانی گۆڕانی بەسەردا هات و، تێیدا ئاینی ئیسلامی وەرگرت و کۆمەڵێك کتێبی لەسەر ئاینی ئیسلام خوێندەوە. لە ژیانی بەندیخانەدا سوودێکی زۆر گەورەی وەرگرت و، چەندین کتێبی کەسە گەورە و ناودارەکانی خوێندەوە کە ئەو دەرفەتە بۆ کەسی تری وەکو ئەو هەڵنەکەوتبوو کە بییانخوێنێتەوە، هەروەها فێری هونەری گفتوگۆکردن و چاوپێکەوتن و ڕووبەڕووبوونەوە بوو لەگەڵ سەختی و ناخۆشی زینداندا.

مالکۆلم ئێکس بووە پاڵەوانێکی ئازا و لێهاتوو کە داکۆکی لە مافی ڕەشپێستەکان دەکرد، بۆیە لەلایەن سپی پێستەکانەوە کە تاوانی زۆر قێزەونیان بەرامبەر ڕەش پێستەکان ئەنجام دەدا ڕووبەڕووی تۆمەتی زۆر دەکرایەوە، بۆیە دوژمنەکانی و ئەوانەی کە ڕقیان لێی بوو، بە

بانگەشەکردن بۆ ڕەگەز پەرستی و پایەبڵندی و زاڵبوونی ڕەش پێستەکان و هەوڵدانی توندوتیژی تۆمەتبارییان دەکرد.

بەوە وەسفی مالکوڵم ئێکس دەکرێت کە یەکێکە لە گەورەترین کەسایەتی ئەفریقی ئەمەریکی و لە هەموویان کاریگەری زیاتری هەبووە لە مێژوودا.

**دەرچوون و ڕزگاربوونی لە زیندان:**

مالکوڵم ئێکس دوای دەرچوونی لە زیندان لەساڵی (١٩٥٢ز)، بڕیاری دا زیاتر شارەزا بێت لە ڕێنماییەکانی ئیلیجا محەمەد[1]، بۆیە چوو بۆ لای براکەی لە (دیترویت)، لەوێ فێری (سوورەتی فاتیحە) بوو، چوو بۆ مزگەوت و کاریگەر بوو بەخووڕەوشتی موسوڵمانان، لە مزگەوتەکەدا دوو دەستەواژە زۆر سەرنجیان ڕاکێشا یەکەمیان دەڵێت: (ئیسلام: سەربەستی، دادپەروەری، یەکسانی)، ئەوی تریش لەسەر ئاڵای ئەمەریکا نوسرابوو: (بەندایەتی، ئازار، مردن).

مالکوڵم ئێکس ماوەیەک لە کۆمپانیای (فۆرد)ی ئۆتۆمبێل کاری کرد و دواتر وازی لێهێنا، پاشان بووە کەسایەتییەکی ئاینی و، بەوە

---

[1]) ئیلیجا محەمەد ناوی ئەو کەسایەتییەیە کە لە ئەمەریکادا بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە شوێنکەوتەی کەسێکە بەناوی (فاراد محەمەد) کە گوایە پێغەمبەرە (فاراد محەمەد کەسێکە هیچ شتێکی لە نووسرا و وێنە و...هتد نییە و پێدەچێت کەسێتییەکی خەیاڵی بێت)، گرووپێکیان دامەزراند بەناوی (ئوممەتی ئیسلام لە ئەمەریکا) کورتکراوەی (NOI)، کە هەندێ شتی لابەلایان لە ئیسلامیان هیستبوو و ناوی ئیسلامیان لەخۆیان نابوو، بەڵام بیروباوەڕی سەیریان تێکەڵکردبوو، لەوانە باوەڕیان بە دوو خودا هەبووە یەکیان ڕەش و ئەویتر سپی، کە خوای ڕەش خوای چاکە بووە و، خوای سپی خوای خراپە بووە و، باوەڕیان بە تەورات و ئینجیل هەبووە هاوشان لەگەڵ قورئاندا، هەروەها چەندین بیروباوەڕی سەیری تر. (وەرگێڕ).

جیادەکرایەوە کە توانایەکی زۆر باشی هەبوو بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ خەڵکیدا و تێگەیاندنیان، بۆیە لەسەردەستی ئەم زۆرێک لە ڕەش پێستەکان ڕێنموونی و هیدایەتیان وەرگرت و، سەردانی زۆرێک لە شارە گەورەکانی کرد، مەبەست و خەمی سەرەکی جووڵانەوەی (ئوممەتی ئیسلام لە ئەمەریکا) بوو، بۆیە بۆ کارکردنیش لەو بزوتنەوەیەدا تووشی ڕێگری زۆر بووەوە.

لەساڵی (١٩٥٨ز ) هاوسەرگیری کردووە، خوای گەورە سێ منداڵی کچی پێ بەخشین.

لەکۆتایی ساڵی(١٩٥٩ز) سەرەتای دەرکەوتنی بوو لە ڕاگەیاندنەکانی ئەمەریکادا و، بووە وتەبێژ بەناوی بزوتنەوەی (ئوممەتی ئیسلام)، لەبەرنامەیەکدا دەرکەوت بەناوی: (ئەو ڕق و کینەیەی بەرهەمهێنی ڕق و کینەیە) و، بووە ئەستێرەیەکی ڕاگەیاندنەکان و، پەیوەندی تەلەفۆنی نۆری بۆ دەهات و، لە ڕۆژنامەدا بابەتی بڵاودەکردەوە و، بەشداری زۆرێک لە ڕووبەڕووبونەوە تەلەفزیۆنییەکان و بەرنامەی ڕادیۆیی و ڕۆژنامەکانی دەکرد.

دەزگا ئەمنییەکان چاودێرییان خستەسەر بەتایبەت دوای ساڵی (١٩٦١ز).

لەو ماوەیەدا لە بزوتنەوەی (ئوممەتی ئیسلام)دا دەستیان کرد بەفێربوونی زمانی عەرەبی.

ئیلیجـا محەمـەدیش بـەهۆی ناوبـانگ و زیرەكـی و لێهـاتوویی و توانـای قەناعـەت پێكردنەكەیـەوە؛ مـالكۆلم ئێكســی كـردە ئەنـدامی دەسـتەی بـەڕێوەبردنی بزوتنەوەكـە و، كردییـە ئیمـامی بنكـە و شـوێنی پەرستنی ژمارە (٧) لـە نیویـۆرك. مـالكۆلم توانـای بانگـەوازكردنی زۆر زیـادیكرد و، سەردانی زانكۆكان و پارك و باخچە و زیندانەكان و، ئەو شوێنانەی دەكـرد كە خەڵكی لێی كۆدەبوونەوە، زۆركەس لەسەر دەستیدا موسوڵمان بـوون، یـەكێك لەوانـە یـاریزانی بۆكسـێنی بـەناوبانگ (كـلای)، بۆیـە كەناڵـەكانی تەلـەفزیۆن دەرگایـان بەڕوویـدا كـردەوە و، چـاوپێكەوتن و گفتوگـۆی ڕاستەوخۆی ئەنجامدەدا و، ناوبانگی بەفراوانی بڵاوبووەوە.

## خاڵی وەرچەرخاندن لەژیانیدا:

پاشان گۆڕانی ڕیشەیی لە ژیانی مالكۆلم ئێكسدا ڕوویدا، ئەویش كاتێك بوو كە لەساڵی (١٩٦٠ز – ١٣٧٩ك) سەردانی سعودیەی كرد بە مەبەستی حەج كردن، لەوێ چاوی كـەوت بـە شـێخ و زانایـان و، چـاوی كـەوت بـە مـەلیك فەیصــەڵ و پێــی وت: (بزوتنــەوەی ئوممــەتی ئیســلام لــە دەرەوەی ئیسلامدایە، بەهۆی ئەو بیروباوەڕەیەوە كە بە شتی گومڕایی و بێ بنـەما هەیەتی).

دوای ئەوەی مالكۆلم ئـێكس حـەجی كـرد و زانسـت و زانیـاری زیـادیكرد، سـەردانی هەنـدێك لـە وڵاتـانی وەكـو: میصـر و سـۆدان و حیجـازی كرد، هەروەها چاوی كەوت بە شێخی ئەوكاتی ئەزهەر و، مـوفتی میصـر (شێخ

حەسـەنێن مـەخلوف)، پاشـان گەڕایـەوە بـۆ ئەمـەریکا و جـارێکی تـر موسوڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند و، دەستی کرد بە قۆناغێکی نوێ، کە قۆناغێکی ترسناك و کۆتایی ژیانی بوو.

مالیك شاباز لەساڵی (١٩٦١ز — ١٣٨٠ك) بوو کە گەڕایەوە بۆ ئەمەریکا، دەسـتی کـرد بـە بانگـەوازکردن بـۆ بیروبـاوەڕی ڕاسـتەقینە و، هەوڵیـدا قەناعـەت بـە ئیلیجـا محەمـەد بکـات بـۆ بیروبـاوەڕی ڕاسـتی و چوون بۆ حەجکردن، بەڵام ئیلیجا محەمەد بەتووندی بەرەنگاری بووەوە و تەنانـەت لە بزوتنەوەکەش دەریکرد، مالیك شابازیش کۆمەڵەیەکی نوێی دامەزراند و ناوی نا (کۆمەڵەی ئەهلی سوننە) و، بـەردەوام بـوو لـە بانگـەوازکردن بۆ ئـاینی ئیسـلام، زۆرکـەس هاتنـە نـاو (کۆمەڵـەی ئـەهلی سـوننە)ەوە، لەناویانـدا (والاسـی کـوڕی ئیلیجـا محەمـەد)، ئیلیجـا محەمـەدیش کەوتـە هەڕەشـەکردن لـە مالیـك بـە کوشـتن، بـەڵام هەڕەشـەکردن نەیترسـاند و لەکاری خۆی نەیوەستاند.

ئیلیجا محەمـەدیش دەسـتی کـرد بـە هەڵمـەتی ڕاگەیانـدن لـە دژی مالیـك بەشێوەیەکی توونـد و خـراپ باسکردنی، تاکو خـەڵك لێـی دوور بکەونـەوە، ئـەم هێـرش کـردن و تۆمەتبارکردنـە هـیچ کـاری نـەکردە سـەر مالیـك و سووربوو لەسەر کاری خـۆی، ڕۆژنامـەکانی ئەمـەریکاش لـە هێرشـکردن و تەنگپێهەڵچنینی مالیکدا بەشـدارییانکرد، لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە لەپێشـتردا

کاتێك کە بانگەشەی بۆ ئاینێکی بێ بنەما و بیروباوەڕێکی پووچ و گەندەڵ دەکرد؛ دەرگایان بەڕوویدا کردبووەوە.

**نموونەیەك لە وتەکانی:**

(هیچ کەسێك ناتوانێت ئازادی و سەربەستیت پێ ببەخشێت، هیچ کەسێك ناتوانێت یەکسانی و دادپەروەریت پێ ببەخشێت، مەگەر خودی خۆت هەستیت بە هێنانەدییان و بەدەستهێنانیان).

(ناتوانیت ئاشتی و ئازادی لەیەك جیابکەیتەوە، هیچ کەسێکیش ناتوانێت هەست بکات لە ئاشتیدا دەژی؛ ئەگەر ئازاد و سەربەست نەبێت).

**کۆتایی ژیانی:**

دوای ئەوەی مالکۆلم ئێکس بانگەشە بۆ بیروباوەڕێکی ڕاست و دروست دوور لە خورافیات دەکات، لەلایەن ئیلیجا محەمەدەوە تووشی هەڕەشەلێکردن دەبێتەوە.


تاکو لەبەرواری (٢١/شوباتی/١٩٦٥ز)دا لەلایەن سێ گەنجی ڕەش پێستی توندڕەوی سەر بە بزوتنەوەی (ئوممەتی ئیسلام)، کە ئیلیجا محەمەد ڕابەرایەتی دەکرد، لەکاتی پێشکەشکردنی بابەتێکدا لە زانکۆی نیویۆرك بە فیشەك تیرۆری دەکەن، ڕاستەوخۆ گیان لەدەست دەدات و دەمرێت، کە تەمەنی لە چل ساڵیدا بوو، تیرۆرکردنەکەی خاڵی وەرچەرخاندن و گۆڕانی ڕێرەوی (بزوتنەوەی ئوممەتی ئیسلام) دەبێت، کە زۆر لە

شوێنکەوتووانی وازی لێدەهێنن و پەیوەندی دەکەن بە کۆمەڵەی ئەهلی سوننەوە و، ئاینی ڕاستەقینە دەناسن.

دوای مردنی ئیلیجا محەمەد بیروبۆچوونەکانی بزوتنەوەکەش گۆڕانی بەسەردا دێت و ( والاسی کوڕی ئیلیجا مەحمەد) شوێنی باوکی دەگرێتەوە و، ناوەکەی خۆی دەکاتە (واریس دین محەمەد) و، هەڵدەستێت بەڕاستکردنەوەی بیروباوەڕە هەڵەکانی بزوتنەوەکە و، ناوەکەشی دەگۆڕێت بۆ (بیلال) بەهۆی هاوەڵی بەڕێز ( بیلالی کوڕی ڕەباح)ەوە.

لە ساڵی (١٩٦٥ز) چەندین کەس کە بە دڵی هەڵسوڕێنەرانی شۆڕش و بانگەشەکارانی مافی مەدەنیانەی ڕەش پێستەکان دەناسرێن لە ئەمەریکادا، دێنە سەر ئەو بۆچوونەی کە ئیسلام چارەسەرە بۆ کێشە و ناکۆکی و جیاوازی ڕەگەز پەرستی لە ئەمەریکا.

## ٢- ستيڤ جۆبز



دامەزرێنەری کۆمپانیای ئەپڵ.

ناوی ستیڤ پۆڵ جۆبز لە ویلایەتی سان فرانسیسکۆ لە ئەمەریکا لە بەرواری (٢٤/شوباتی/١٩٥٥ز) لەدایکبووە، لە دایك و باوکێك کە هاوسەرگیرییان نەکردبوو، ئەوانیش (عبدالفتاح الجندلی و جوان شیبل)، بۆیە دواتر درا بەخێزانێکی تر تاکو بەخێوی بکەن و سەرپەرشتی کردنی گرتەئەستۆ، ئەوانیش هەردوو هاوسەر (پول و سکلارا جۆبز).

ستیڤ سەرەتای ژیانی وەکو هەموو منداڵێکی تر دەستپێکرد و چووە قوتابخانە، هەروەها زۆر حەزی بە ئەلکترۆنیات دەکرد، دوای ئەوەی ئامادەیی تەواوکرد پەیوەندی کرد بە زانکۆوە، بەڵام بەهۆی لاوازی لایەنی ماددییەوە وازی لە خوێندن هێنا، بەڵام بە وازهێنانی لە خوێندن وازی لە هەموو شتێك نەهێنا، بەڵکو هەستا بەدروستکردنی پارچەیەکی ئەلکترۆنی کە تایبەت بوو بە یاری و پێشکەشی کۆمپانیای ئەتاری کرد و، توانی لەو کۆمپانیایە وەکو دیزاینەری یارییەکان کار بکات و دەستبەکاربێت.

## سەرەتای کۆمپانیای ئاپڵ:

دوای ئەوەی کە ستیڤ جۆبز لە سالی (١٩٧٠ز) بە ئەندازیاری کۆمپیوتەر ستیڤ وزنیاك گەیشت، هەردووکیان هەولیاندا بۆ دروستکردنی کۆمپیوتەری کەسی، ستیڤ جۆبز توانی پێش دروستکردنی هەندێك بەشی بفرۆشێت بە هەندێك کۆمپانیا و شوێن، بەهۆی ئەوەشەوە بریاریاندا کە کۆمپانیایەك بنیات بنێن بەناوی ئەپڵ (apple) لەسالی (١٩٧٠ز)دا و، گەراجی مالەکەی خۆیان (هی ئەو مالەی کە هەلیانگرتەوە بۆ بەخێوکردن و سەرپەرشتی کردنی) کردە شوێنی کارکردنی کۆمپانیاکەیان، هەروەها ناوی کۆمپانیاکەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە ستیڤ جۆبز حەزی لە میوەی سێو بووە.

کۆمپانیای ئەپڵ سەرەتا بە کۆکردنەوە و بەستنی ئامێری کۆمپیوتەر و فرۆشتنی دەستی پێکرد، ئەویش دوای سالێك لە دەمەزراندنی ئامێری (Apple2)یان دروستکرد، کە بە یەکەم کۆمپیوتەری کەسی دادەنرێت، کە سەرکەوتنێکی گەورەی لە بواری بازرگانی و فرۆشتندا بەدەستهێنا و کۆمپانیای ئەپڵ گەورە بوو، لەسالی (١٩٨٤ز) هەنگاوێکی گەورەی برى؛ کاتێك جۆبز سیستمی (ماکنتۆش)ی دروستکرد، کە بەیەکەم سیستمی نیشپێکردنی سەرکەوتوو دادەنرێت بە رووکارێکی وێنەی و ماوسێکەوە. بیرۆکەی ماوس لەگەل ئەو قەبارە بچووکەی ئامێرەکەدا، پێشتر بەوشێوەیە نەناسرا بوو، ئەم ئامێرە سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا و

ڕکابەری کۆمپانیاکانی ئەنتڵ و مایکرۆسۆفتی کرد، بەڵام ساڵێك بەسەر ئەو سەرکەوتنەدا تێنەپەڕی کە کۆمپانیای ئەپڵ تووشی کێشەی ناوخۆیی بووەوە، ئەویش دوای ئەوەی لەلایەن (جۆن سکوڵی)یەوە (بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پێشووی کۆمپانیای پیپسی)، کە ستیڤ جۆبزی لە کۆمپانیای ئەپڵ دەرکرد، ئەمەش بەهۆی ئەوەی (جۆن سکوڵی) دەسەڵاتی خۆی سەپاندبوو بەسەر تەواوی کۆمپانیای ئەپڵدا.

**دوای وازهێنانی لە کۆمپانیای ئەپڵ:**

ستیڤ جۆبز هەستا بە فرۆشتنەوەی پشکی خۆی بە کۆمپانیای ئەپڵ، کە بە بڕوای خۆی ئەمە شتێکی گونجاوە بۆی و هاندەرێکی گەورەیە بۆی کە بتوانێت کۆمپانیای (Next step) دابمەزرێنێت، دوای ئەوەش ستیڤ جۆبز هەستا بە دروستکردن و بەرهەمهێنانی یەکەم کۆمپیوتەر بەناوی (next)، ستیڤ دەیویست گەشە بەو ئامێرە بدات و لەڕووی هونەریشەوە برەوی پێ بدات، بەڵام لەو کارەیدا سەرکەوتنی بازرگانی پێویستی بەدەست نەهێنا، ئەویش بەهۆی نرخەکەیەوە کە زۆر گران بوو.

جۆبز لەو ماوەیەدا گرنگی دا بە پرۆگرامسازی، برەو و گەشەی بە هەندێك لایەنی هونەریدا کە ئەمەش بووە بنەمایەك بۆ سیستمی ئیشپێکردنی (ماك)ی نوێ.

دوای ئەوە جۆبز لەساڵی (١٩٨٦ز) چووە قۆناغێکی نوێوە، ئەویش هەستا بە کڕینی بەشی وێنە کۆمپیوتەرییەکان لە کۆمپانیای ( لۆکاس فیلم) و

گۆڕیی بۆ کۆمپانیای (پیکسار)ی بەناوبانگ، کە ئەمە بووە هۆی دامەزراندنی یەکێك لە گەورەترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی فیلمی کارتۆنی سێ دووریی، کە چەندین فیلمی سەرکەوتووی لەمێژووی ئەم بوارەدا پێشکەشکرد، ئەویش بەهۆی ئەو گرنگی پێدانە زۆرەی لەڕووی کاری جوان و دیزاینەوە، کە ئەم کۆمپانیایە چەندین فیلمی بەرهەم هێناوەو بەناوبانگترینی (تین توی) کە خەڵاتی گەورەی بەدەستهێنا، هەروەها چەندین فیلمی تر لەوانە: (چیرۆکی یاری، ژیانی مێروو و... هتد)، شایانی باسکردنە کە جوبز لەو ماوەیەدا بووە ملیاردێر لە ساڵی (١٩٩٥ن)دا.

## جارێکی تر گەڕانەوەی بۆ کۆمپانیای ئەپڵ:

دوای ڕۆیشتنی جۆبز کۆمپانیای ئەپڵ هەرەسی هێنا و زیانێکی زۆری کرد، کە سەرۆکایەتی دەستەی بەڕێوەبردن لە نێوان چەندین کەسدا گۆڕانکاری تێدا کرا، تاکو کاتێ (جێڵبرت ئەمیلو) بووە سەرۆکی دەستەی کارگێڕی، ئەویش بیری کردەوە تەنها بەیەك ڕێگا دەتوانرێت کۆمپانیا لەو داڕووخان و زیانە ڕزگار بکرێت؛ ئەویش بە گەڕانەوەی جۆبز بۆ کۆمپانیای ئەپڵ.

جۆبز (١٩٩٥ن)دا وەکو ڕاوێژکار گەڕایەوە بۆ کۆمپانیای ئەپڵ، لە ساڵی دواتر کۆمپانیای ئەپڵ هەستا بە کڕینی کۆمپانیای (next ) بە (٤٠٠ ملیۆن دۆلار)، دوای ئەمەش جۆبز بەشێوەیەکی کاتی بووە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای ئەپڵ.

جارێکی تر کۆمپانیای ئەپڵ دەستی کردەوە بە گەشانەوە، ئەویش بەوەی جۆبز ئامێری (imac)ی پێشکەشی بازارەکان کرد، دوای ئەوە جۆبز لەساڵی (٢٠٠٠)زدا بووە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری هەمیشەیی کۆمپانیای ئەپڵ.

دوای ئەو سەرکەوتنە یەك لە دوای یەکانەی لە بواری کۆمپیوتەردا، ئەپڵ لە بەرهەمێکی جیاواز و دوور لە بواری کۆمپیوتەردا سەرکەوتنی بەدەست هێنا؛ ئەویش لە ساڵی (٢٠٠١ز)دا ئامێری (ipod) لەلایەن جۆبز بەرهەم هات کە ئەمەش هەرچەندە قەبارەیەکی بچووك و دیزاینێکی ناوازەی هەبوو، هەرایەکی گەورەی نایەوە، ئەم داهێنانە یارمەتی (ئەپڵ)ی دا کە تایبەتمەندی و جیاکاری پێ ببەخشێت بە بەراورد بەو کۆمپانیایانەی کە ڕکابەری بوون.

لە ساڵی (٢٠٠٧ز)دا وروژاندنێکی ڕاستەقینەی دروست کرد ئەویش بە داهێنانی موبایلی (iphone) کە ئامێرێکی سادەیە و پێشکەوتووشە، ئەمەش ئەو وەسفە جادوییەیە کە لەگەڵ هەموو بەرهەمە داهێنەرەکانی جۆبزدا گونجاوە، دوای ئەوەش لە ساڵی (٢٠١٠ز)دا ئامێری (ipad) سەریهەڵدا.

جارێك پرسیاریان لە ستیڤ جۆبز کرد کە نهێنی ئەو بیرکردنەوە خەیاڵیانە چییە کە ئەپڵ هەیەتی؟ وتی: (ئەوانەی لە ئەپڵ کاردەکەین تەنها پرۆگرامسازەکان نین، بەڵکو وێنەکێشەکان و شاعیرەکان و

ئەندازیارەکانن؛ کە لە ڕوانگەی جیاوازەوە لە بەرهەمەکە دەڕوانن، لە کۆتاییدا ئەو شتە بەرهەم دەهێنن کە ئەوەتا لەبەرچاوتاندا و سەیری دەکەن).

ئەم وتەیەی جۆبز ئەو نهێنییەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە لە پشتی ئەو سەرکەوتنە ناوازانەوەیە کە کۆمپانیای ئەپڵ پێی دەگات.

## کۆتایی ئەفسانەکە:


لە (٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١١ز) لەماڵەکەی خۆیدا کە تەمەنی نزیک بوو بوووەوە لە (٥٦ ساڵ)ی کۆچی دوایی کرد و گیانی سپارد، دوای ئەوەی شەش هەفتەبوو کە نامەی دەست لەکارکێشانەوەی خۆی وەکو بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای ئەپڵ پێشکەش کردبوو، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە هەستی کردبوو ئیتر ناتوانێت شتی زیاتر ببەخشێت و پێشکەش بکات. کۆمپانیای ئەپڵیش هەواڵی مردنەکەی بڵاوکردەوە و وتی: (سەرۆکە بلیمەت و بەهرەدار و داهێنەرەکەیان دوای ماوەیەکی زۆر لە ململانێی لەگەڵ نەخۆشیدا کۆچی دوایی کرد).

ئەوەش شایانی باسکردنە و دەبێتە شتێکی کتوپڕ بۆ زۆر کەس کە ستیڤ جۆبز بە یەکێك لە سەرکەوتووترینەکانی پیاوانی کار دادەنرێت لە جیهاندا خوێندنی زانکۆی تەواو نەکردووە، دوای ئەوەی لە قۆناغی یەکەمدا دەکەوێت ئەویش واز لە خوێندنی زانکۆ دەهێنێت و دەڵێت: (دوای شەش مانگ هیچ بەهانەیەکم نەدۆزییەوە، هیچ وێنایەکم بۆ دروست نەبوو بۆ ئەو

ئامانجەی کە دەمەوێت لە ژیانمدا بەدەستی بهێنم، هیچ سوودێکیشم لە زانکۆ وەرنەگرت بۆ ئەو ئامانجەی دەمەوێت بەدیبێت، هەروەکو چۆن هەموو ئەو پاشەکەوتەی کە دایک و باوکم تەواوی ژیانیان بۆیان کۆکردبوومەوە خەرجم کرد؛ بۆیە بڕیارمدا ئیتر لەوێدا بوەستم، دەزانم کە ئەو کاتە بڕیارێکی ترسناکم داوە، بەڵام ئێستا دەزانم کە ئەو بڕیارەم باشترین بڕیارم بووە کە لە ژیانمدا داومە.

*** *** ***

## ٢- بیلْ گیتس




دامەزرێنەری کۆمپانیای مایکرۆسۆفت.

بیلْ گیتس یەکێکە لە دامەزرێنەری کۆمپانیای مایکرۆسۆفت، سەروەت و سامانەکەی گەیشتە سەد بلیۆن دۆلار، کە سەرەتا لە کارێکی سادەوە دەستی پێکرد و، بووە کەسێکی دیار لە بواری کار و تەکنەلۆجیادا لە سەردەمی خۆیدا.

جارێك بیلْ گیتس وەلامی مامۆستایەکی دایەوە کە کاتێ تەمەنی بکاتە سی سالْ دەبێتە ملیۆنێر، ئەوەش شکۆی خۆی بەکەمزانی، چونکە کاتی تەمەنی گەیشتە سی و یەك سالّی بووە بلیۆنێر! !

گەشتی هەزار میل لە هەنگاوێکەوە دەست پێدەکات و گەشتی بوونە ملیاردێر لە فکرەیەکەوە دەست پێدەکات.

فەرموون ئێوە و گەشتی بیلْ گیتس کاتێك هەل و دەرفەتەکانی قۆستەوە و بیرکردنەوەکانی گۆڕی، چاوی بڕییە ئامانجەکەی، بەسەر نەیارەکانیدا سەرکەوت و دەستی بەسەر بازاڕدا گرت، بڕیاری دروستی دا و جێگیر بوو لەسەری، دانی نا بە هەڵەیدا تاکو لە ڕیزی پێشەوەی یارییەکە بمێنێتەوە.

## بیلْ گیتس بە منداڵی:

هەر کارێك بمەوێت دەتوانم ئەنجامی بدەم؛ کاتێك هەموو بیرکردنەوەم بۆ ئەو کارە تەرخان بکەم.

## ولیام و ماری دایک و باوکی بیلْ گیتس:

بیلْ گیتس لە (٢٨ی ساڵی ١٩٥٥ز) لە سیاتل لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەمەریکا لەدایك بووە.

لە خێزانێکی دەوڵەمەند کە خاوەنی سندوقی دڵنیایی کە یەکسانە بە یەك ملیۆن دۆلار؛ لە باپیرییەوە (جێگیری بانکی نیشتمانی ئەمەریکا بووە). بەڵام ڕەتی کردەوە کە تەنانەت یەك دۆلاریش بۆ بنیاتنانی خۆی و ئیمپراتۆرییەتەکەی بەکاربهێنێت.

باوکی (ولیام) پارێزەرێکی دیار و ناسراو بوو، دایکی (ماری) فەرمانبەر بوو لە قوتابخانەیەکدا کاری دەکرد؛ کە هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ڕێکخستنی ژیانی بیلْ.

باوکی بە (بیلْ جونیور) بانگ دەکرا، پارێزەرێکی وریا و زیرەك و کاریگەر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بە تەواوی پارێزگاری لە بیلْ و هەردوو خوشکەکەی (کرستین و لیبی) دەکرد.

لە منداڵیدا تاکو پێگەیشتنی حەزی نەدەکرد کاتی بەفیڕۆبدات و کاتی بەتاڵی نەبوو، بیلْ گیتس باسی دانیشتنی ئێوارانی خۆی و خێزانەکەی دەکات کە پڕبوو و، دەورە درابوو بەفێربوونی زۆر شت.

بیلّ کەسێکی زۆر سادەیە، بەڵام لە هەندێك ڕووەوە جیاواز و جیاکراوەیە،
بیرکردنەوە و یادەوەری زۆر نایابە، بەردەوام دەڵێت: هەرکارێك بمەوێت
دەتوانم ئەنجامی بدەم؛ کاتێك هەموو بیرکردنەوەم بۆ ئەو کارە تەرخان
بکەم.

یەکێك لە هاوڕێکانی لە بارەیەوە دەڵێت: (بیلّ لە هەمووومان زیرەکتر بوو،
هەروەها کەسێکی خاکی بوو، کاتێك تەمەنی بچووك بوو (٩-١٠ساڵان)
بوو، بەڵام وەکو گەورەکان قسەی دەکرد، ئەو قسانەی ئەو دەیوت
لەئاستی بیرکردنەوەی ئێمە بەرزتر بوو).

بیلّ گیتس حەزی لە تێکەڵاوبوون بوو لەو چادرگە هاوینەییانەی کە ئامادە
دەکرا و، حەزی لە یارییە وەرزشییەکان بوو بە هەموو جۆرەکانیەوە
بەتایبەتیش مەلەوانی.

بیلّ گیتس زۆر شارەزا و هەڵکەوتوو بوو لە بیرکاری و زانستەکاندا،
خێزانەکەیشی هەستیان بەو توانا و تایبەتمەندییەی کردبوو، بۆیە کاتێك
قۆناغی بنەڕەتی تەواوکرد ناردیانە ئامادەیی (لیك سایدا) کە بۆ
خوێندکارە بەهرەدارەکان و ئاست بەرزەکان بوو.

سیان لە خوێندکارەکان گرنگییان بە کۆمپیوتەر دەدا، ئەوانیش بیلّ
گیتس و ئیفاس و پۆل ئالن کە ئەمەی کۆتاییان دوو ساڵ لە بیلّ گەورەتر
بوو، هەروەها لەگەڵ ئەویشدا کۆمپانیای مایکرۆسۆفتی دامەزراند.

ئەم سێ خوێندکارە زۆربەی کاتەکانی بەتاڵی و ئەو کاتانەی کاریان نەبوو بەرامبەر کۆمپیوتەر دادەنیشتن و کاریان لەسەر دەکرد، تاکو گەیشتە ئەوەی لە مامۆستاکانیان زیاتر لە ئامێری کۆمپیوتەر تێدەگەیشتن، ئەمەش بووە هۆی دروست بوونی چەندین کێشە لەگەڵ مامۆستاکانیاندا، ئەوان وانەکانی خۆیان پشتگوێ دەخست و فەرامۆشیان دەکرد لەبەر ئەم ئامێرە نوێیە.

بیڵ گیتس لە تەمەنی چواردە ساڵیدا هەستا بە نووسینی بەرنامەیەکی بچوک و سادە. کە یەکەم بەرنامەی بوو ئەویش یارییەکی سنووردار بوو؛ کە نووسینی ئەو بەرنامەیەی بە بەرنامەی (بەیسک) بوو.

توانای بۆ نووسینی بەرنامە لە خۆشەویستی و حەزی بۆ زانستی بیرکاری و بۆ زانستی ژیربێژی (علم المنطق). حەزی بیڵ گیتس تەنها ئەوە نەبوو لە بابەتێك و بوارێکی دیاریکراودا زۆر شارەزا و سەرکەوتوو بێت، بەڵکو بەردەوام دەگەڕا بەدوای شتی زۆر باشتردا و دەستی کرد بە خوێندنەوەی ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە کاروباری بازرگانییەوە.

لەساڵی (١٩٦٩ز) بیڵ گیتس و پۆل ئالن کۆمپانیایەکیان دامەزراند بەناوی (کۆمەڵەی پرۆگرامی لیل ساید بۆ کۆمپیوتەر)، ئەمە خاڵی وەرچەرخاندنی ئەم دوو خوێندکارە بوو لە ڕووی زانیاری و لە زۆر ڕووی تریشدا، لەم قۆناغەدا بیڵ بەردەوام بوو لە کارکردن لە بواری بەرنامە و پرۆگرامسازیدا، تاکو لەگەڵ هاوڕێکەی پۆل ئالن (traf-o-data) یان دامەزراند، کە

بریتی بوو لە لە کۆمپانیایەك بۆ فرۆشتنی سیستمێکی کۆمپیوتەری بچووك کە بەرنامەیەکی تێدا بوو بۆ چاودێریکردنی داتاکانی هاتوچۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، ئەم کۆمپانیایە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست نەهێنا، بەڵام بەهۆی ئەوەوە قازانجێکی گونجا و شارەزاییەکی باشیان بەدەستهێنا.

## لەدایکبوونی پرۆگرامی سەرکەوتوو و بەتوانای Microsoft:

دوای تەواوکردنی قوتابخانە چاوەڕێی ئەوە دەکرا کە بیلّ گیتس بچێتە زانکۆی هارڤەرد باشترین زانکۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بۆیە ئەویش هەمان کاری کرد، بەڵام بیلّ گیتس بۆی دەرکەوت کە زۆر باش نییە لە بیرکاریدا لە زانکۆی هارڤەرد، ئەو بڕوای وەها بوو کە: (ئەگەر زۆر باش نەبم لە بیرکاریدا ئیتر بۆچی لەو بوارەدا بەردەوام بم؟)

خاڵی دووەمی وەرچەرخاندنی بیلّ گیتس لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی (١٩٧٤ز) بوو، کاتێك پۆل ئالن سەردانی بیلّ گیتسی کرد و لەو سەردانەدا ژمارەیەکی گۆڤاری (popular nics)ی پێدا، لەسەر بەرگی گۆڤارەکە وێنەیەکی کۆمپیوتەری کەسی تێدابوو بەناوی (ALTAIR 8800)، بیلّ هەستی بەوە کرد کە سەردەمی کۆمپیوتەری تاکە کەسی دەستی پێکردووە کە بڵاوبێتەوە، بۆ ئەوەی هەموو کەسێك ببێتە خاوەنی کۆمپیوتەرێك، ئەمیش دەستی کرد بە بیرکردنەوە بۆ نووسینی پرۆگرام بۆ هەموو هەردووکیان پەیوەندییان کرد بەو کۆمپانیایەی کە دیزاینی

ئەو کۆمپیوتەرەی کێشابوو بە ناوی (MITS) و، خاوەنەکەی ناوی (ED ROBERT) بوو، داوای لە هەردووکیان کرد کە پرۆگرامێکی ئاسان و سادە بۆ ئەو کۆمپیوتەرە دابنێن، ئەوانیش بۆ ماوەی ٨ حەفتە خۆیان خەریك کرد بە دروستکردنی ئەو پرۆگرامەوە کە بەزمانی (BASIC) دروستکرابوو (ROBERTS)یش وتی: ئەمە شتێکی زۆر باشە، بەڕاستی ئەمە دەبێتە خاڵی وەرچەرخاندن بەنیسبەت کۆمپیوتەری تاکە کەسییەوە). ئەمە هۆکاری سەرەکی بوو بۆ لەدایکبوون و دامەزراندنی کۆمپانیای (MICROSOFT)ەوە، کە ناوەکەی لە (MICROCOPUTERSOFTWARE)ەوە وەرگیراوە. دروشمی مایکرۆسۆفت ئەمەیە: (بە کۆڵنەدان و ڕەنجکێشانەوە کاربکە، گەشە بەبەرهەمەکانت بدە، بەرەو پێشەوەی ببە و قازانج بکە). شتێکی تریش هەبوو کە زۆر بە جددی و باشی بەشەو بەڕۆژ کاریان دەکرد و جل و بەرگی کابۆ و تیشێتیشیان لەبەردەکرد.

## بەڕێوەبەرێکی گەنج... جددی و سەرسەخت و ماندوونەناس!:

بیڵ گیتس لەکارکردندا بەرەوپێشەوەچوو، پاشان یەکەم سکرتێری دامەزراندن کە ناوی (میریام لۆپەر) بوو، کاتێك چووە نوسینگەکەیەوە، پەیوەندی کرد بەیەکێك لە کارمەندەکانەوە و گلەیی و گازەندەی ئەوەی کرد کە گەنجێکی تازە پێگەیشتوو و منداڵ لە نوسینگەکەی (بیڵ)دایە و

لەسەر کۆمپیوتەرەکەی بیلە و خۆی خەریك کردووە بە کۆمپیوتەرەکەی(
بیل)ە وە یاری دەکات.
سکرتێرەکە تووشی سەرسوڕمان بوو کاتێك کە کارمەندەکە پێی وت: ئەو
بیلّ گیتس خۆیەتی (بیلّ گیتس زۆر لە تەمەنی خۆی بە بچووکتر
دەردەکەوێت).
کاتێك کە هاوسەرەکەی میریام زانی کە تەمەنی بەڕێوەبەری خێزانەکەی
(٢١ ساڵە). بەخێزانەکەی وت دڵنیای بکەرەوە بزانە مانگێکی تر
موچەکەت بۆ خەرج دەکات یان نا!!
بیلّ گیتس و ئالن بڕیاریاندا کە کۆمپانیاکەیان بۆ شوێنێکی گەورەتر
بگوێزنەوە، تاکو توانای وەرگرتنی کارمەندی زیاتریان هەبێت و کارەکان
فرلوانتر بکەن.
بیلّ گیتس بووە پێشەنگ بۆ سەرجەم کارمەندەکانی لە کارکردن بە
جددی و بە بەردەوامی، بڕوای وەهایە کە: (باشترین فرۆشتن هەبێت
نەوەك هەر فرۆشتنت نەبێت)، بەدرێژای شەو لە نوسینگەکەیدا بوو پیتزای
ساردیشی دەخوارد. ژمارەی کارمەندی کۆمپانیاکەی تەنها (١٣ کەس)
بوو، لە کاتێکدا سەرمایەکەی گەیشتە (یەك ملیۆن دۆلار)، دواتر بیلّ و
ئالن بڕیاریاندا کۆمپانیاکەیان بگوێزنەوە بۆ (سیشل). بیلّ گیتس بە
کۆڵنەدان و بێ ماندووبوون زۆر بە سەختی کاری دەکرد، بۆیە زۆر تووشی
ئاستەنگ و ناخۆشی و دەبووەوە لەگەڵ کارمەندەکانیدا. بیلّ گیتس

کەسێکە زوو تـووڕە دەبێـت و ئـارام ناگرێـت، بۆیـە زۆر بـە خێرایـی ڕووبەڕووی کەسەکان دەبێتەوە، بۆیە بۆ کارمەندەکانی قورسە کە بتـوانن هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەن، هەرچەندە کارەکان لە ئاستێکی بەرز و باشدا ئەنجام بدرێت ئەو دەڵێت: دەبێت بـەرەو پێشـەوە بچێت و گەشـەی پـێ بدەن، تووڕەیی و پەستی بە ڕووخسـارییەوە دەبینرێت؛ کاتێك هەست بکات هەموو ئەو شتانە نابەخشن بە مایکرۆسۆفت کە لە توانایاندایە.

## گەشتی بیل گیتس و مایکرۆسۆفت بەرەو لوتکە و درەوشانەوە:

کۆمپانیای (IBM) داوایەکی خستەبەردەم بیـل و ئـالن بـۆ کـارکردن لـە بەرهەم هێنانی پرۆگرامێکی کارپێکردندا و، (IBM) ئامادەیی دەربڕی بۆ پێدانی ملیۆنـان دۆلار بـەو مەرجـەی بەرهـەمێکی نـاوازە بێـت، بـەڵام بیـل گیـتس ڕازی نـەبوو بەجێبـەجێ کردنـی هـەموو مەرجـەکانیان، بۆیـە بیـل ڕۆیشت بۆلای کۆمپانیایەك کە بەرنامەیـەکی کارپێکردنیـان هـەبوو بـەناوی بەرهەمەکانی سـتیل بـۆ کۆمپیوتـەر نـاوی بەرنامەکـەش (QDOS-86) بوو، مایکرۆسۆفت سەرجەم مافەکانی ئـەو بەرنامەیـەی کڕییـەوە بـە بڕی (بیست و پێنج هەزار دۆلار) و، برەوی دا بە بەرنامەکە و ناوەکەی کرد بە (MS-DOS) و، دواتـر فرۆشـتییەوە بـە کۆمپانیـای (IBM)، ئەمـەش بووە پاسپۆرتی گەشتی مایکرۆسۆفت بەرەو لوتکە و درەوشانەوە.

یەکێك لەو بەسـەرهاتە خۆشانەی کـە بیـل گیـتس باسـی دەکـات: جارێك دەچێت بـۆ گـرنگترین کۆبوونـەوە لـە ژیانیـدا کـە لەگـەڵ کۆمپانیـای

(IBM)ە، بۆ ڕێکەوتنێکی گەورەی بازرگانی (فرۆشتن) کاتێك بیلْ دەزانێت کە بۆینباخی نەبەستووە، بۆیە دەچێت بۆ بازاڕ تاکو بۆینباخێك بکڕێت، بەمەش لە کۆبوونەوەکە دوا دەکەوێت و دەڵێت: (باشترە لە کۆبوونەوەکە دوا بکەوم؛ نەوەك بەبێ بەستنی بۆینباخ بچم بۆ کۆبوونەوەکە)، کاتێك پەیوەندی نێوان (IBM) و مایکرۆسۆفت دەستی پێکرد لەوکاتەدا (IBM) هەزار کارمەندی هەبوو، داهاتی ساڵانەی (٣٠٦ ملیار دۆلار) بوو، لە بەرامبەردا مایکرۆسۆفت کۆمپانیایەکی بچووك بوو کە ٣٢ کارمەندی هەبوو، بڕێکی کەمیشی قازانجی ماددی هەبوو، بەڵام (IBM) بیلْ گیتسی نەبوو.

کارکردنی بیلْ بەردەوام بوو، دەستی کرد بە دروستکردنی بەرنامەی نووسینی (WORD 1.0) و، برەوی پێدا و سەرمایەی کۆمپانیاکەشی گەیشتە (٣,٥ ملیۆن دۆلار) بە ڕیکلام و بەرنامە ئەزموونی و خۆڕاییەکانی.

## کۆمپیوتەر بۆ هەموو ماڵێك و لەهەموو کۆمپیوتەرێکیشدا بەرەوپێشەوە:

بیلْ گیتس ٣٠ کەس لە باشترین پرۆگرامسازەکانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە، لەگەڵ کاتژمێری زیادەی کارکردن لە هەوڵێکدا بۆ داهێنانی ویندۆز، ئەنجامەکان کەدەستیان دەکەوت هیوابڕاو بوون، بەڵام داهێنانی (ماوس) لەو کاتەدا بووە شتێکی زۆرباش و بەردەست و ئاسان بۆ

کارکردن، بۆیە بیڵ گیتس ئارامی زۆری گرت و سووربوو لەسەر ئەوەی هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی کۆمپانیاکە بگەیەنێتە ئەنجام، بۆیە لەکۆتاییدا ویندۆز بەرهەم هات، لەو کاتەدا بیڵ گیتس کەسێکی زۆر بێبەزەیی بوو لە کارکردندا.

لە ساڵی (١٩٨٦ز) مایکرۆسۆفت چووە بازاڕی پشکەکانەوە، پۆل ئالن و بیڵ گیتس بوونە خاوەنی ملیۆنان دۆلار، بیڵ گیتس بووە دەوڵەمەندترینی دەوڵەمەندەکانی ئەمەریکا، بەڵام هەر بەردەوام بوو لە کارکردن لە کۆمپانیای مایکرۆسۆفت، بۆیە جارێکی تر شوێنەکەی گواسترایەوە بۆ شوێنێکی نوێ بۆ پارك لاند تاکو بتوانێت (١٢٠٠ کارمەند) لەخۆبگرێت.

سەرکەوتنی بیڵ بووە هۆی ئەوەی زۆر کەس کێبەرکێ و ململانێی لەگەڵدا بکەن و، تووشی کۆمەڵێك کێشە بوو لەگەڵ کۆمپانیای (APPLE)دا و، کێشەکەیان گەیشتە دادگا، بەڵام گەیشتە ئەوەی کە باشترین بەرنامە و جێبەجێکردنەکانی بۆ ئەو بەرهەمانە بوو کە مایکرۆسۆفت بەرهەمی دەهێنا.

لەساڵی (١٩٩٩ز)دا بیڵ کتێبی (کارکردن و خێرایی بیرکردنەوە)ی نووسی، کە تێیدا ئەوەی ڕوون کردبووەوە کە کۆمپیوتەر چۆن چارەسەری کێشەکانی پەیوەست بە کارەکانەوە دەکات بە ڕێگەی نوێ و داهێنەرانە،

ئەم کتێبە وەرگێڕدراوەتە سەر (٢٥ زمان)ی جیاواز و لە زیاتر لە (٦٠ وڵات)ی جیاوازدا بڵاوبووەتەوە، ئەم کتێبە بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبووەوە و شوێنی لە لیستی زۆرترین فرۆشی کتێبی لە ڕۆژنامەی نیۆرک تایمز، USA تودەی، وۆڵ ستریت جۆرنالٚ و، کۆمپانیای ئەمازۆن)دا گرت.

پێشتریش لە ساڵی (١٩٩٥ز) کتێبێکی بەناوی (ڕێگا بەرەو پێشەوە) بڵاوکردەوە، کە بۆ ماوەی حەوت هەفتە ڕیزبەندی زۆرترین فرۆشی لە لیستی ڕۆژنامەی نیۆرک تایمزدا داگیر کرد. بیلٚ گیتس بڕیاری دا کە هەموو ئەو پارەیەی لەو کتێبەدا دەستی کەوتووە بۆ ڕێکخراوە بێ قازانجەکان خەرجی بکات کە لەبواری هاندان بۆ بەکارهێنانی هونەریی لە فێربوون و بەرەوپێشبردنی توانا و لێهاتووییەکاندا کار دەکەن، هەروەها شایانی باسکردنە کە بیلٚ گیتس وڵاتی میصری دیاریکرد وەك یەکەم سەردانی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەساڵی (٢٠٠٤ز)دا.

هەروەها لەکۆتایی ساڵی (٢٠١٠ز)دا بیلٚ گیتس جارێکی تر سەردانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کرد و وڵاتی ئەردەنی هەڵبژارد و سەردانی شا عەبدوڵای کرد.

بیلّ گیتس لەگەلّ ئەوەدا نییە کە لە ولآتانی جیهانی سێیەمدا توانا و لێهاتوویی نەبێت بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن لە بواری ئامێرەکاندا و، بۆ چارەسەری کێشەکان، ئەمەش لە یەکێك لە چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکانیدا باس دەکات و دەلّێت: (ولآتانی عەرەبی دەولّەمەندنە بە کەسانەی خاوەن بەهرە و شارەزا)، هەروەها دەلّێت: (جیهانی پرۆگرامسازی دەولّەمەندە بە چەندین سوپرایز و شتی کتوپڕ، ئێمە نازانین لە چی ئاراستە و لایەکەوە بیروبۆچوونە مەزن و فراوانەکان سەرهەلّدەدات، من وای دەبینم ئەو شتەی کە گوایە فیکرە و بۆچوونی نویّ بدرێتە پالّ کۆمەلّێك لە خەلّك و کۆمەلّێکی تری لیّ بیّ بەش بکرێت ئەوە هەرگیز شتێکی ڕاست نییە).

بیلّ گیتس یەکێکە لە بەناوبانگترین بەرهەمهێنەرەکان لە بواری کۆمپیوتەری تاکە کەسیدا و، خواستێکی زۆر لەسەر ئامێرەکانی مایکرۆسۆفت هەیە، بەلآم لە سیاسەتی کۆمپانیاکەدا ڕووبەڕووی ڕەخنە و تۆمەتبارکردن و بەرهەلّستی لەگەلّ ڕکابەرەکانیدا بووەتەوە و، داواکان گەیشتوونەتە دادگاکان.

بیلّ گیتس حەزی لە کارکردنە لە بواری کاری خێرخوازیدا و پالّپشتی و یارمەتی پێشکەشی ناوەند و سەنتەرە خێرخوازییەکان و دەزگاکانی

نوێژینەوە زانستییەکان دەکات؛ لە ڕێی دامەزراوەی (بیڵ و ملیندا گیتس) کە لە ساڵی (٢٠٠٠ز) دایمەزراندووە.

بەپێی ئەو لیستەی کە گۆڤاری مۆربس بۆ کەسایەتییە دەوڵەمەندەکانی جیهان ئامادەی دەکات، بیڵ گیتس لە ساڵانی (١٩٩٥ز – ٢٠٠٧ز) ڕیزبەندی یەکەمی گرتبوو، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٨ز) دا پاشەکشەی کرد بۆ پلەی سێیەم.

ئێستا سەروەتەکەی بیڵ بە (هەشتا ملیۆن دۆلار)ی ئەمەریکی دەخەملێنرێت.

## ٤- محەمەد فاتح



سـولْتانی جـەنگاوەر و تێکۆشـەر (محەمـەدی دووەم) کە حەوتەم سولْتانی دەوڵـەتی عوسمـانی بـووە، ناسـراوە بـە (فـاتح) بـەمانای (کردنـەوەی دەرگاکـان یـان خـاوەنی خێـری زۆر)، کـە دوای فـەتحکردنی شـاری قوستەنتینییە نازناوی (ئیمپڕاتۆر – قیصر) بۆ خۆی و سـولْتانەکانی دوای خۆی زیادکرا.

محەمـەد فـاتح بـەو کەسـە دادەنرێت کـە ئیمپڕاتۆرییـەتی بیزەنتییـەکانی کۆتایی پێ هێنا، دوای ئەوەی کە یازدە سەدە بەردەوامی هەبوو.

نزیکـەی سـی سـاڵ حـوکمی کـرد، فتوحـات و ڕزگـارکردنی لـە ئاسیادا بـەردەوام بـوو، مەلیکـەکانی لـە ئەنادۆڵـدا یەکخسـت، چـووە نـاو خـاکی ئەورووپاوە و، تاکو بەلگراد ڕۆیشت.

لـەدیارترین کارەکـانی دەسـەڵاتی بیزەنتـی کـۆنی خستەسـەر دەوڵـەتی عوسمانی و دەوڵەتەکەی فراوانکرد.

## لەدایکبوون و گەورەبوونی:

محەمەد فاتح لە (٢٧ی رەجەبی ٨٣٥ک – ٣٠ی ئازاری ١٤٣٢ز) لەشاری ئەدرنە (پایتەختی ئەوکاتەی دەوڵەتی عوسمانی) لەدایکبووە، لەژێر چاودێری باوکیدا (سوڵتان مورادی دووەم) شەشەم سوڵتانی عوسمانی گەشەی کردووە و گەورە بووە، کە بەچاودێری و فێرکردنێکی زۆرباش پەروەردەی کردووە، تاکو بەتوانا و بەهێز و دامەزراو بێت و هەست بە لێپرسراوێتی بکات، هەموو قورئانی پیرۆزی لەبەرکردووە و زانستی فەرمووده و زانستی فیقهی خوێندووە؛ لەگەڵ زانستەکانی بیرکاری و گەردووناسی و کاروبار و هونەرەکانی بەرگری و شەڕکردن فێربووە، هەروەها فێری زمانەکانی عەرەبی و لاتینی و یۆنانیش فێربووە.

باوکی کردی بە والی ئیمارەتی مەگنیسیا، لەکاتێکدا تەمەنی بچووک بوو، تاکو رایبهێنێت و فێری بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەت و حوکمڕانی بێت، لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی کردنی کۆمەڵێك لە زانا گەورە و ناودارەکانی سەردەمی خۆیدا وەکو نموونەی ئاق شمس الدین و مەلا کورانی، کە یارمەتی زۆریاندا بۆ تەواوکردن و کامڵبوونی کەسایەتی سوڵتانی بچووك و فێرکردنی ئاراستە فیکری و ڕۆشنبیریی ئیسلامی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست.

مامۆستاکەی شێخ ئاق شمس الدین ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە کامڵبوونی محەمەد فاتحدا و، هەر لەمنداڵییەوە دوو کاری گرنگی پێڕاگەیاند و لەسەر

ئەوکارانە پەروەردەی کرد، ئەوانیش: زیادبوونی جوولاندنەوەی جیهاد و تێکوشانی عوسمانی و، پاشان هەموو کات ئەوەی بیری محەمەدی بچووک دەهێنایەوە کە تۆ ئەو ئەمیرە ئاماژە بۆکراوەیت کە لەفەرموودەیەکی پێغەمبەردا (د.خ) دەفەرموێت: ((قوستەنتینییە لەلایەن کەسێکەوە ئازاد دەکرێت کە باشترین ئەمیر ئەو ئەمیرەیە و باشترین سووپاش ئەو سوپایەیە)).

بۆیە محەمەد فاتح ئاواتی دەخواست و بەهیوای ئەوەبوو کە ئەو کەسە بێت کە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (د.خ) جێبەجێ بکات.

بەمجۆرە محەمەد فاتح گەورەبوو بە دەروونێکی بەرزخواز و، غیرەتێکی زۆر و، ڕۆشنبیریی و زانیاری فرەچەشن و، هەست و هۆشێکی فراوان و، بیرتیژ و، ئەدیب و شاعیر و، خاوەنی شارەزایی و زانیاری زۆر سەبارەت بە کاروبارەکانی پەیوەست جەنگ و سیاسەتکردن.

لەگەڵ باوکیشیدا بەشداری لە چەندین جەنگ و شەڕدا کردووە.

## سوڵتان محەمەدی دووەم و گرتنەدەستی دەسەڵات:

دوای وەفاتی سوڵتان مورادی دووەم لە بەرواری (٥ی موحەڕڕەمی ٨٥٥ك – ٧ی شوباتی ١٤٥١ز)، محەمەد فاتح دەسەڵاتی گرتەدەست.

سەرەتا دەستی کرد بە ئامادەکاری بۆ ڕزگارکردنی قوستەنتینییە، تاکو خەونەکەی بهێنێتەدی، لەهەمان کاتدا ئاسانکاری کرد تاکو ناوچەی بەلقان ڕزگار بکات، تاکو دەوڵەتەکەی یەك پارچەبێت و هیچ ناوچەیەك

نەبێت دەوڵەتەکەی دابڕێت و لەیەکتری جیای بکاتەوە و، دواتریش ئەو مژدەیەی پێغەمبەر (د.خ) بهێنێتەدی.

## ئامادەکارییەکانی سوڵتان محەمەدی دووەم بۆ ڕزگارکردنی قوستەنتینییە:

سوڵتان محەمەدی دووەم چ لەڕووی سیاسی و چ لەڕووی سەربازییەوە ئامادەیی تەواوی وەرگرت بۆ ڕزگارکردنی قوستەنتینییە.

لە ڕێکارە سیاسییەکانی پەیماننامە و ڕێکەوتنی ئاگربەست و شەڕ ڕاگرتنی لەگەڵ هەموو دراوسێکانیدا نوێ کردەوە و، پەیوەندییەکی دیاریکراوی دروستکرد لەگەڵ دەوڵەتەکانی بوندوقییە و جەنەوە و صرب و، هەروەها لەگەڵ قەشە یوحەننا و... هتد، ئامانجیشی لەم کارەیدا بریتی بوو لە دابڕینی دەوڵەتی بیزەنتی لە هەموو دراوسێکانی؛ چ لەڕووی سیاسی و چ لەڕووی سەربازییەوە، پاشان محەمەد فاتح زیاتر لە (٢٥٠ هەزار) سەربازی کۆکردەوە و لەسەر وشکانی ئامادەی کردن و ڕوویانکردە قوستەنتینییە، بۆ ماوەی پەنجا و سێ ڕۆژ گەمارۆی شارەکەیاندا. لەو ماوەیەدا بینایەکی سەربازی گەورە و پتەوی دروستکرد و، باشترین کەسانی پسپۆڕ و شارەزای سەربازی کۆکردەوە، لەناویاندا ئەندازیار و پیشەوەرێکی مەجەڕی بوو بەناوی (ئۆربان)، کە شارەزابوو لەدروستکردنی تۆپ و مەدفەعی گەورە و زەبەلاح، کە تۆپ و بەردی ئاگرینی دەگرتە دیوارەکانی قوستەنتینییە.

بیزەنتییەکان ئەوپەڕی توانای خۆیان بەکاردەهێنا تاکو پارێزاری لەشارەکەیان بکەن، بەمەش ژمارەیەکی زۆر لەسەربازە عوسمانییەکان لە پرۆسەی ئازادکردنی شارەکەدا شەهیدبوون.

ئەوەی کە ڕێگری سەرەکی بوو لەبەردەم سوپای عوسمانییەکاندا ئەو زنجیرە زەبەلاح و گەورانە بوو کە بیزەنتییەکان بۆ پارێزگاری لە شارەکەیان دایاننابوو و دروستیان کردبوو، عوسمانییەکان هەوڵیاندا بەشێوەیەکی گونجاو ئەو بەربەستانە ببڕن، بۆیە حەفتا کەشتییان گواستەوە دوای ئەوەی زەوییان بۆ ئامادەکرد و ئامادەکاری تەواویان بۆ کرد، ئەمانەیان لە چەند کاتژمێرێکی کەمدا کرد، پاشان داری زۆریان ئامادەکرد و بە ڕۆن چەوریانکرد تاکو بەئاسانی کەشتییەکان ڕابکێشن بەسەریاندا و دووری سێ میل ببڕن، هەموو ئەمانە لە تەنها شەوێکدا و دوور لەچاوی دوژمن ئەنجامدا تاکو هەستیان پێ نەکرێت. لەهەموو لایەکانەوە بەتەواوی گەمارۆی شارەکە درا و ئامادەکاری تەواوبوو.

لەدیارترین ئامادەکاری کە بۆ ڕزگارکردنی شارەکە کردیان دروستکردنی تۆپ و مەدفەعێکی زۆر گەورە و عیملاق بوو کە تاکو ئەوکاتە ئەورووپا شتی وەهای بەخۆیەوە نەبینی بوو، هەروەها کۆمەڵێك کەشتی نوێی دروستکرد و لەدەریای مەرمەرە جێگیریکردن، تاکو زاڵ بێت بەسەر ڕێگای (دەردەنێل)دا و ئەو ڕێگەیە بگرێت. هەروەها لە (بۆسفۆڕ)یش قەڵایەکی گەورەی دروستکرد کە وەکو باسدەکرێت بەرزییەکەی (٨٢م) بووە،

قەڵاکە بەناوی (ڕوملی حصار) ناونراوە، تاکو زاڵ بێت بەسەر (گەرووی بۆسفۆڕ) و دەست بگرێت بەسەر ئەو ڕێگەیەشدا.

## ڕزگارکردن و فەتحی قوستەنتینییە:

دوای ئەوەی سوڵتانی جەنگاوەر (محەمەد فاتح) هەموو هۆکارەکان و ئامادەکارییەکانی بۆ ڕزگارکردن و فەتحی قوستەنتینییە تەواوکرد، سوپاکەی دەگەیشتە (٢٦٥ هەزار) سەرباز لە سوار و پیادە پێکدەهاتن، هاوڕێ لەگەڵ مەدفەعە گەورە و عیملاقەکەدا، جووڵان ڕووەو قوستەنتینییە، لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە (٢٠ی جەمادی یەکەمی ٨٥٧ك – ٢٩ی ئایاری ١٤٥٣ز) هێزەکەی محەمەد فاتح سەرکەوتووبوون لە پەلاماردان و هێرشبردنە سەر دیوارەکانی شارەکە، ئەمەش یەکێکە لە پرۆسە سەربازییە ناوازە و دەگمەنەکان کە لەمێژوودا ڕوویداوە، هەر لەوکاتەشەوە سوڵتان (محەمەدی دووەم) نازناوی (محەمەد فاتح)ی لێنرا.
کاتێك چووە شارەکەوە لە ئەسپەکەی دابەزی و سوجدەی سوپاسگوزاری بۆ خوای گەورە برد، پاشان ڕوویکردە کەنیسەی (ئایاصۆفیا) و بڕیاریدا بکرێتە مزگەوت، هەروەها فەرمانیکرد لەسەر گۆڕی هاوەڵی بەڕێز (ئەبو ئەیوبی ئەنصاری) مزگەوتێك بنیات بنرێت، کە لەڕیزی ئەو کەسانەدا شەهید بوو کە لە یەکەمین هەوڵەکاندا بوو بۆ ڕزگارکردنی قوستەنتینییە، پاشان بڕیاریدا قوستەنتینییە بکاتە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی،

ناوەکەشی بووە (ئیسلام بول یان خانەی ئیسلام)، پاشان گۆڕانکاری بەسەر ئەو ناوەدا هات و بووە (ئیستەنبوڵ).

محەمەد فاتح سیاسەتێکی لێبووردەییانەی لەگەڵ خەڵکی شارەکەدا پەیڕەوکرد و، سەربەستی کردن کە هەموو پەرستشەکانی خۆیان بە ئازادی تەواوەوە ئەنجام بدەن، ڕێگەیدا کە هەموو ئەو کەسانەی لەماوەی گەمارۆکەدا ماڵ و خانووەکانی خۆیان بەجێهێشتبوو بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان.

## سوڵتان محەمەد فاتح و تەواوکردنی پرۆسەی ڕزگارکردنەکان:

دوای ئەوەی (محەمەدی دووەم) شاری قوستەنتینییەی ڕزگارکرد (لەوکاتەدا تەمەنی بیست و پێنج ساڵی تێنەپەڕاندبوو)، ڕوویکردە ناوچەی بەڵقان بۆ تەواوکردنی فەتحکردنەکان، لەساڵی (٨٦٣ک – ١٤٥٩ز) (صرب)ی ڕزگارکرد و، لە (٨٦٥ک – ١٤٦٠ز) (ناوچەی مۆرە)ی سەر بە یۆنان و، لە (٨٦٦ک – ١٤٦٢ز) ناوچەی ئەفلاق و بغدان (ڕۆمانیای ئێستا)، لەساڵی (٨٦٧ – ٨٨٤ ک/ ١٤٦٣ – ١٤٧٩ز) ئەلبانیا و، لەنێوان ساڵانی (٨٦٧ – ٨٧٠ک / ١٤٦٣ – ١٤٦٥ز) بۆسنە و هەرسک، پاشان لەگەڵ مەجەڕدا لەساڵی (٨٨١ک – ١٤٦١ز) چووە جەنگەوە، هەروەها چاوی بڕییە ئاسیای بچووک و لەساڵی (٨٦٦ک – ١٤٦١ز) ترابزۆنی ڕزگارکرد.

یەکێك لە ئامانجەکانی (محەمەد فاتح) ئەوەبوو ئیمپراتۆری ڕۆما ڕزگاربکات، کە لەگەڵ شانازی ڕزگارکردنی قوستەنتینییەدا پایتەختی دەوڵەتی بیزەنتی دەبووە فەخر و شانازییەکی نوێ بۆی، بۆ ئەوەی ئەو هیوایەی بێتەدی، ویستی ئیتاڵیا ئازاد بکات، بۆ ئەوەش ئامادەکاری کرد و کەشتی گەلێکی گەورە و هێزێکی زۆری ئامادەکرد و، مەدفەع و تۆپی گەورە و زەبەلاحی لەنزیك شاری (ئوترانت) دامەزراند، لە (جەمادی دووەمی ٨٨٥ك – تەموزی ١٤٨٠ز) توانی سەرکەوتوو بێت لەدەستگرتن بەسەر قەلآی شارەکەدا و، سەربازەکانی چوونە ناو قەلآی شارەکەوە. محەمەد فاتح ویستی لەسەر ئەوەبوو کە ئەو شارە بکاتە بنکەیەك تاکو لەوێوە ڕووبکاتە ئیتاڵیا و، لەوێوە بگاتە ڕۆما، بەلآم لە بەرواری (٤ی ڕەبیعی یەکەمی ٨٨٦ك – ٣ی ئایاری ١٤٨١ز) کۆچی دوایی کرد و نەیتوانی ئەو ئاواتەی بێتەدی.

## محەمەد فاتح پیاوی دەوڵەت و پارێزەری شارستانییەت:

محەمەد فاتح تەنها لایەنی جیهاد و جەنگ و شەڕەکانی کە دەکاتە (٣٠ ساڵ جیهادکردن)، دیارترین دەستکەوتەکانی نەبوو، لەسەردەمی ئەودا دەوڵەتی عوسمانی بەشێوەیەکی زۆر فراوان بوو، کە پێشتر شتی وەها ڕووی نەدابوو، محەمەد فاتح لە تەرزوو ئاستێکی بەرزدا پیاوی دەوڵەتیش بوو، توانی بەهاوکاری سەدری ئەعزەم (محەمەد پاشا) و نووسەرەکەی (لیث زادە محەمەد جبلی) دەستوورێکی دانا و بەناوی خۆیەوە ناونرا، کە

تێیدا بنەما سەرەکییەکانی تێدابوو کە بووە کۆڵەکەیەکی کارکردن لە دەوڵەتی عوسمانیدا تاکو ساڵی (١٢٥٥ك - ١٨٣٩ز).

محەمەد فاتح بەناوبانگ بوو بە پارێزەری شارستانییەت و ئەدەبدۆست، شاعیرێکی لێهاتوو و بەسەلیقە بوو، دیوانێکی شیعری هەیە کە ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی (ج. جاکوب) لەبەرلین لەساڵی (١٣٢٢ك - ١٩٠٤ز) شیعرەکانی بڵاوکردەوە. محەمەد فاتح بەردەوام گرنگی دەدا بە خوێندنەوە و کۆششکردن و ئەدەب و شیعر. هاوڕێیەتی زاناکان و شاعیرەکانی دەکرد، هەندێکیانی جیادەکردەوە و هەندێ پۆستی لە وەزارەتەکاندا پێ دەبەخشین.

بەهۆی تێکەڵبوونی زۆری لەگەڵ شیعردا داوای لە شهدی شاعیر کرد کە داستانێکی شیعری بنوسێت کە تێیدا وێنای مێژووی عوسمانییەکان بکات لەسەر شێوەی (شانامە)ی فیردەوسی.

هەرکاتێك ناوی زانایەکی گەورەی لە هەر بوارێکی هونەریدا ببیستایە ئەوا چاودێری دەکرد و یارمەتی دارایی پێشکەش دەکرد، تاکو دەوڵەتەکەی سوود لە زانستەکەی وەربگرێت، بۆ نموونە ئەو کارەی لەگەڵ زانای گەورە (عەلی قوشچی سەمەرقەندی) زانای فەلەکی و گەدوونناسیدا ئەنجامدا، هەروەها هەموو ساڵێك پارە و داراییەکی زۆری دەنارد بۆ شاعیری هندی (خواجە جیهان) و شاعیری فارسی (عبدالرحمن جابی).

هەروەها محەمەد فاتح دوو وێنەکێشی لە ئیتالیاوە بانگهێشتکرد بۆ کۆشکی سوڵتان، تاکو هەندێک تابلۆی هونەریی وێنە بکێشن و، ڕاهێنانیش بەهەندێ لە هونەرمەندە عوسمانییەکان بکەن و، هاوکاری و یارمەتییان بدەن.

لەگەڵ زۆری سەرقاڵبوونی بەجیهاد و تێکۆشانەوە، بەڵام لایەنی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی فەرامۆش نەکردبوو، هەندێک بینا و تەلاری ڕاقی و ئاوازەی بنیاتنا، لەسەردەمی ئەودا زیاتر لە سێ سەد مزگەوتی دروستکرا، هەروەها ٥٧ قوتابخانە و پەیمانگا و، ٥٩ حەمامی دروستکرد، دیارترین کاری ئاوەدانکردنەوەکانی مزگەوتی سوڵتان محەمەد و مزگەوتی ئەبو ئەیوبی ئەنصاری و کۆشکی سەرای تۆپ بوو.

محەمەد فاتح موسوڵمانێکی گوێڕایەڵ و پەیڕەوکاری بڕیار و حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلام بوو، بەهۆی ئەوەی هەر لە منداڵییەوە لەسەر ئەو ڕێبازە گەورە بووە و گەشەی کردووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیانی دروستکردووە.

بەڵام ڕەفتار و ئاکار و تەکتیکە سەربازییەکانی کۆمەڵێک ڕەفتاربوو کە پێشتر ئەورووپا تەکتیکی وەهای لە چاخەکانی ناوەڕاستدا بەخۆیەوە نەبینیبوو و، لەپێشتردا هیچی لەو شتانە نەدەزانی.

## کۆچی دوایی محەمەد فاتح:

لەمانگی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی (٨٨٦ك – ١٤٨١ز)، سوڵتان محەمەد فاتح بەسەرکردایەتی سوپایەکی گەورە قوستەنتینییەی بەجێهێشت، پێش ئەوەی سوڵتان بڕوات تووشی ئازارێك بوو و باری تەندروستی تێکچوو، ئەویش هیچ گرنگی بەو ئازارە نەدا لەبەر خۆشەویستی بۆ جیهاد و تێکۆشان و تامەزرۆبوون و گرنگی پێدانی بەردەوامی بە شەڕ و جەنگەکان، بۆیە بەسەرکردایەتی سوپاکە چووە دەرەوە، هەروەکو عادەتی خۆی کە وا لەگەرمەی شەڕ و تێکرژاندا شیفای بۆ دێت و چارەسەر دەدۆزێتەوە، بەڵام ئەمجارە نەخۆشییەکەی لەسەری زیادیکرد و ئازار تینی بۆ هێنا و، نەخۆشی قورس بوو لەسەری و داوای پزیشکەکانی کرد، بەپەلە بەهانایەوە چوون، بەڵام هیچیان بۆ نەکرا و هیچ چارەسەری نەبوو.

سوڵتان لە ناوەڕاستی سوپاکەیدا لەبەرواری (٤ی ڕەبیعی یەکەمی ٨٨٦ك – ٣ی ئایاری ١٤٨١ز) لەتەمەنی پەنجا و دووساڵیدا و دوای سی و یەك ساڵ لە فەرمانڕەوایی گیانی سپارد و کۆچی دوایی کرد.

کەس هیچ شتێکی لەبارەی ئەوەوە نەدەزانی کە ئایا ئاڕاستەی ئەم سوپایە ڕووەکاتە کوێ و سوڵتان دەیەوێت بەرەو کوێ بڕوات؟

بۆیە خەڵك چەند لێكدانەوەیەكیان هەیە: ئایا مەبەستی رودس بوو تاكو ئەو دوورگەیە ڕزگار بكات و فەتحی بكات، كە لەلایەن سەركردەكەیانەوە (مەسیح پاشا) ڕێگر بوو لە ڕزگاركردنی؟

یاخود دەیویست سوپاكەی وەكو پاڵپشتی ببات بۆ باشوری ئیتاڵیا، تاكو لەوێوە بگاتە ڕۆما و باكوری ئیتاڵیا و فەرەنسا و ئیسپانیا؟

محەمەد فاتح ئەم ڕازەی لەدڵی خۆیدا حەشاردا و نەیدركاند و، هیچ كەس نەیزانی و دەركی پێ نەكرد، تاكو مردن بەیەكجاری كردییە نهێنی و ئەسپەردەی خاكی كرد.

ئەوە عادەت و خووی بەردەوامی محەمەد فاتح بوو كە پارێزگاری لەو نهێنییە دەكرد كە مەبەستی كوێیە و ئاڕاستەی ڕووە و كوێیە! زۆر بەوریایی و بەئاگاییەوە لەو بارەیەوە قسەی دەكرد و، دوژمنەكانی وێڵ دەكرد و لە بێئاگایی و نەزانیدا دەیهێشتنەوە، هیچ كامیان نەیاندەزانی لێدانی توندی داهاتوو كەی دەبێت و چۆن و كەی هێرش دەكرێتە سەریان!.

لەگەڵ ئەو نهێنی پاراستنەیدا لە جێبەجێكردنیشدا زۆر خێرا و گورج و گۆڵ بوو، بەهیچ جۆرێك بواری نەدەدا كە دوژمنەكانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خۆیان ئامادە بكەن و ئامادەباشی وەربگرن.

جارێكیان یەكێك لەو دادوەرانەی لەگەڵیدا بوو پرسیاری لێكرد: مەبەستت لەم سوپایە بۆچی شوێنێكە و ڕوودەكەیتە كوێ؟

سوڵتان محەمەد فاتحیش وەڵامی دەداتەوە کە: ئەگەر تاڵێك مووی ڕیشم بەوە بزانێت، ئەوا هەڵیدەکێشم و فڕێی دەدەمە ناو ئاگرەوە تاکو بسووتێت!

یەکێك لە ئامانجەکانی محەمەد فاتح ئەوەبوو کە ڕزگارکردن و فەتحکردنەکانی لە باشووری ئیتاڵیاوە بگاتە باکوور و، پاشان بەردەوام دەبێت لە فتوحات و بچێتە فەرەنسا و ئیسپانیا و تێپەڕبێت بەسەر هەموو دەوڵەت و گەل و نەتەوەکاندا و بەجێیان بهێڵێت.

دەڵێن: سوڵتان محەمەد فاتح بە ژەهرخواردکردن کوژراوە، ئەویش لەڕێی پزیشکە تایبەتییەکەیەوە بووە (یەعقوب پاشا)، دوای ئەوەی خەڵکی بوندوقییە هانیاندا تاکو هەستێت بەکوشتنی، ئەو پزیشکەی بە موسوڵمانی لەدایك نەبووە، لە ئیتاڵیا لەدایك بووە، پاشان بانگەشەی ئەوەی کردووە کە بووەتە موسوڵمان و ڕێنووێنی و هیدایەتی وەرگرتووە، یەعقوب بەشێوەیەکی ڕیزبەندی و بەهێواشی ژەهرخواردی کردووە، ژەهرەکەی جار لە دوای جار زیاتر کردووە، تاکو ئەوکاتەی کوشتی و کۆچی دوایی کرد.

دوای ئەوەی کە سوڵتان ماوەیەکی بە فەرمانڕەوایی و جەنگ و ڕزگارکردنە یەك لەدوای یەکەکانەوە بەسەربرد و، دەوڵەتی بەهێزکرد و، ئاوەدانی بەرپاکرد، لەو ماوەیەشدا هیوا و مەبەستی باووباپیرانی هێنایەدی بەڕزگارکردن و فەتحکردنی قوستەنتینییە و، هەموو مەمالیکەکان و

هەرێمەکانی ئاسیای بچووك و صرب و بۆسنە و ئەلبانیا و ناوچەی مۆرە، زۆر دەستکەوت و چاکسازی کارگێڕیی و بەڕێوەبردنی ناوخۆیی بەدەستهێنا و، دەوڵەتەکەی خستەسەر سکەی گەشانەوە و درەوشانەوە، کارئاسانی کرد و ڕێگەی خۆشکرد بۆ سوڵتانەکانی دوای خۆی تاکو وردبینەوە و تەرکیز بکەن لەسەر فراوانبوونی دەوڵەتی عوسمانی و هەرێمی نوێ و ناوچەی تر ڕزگاربکەن و فەتحی بکەن.

دوای ئەوەی ئەو کارەی ئەعقوب ئاشکرابوو، لەلایەن پاسەوانی سوڵتانەوە لەسێدارەدرا.

هەواڵی مردنی سوڵتان محەمەد فاتح دوای شازدە ڕۆژ گەیشتە بوندوقییە. ئەو هەواڵەش لەلایەن (سەفارەتی بوندوقییە) لە قوستەنتینییە بە نامەیەکی پۆستی سیاسی نێردرا و، لە نامەکەدا ئەم دێڕە نوسرابوو: (هەڵۆ گەورە و مەزنەکە مرد)، هەواڵەکە لە بوندوقیەدا بڵاوبووەوە و، پاشان لە هەموو ئەوروپادا بڵاوبووەوە و، لە کەنیسەکانی ئەوروپا کرایە پشوو، بەفەرمانی پاپا بۆ سێ ڕۆژ لە کەنیسەکاندا زەنگ لێدەدرا.

لاشەی سوڵتان لەیەکێك لە گۆڕستانەکاندا کە لە یەکێك لەمزگەوتەکانی ئەستانەدا دروستی کردبوو ئەسپەردەکرا و بەخاك سپێردرا.

ناو و ناوبانگی شکۆدارانە و ڕێزدارانەی لە هەردوو جیهانی ئیسلامی و مەسیحییەتدا لەپاش خۆی بەجێما.

## وەسیەتی محەمەد فاتح پێش کۆچی دوایی:

ئەمەش وەسیەتی (محەمەد فاتح)ە بۆ (بایەزیدی دووەم)ی کوڕی کاتێک لەسەرجێی مردن کەوتووە، کە ئاماژەیە بۆ ڕاستگۆترین دەربڕین و بۆچوونی کە لەژیانیدا پەیڕەوی کردووە و، بنەما و بەها بالاَکان کە بڕوای پێ بووە، هیوای خواستووە جێگرەوەی و ئەو کەسانەی لەدوای دێن لەسەر ئەو ڕێبازە بڕۆن، تێیدا دەڵێت: (ئەوە مردن بەرەو ڕووم هات، بەلاَم من هیچ پەشیمان نیم لەبەرئەوەی لەدوای خۆم تۆم بەجێهێشتووە، کەسێکی دادپەروەر و چاکەکار و بەبەزەیی بە، ئاسانکاریە لە چاودێریکردنی گەلەکەتدا بەبێ جیاوازی و جیاکاری کردن لەنێوانیاندا، کاربکە بۆ بلاَوکردنەوەی ئایینی ئیسلام، کە ئەمە واجب و پێویستە لەسەر دەسەلاَتدار و مالیکەکان لەسەر زەویدا، گرنگیدانت بەکاروباری ئایین پێش هەموو شتێکی تر بخە، هیچ شتێك نەبێتە ڕێگرت بۆ هەوڵدانت بۆی و کۆڵنەدەربە لەسەری، لەگەڵ ئەو کەسانەدا مەبە و دەسەلاَتیان پێ مەبەخشە کە گرنگی بە کاروباری ئایین نادەن و، خۆیان لە گونامە گەورەکان لانادەن و، ڕۆچوون لە خراپەکاریدا و گەندەڵی دەسازێنن و دروستی دەکەن، دوور بکەوەرەوە لەو کەسانەی کە هانتدەدەن لەسەر ئەوکارانە، بوار و مەودای فەتحکردن و جیهادکردن لە ولاَتدا فراوان بکە و برەوی پێ بدە، ببەرە پاسەوان و چاودێر بۆ دارایی و سامانی ولاَت و (بیت المال)، مەهێڵە بەفیڕۆبڕوات و بەهەدەر بدرێت، بەهیچ جۆرێك

نەكەیت دەستدرێژی بكەیتە سەر ماڵ و سامانی هیچ كەسێك لە گەل و ژێردەستەكانت، مەگەر بەكارهێنانی بەپێی ڕێنماییەكانی ئیسلام بێت و لەو بوارەدا بەكاری بهێنیت نەك ویستی خۆت، دڵنیابە لەو كەسانەی كە ماڵ و سامان دابەشدەكەن، دریغی مەكە لە بەخشندەییت بۆ كەسانی شایستە و كەمدەرامەت.

بزانە كە زانایان وەكو ئەو هێزە وەهان كە لە جەستەی دەوڵەتدایە، دەسەلاتت فراوان و بەهێز دەكەن و هانت دەدەن بۆ بەهێزبوون.

ئەگەر ناو و ناوبانگی هەر یەكێك لەو زانایانەت بیست لە هەر ناوچە و شوێنێك بوون ئەوا بانگهێشتی لای خۆتی بكە و بە ماڵ و سامان ڕێزی لێبنێ.

تكایە.. ئاگاداربە زۆریی ماڵ و سامان و سەرباز تووشی لەخۆبایی بوونت نەكەن! ئاگاداربە نەهێڵیت زانایانی شەریعەت لەخۆت و دەرگا و دەوروبەرت دووربكەونەوە! خۆت بپارێزە لە نزیكبوونەوە و حەزكردن لە كارێك كە پێچەوانەی شەریعەت بێت، ئایین ئامانج و مەبەستمانە و، ڕێنمووپی كردن و هیدایەت پەیڕەو و مەنهەجمانە و، هەر بەویش سەركەوتوو دەبین.

ئەم پەندە لە من وەربگرە: كاتێك هاتمە دنیا وەكو مێروولەیەكی بچووك بووم، خوای گەورە ئەم هەموو نیعمەتە زۆر و شكۆدارانەی پێ بەخشیم، تۆش ڕێچكەی من بگرە و پەیڕەویی من بكە، كاریكە بۆ بەهێزیی و

سەنگین ڕاگرتنی ئەم ئایینە و، بەڕێزی و شکۆداریی هەڵگرانی، خۆت بپارێزە و دارایی و سامانی دەوڵەت بەکارمەهێنە بۆ ڕابواردن و خۆشگوزەرانی خۆت و، زیادەڕەویی کردن و بەکارهێنانی زیاد لە پێویست، کە ئەمانە لە گەورەترین هۆکارەکانی فەوتان و لەناوچوونن).

*** *** ***

## ٥- هۆندا



سیکیرۆ هۆندا لەساڵی (١٩٠٦ز) لە یابان لەدایکبووە، لەخێزانێکی هەژاردا گەورەبووە، هێندە هەژاربوون کە پێنج برای بەهۆی هەژاری و نەبوونییەوە مردوون. سیکیرۆ هۆندا تامی هیچ سەرکەوتنێك و تواناییەکی نەکرد، لە قوتابخانەدا شکستی هێنا و لەپۆلی هەشتەمدا دەستبەرداری بوو و وازی لە قوتابخانە هێنا، هەروەها هیچ شتێکی لەمانای بازارگەری و وەبەرهێنان و بەڕێوەبردن و کارگێڕی و تەنانەت هیچیشی لە میکانیك نەدەزانی.

بەڵام سیکیرۆ هۆندا حەزی دەکرد لەڕێی ئەزموونکردن و هەڵەوە فێربێت، هێندەی شەیدای ئۆتۆمبێل بوو بەشێوەیەك کە کاتێ منداڵ و بچووك بوو ئۆتۆمبێلێکی بینیوە و بەسەرسوڕمانەوە لەبەردەمیدا وەستاوە بێ ئەوەی تەنانەت یەك وشەش بڵێت بێدەنگ وەستاوە. دواتر باسی دەکات کە ئەو چرکەساتە بووە هۆی لەدایکبوون و داهێنانی بیرۆکەیەك بۆ دروستکردنی ئۆتۆمبێل بە دیزاینێکی تایبەت.

**تۆكيۆ... ژيانێكی نوێ:**

لەساڵی (١٩٢٢ز) ڕوويكردە تۆكيۆ و بۆ ماوەی (٦ ساڵ) لە شوێنكارێكی چاككردنەوەی ئۆتۆمبيلدا كاری دەكرد، تاكو لەدواييدا لە ساڵی (١٩٢٨ز)دا شوێنكارێكی چاككردنەوەی ئۆتۆمبيلی تايبەت بەخۆی كردەوە، پاشان زۆر بەباشی كاری دەكرد و، لەهەڵەكانيەوە فێردەبوو، تاكو توانی ديزاينی (وەستێنەر (بانص)ی كانزايی ئۆتۆمبێل)ی داهێنا، كە لەسەرەتادا بە تەختەودار دروست دەكرا، پاشان فێربوو چۆن لەسەر ڕێگای سەركەوتن بەردەوام بێت، تاكو لەكۆتاييدا زياتر لە (٤٧٠) داهێنان و دروستكردن و (١٥٠) داهێنان و پاوانكردنی تايبەتی تۆماركرد.

پاشان يەكەم كارگەی دروستكردنی پستۆن (Piston Ring)ی دامەزراند، بەلام لەساڵی (١٩٤٠ز)دا بەهۆی بومەلەرزەوە كارگەكە بەتەواوی ڕووخا، دوای ئەوە هۆندا تووشی داڕووخانێكی زۆر قورس بووەوە.

**مرۆڤ قابيلی زيانلێكەوتن و سوود وەرگرتنە (دروستكردنی ماتۆڕسكيل):**

پاش ئەوەی بۆ ماوەيەكی زۆر بەنزين لە هۆندا بڕا و نەما، ئەويش هەستا بە ديزاينكردنی پايسكيلێكی هەوايی كە بەسترابوو بە دينەمۆيەكی بچووكەوە، بەهۆی ئەم داهێنانەوە هاوڕێكانی زۆر سەريان سووڕما، دواتر ديزاينی (١٢ ماتۆڕسكيل)ی كرد، بەهۆی ئەمەوە هەستا بە دامەزراندنی كۆمپانيای هۆندا و داهێنانی بۆ ماتۆڕسكيل بەدەستهێنا.

دواتر هۆندا دەستیکرد بە پێشنیازکردنی مۆدێلێکی نوێی ماتۆڕسکیل، یەکەم مۆدێلی بە ناوی (D) کە لە وشەی (Dream) وەرگیراوە بەمانای (خەون)، پاشان بەشێوەیەکی بەرفراوان ماتۆڕسکیل لە ولاتی یاباندا بلاوبووەوە و (هۆندا) بووە گەورەترین کارگەی دروستکردنی ماتۆڕسکیل لە یاباندا. لەسالی (١٩٦١ز)دا هۆندا دەستی کرد بە گەورەبوون و فراوانبوون، تاکو گەیشتە ئەوەی کە ماتۆڕسکیل هەناردە بکات و بینێرێتە ولاتی ئەمەریکا، تاکو لە ماوەی (٨ سال)دا ژمارەی ناردنی ماتۆڕسکیل گەیشتە یەك ملیۆن ماتۆڕسکیل.

## چوونە ناو جیهانی ئۆتۆمبێلەوە:

هۆندا لە سالی (١٩٦٢ز) چووە ناو جیهانی دروستکردنی ئۆتۆمبێلەوە و دەستیکرد بە دروستکردنی ئۆتۆمبێلی پێشکەوتن، هەموو ئەوانەی دەورووبەری پێشبینی ئەوەیاندەکرد کە لەم هەنگاوەیدا شکست بهێنێت، ئەویش بەهۆی زۆری کۆمپانیاکانی دروستکردنی ئۆتۆمبێلەوە، بەلام پێچەوانەکەی ڕاست دەرچوو.

هۆندا لەسالی (١٩٧٠ز) هەستا بە دروستکردنی جۆرێکی نوێی بزوێنەر وەکو بزوێنەرێك کە بەرگری لە پیسبوونی ژینگە دەکرد، ئەمە بووە هۆی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلی هۆندا سیفیك (بە مانای شار) لەسالی (١٩٧٥ز) و، دواتریش بەردەوام بوو لە بەدەستهێنانی سەرکەوتنی نوێ.

## جوانترین سیفاتەکانی:

سیکیرۆ هۆندا سەرەتای تەمەنی هەژاری و شکست بوو، بەڵام حەزی دەکرد کارەکان تاقی بکاتەوە و ئەزموونی بکات و، لە ئەزموونەکانیشیەوە فێربێت، هەروەها خاوەنی هیممەت و ورەیەکی زۆر بەرزبوو، دیزاینەرێك بوو توانی بگاتە خەونەکەی و چێژی دەبینی لە گیانی ڕکابەری و کێبەرکێ کردن لەئاستێکی بەرزدا، یەکێك لەو بەسەرهاتە جوان و کاریگەرانەی لە کێبەرکێ کردنیدا باسی دەکرێت: کاتێك چووە جیهانی ئۆتۆمبێلەوە کۆمپانیای یاماها (یەکەم ڕکابەری هۆندا) ویستی بنەماکانی یارییەکە بگۆڕێت و، جارێکی تر دەست بگرێت بەسەر بازاڕی ماتۆڕسکیلدا، بەتایبەت کاتێك هۆندا سەرقاڵە بە بازاڕی ئۆتۆمبێلەوە، هەستا بە گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی ماتۆڕسکیلەکانی و بە خستنەبازاڕی مۆدێلێکی نوێ و بەنرخێکی هەرزانتر، هۆنداش بەوە ڕووبەڕووی بووەوە کە نرخی زۆر کەمکردەوە و هەرزانتری کرد و، دەستی کرد بە پێشکەشکردنی مۆدێلی نوێ و بە هەفتانە و بۆ ماوەی ساڵێکی تەواو، کۆمپانیای یاماهاش توانای ئەوەی نەبوو کە بەردەوام بێت و ڕکابەریی ئەو بکات.

## مردنی سیکیرۆ هۆندا:

هۆندا لەساڵی (١٩٩٠ز) لە تۆکیۆ کۆچی دوایی کرد، دوای گەشتێکی دوور و درێژ کە بە شکست دەستی پێکرد و بە سەرکەوتن و دەستکەوت کۆتایی

هات، منداڵێکی شکستخواردوو بوو کە هیچ کەسێک نەیدەزانی دەگۆڕێت و دەبێتە خاوەنی یەکێك لە گەورەترین و زەبەلاحترین کۆمپانیاکانی دروستکردنی ئۆتۆمبێل لە جیهاندا.

وتەیەکی جوانی هەیە دەڵێت: (سەرکەوتن لە ١٪ لە کارەکانمانەوە و ٩٩٪ لە شکستەکانمانەوە دەستمان دەکەوێت و بەرهەم دێت).

*** *** ***

## ٦-هێلین کیلەر



هـێلین کیلـەر لـە شـاری توسکومبیا لە ویلایەتی ئەلامبا لـە ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا لەسـاڵی (١٨٨١ز) لـەدایکبووە، بـاوکی نـاوی (ئارسەر کیلەر و دایکی کیت ئەدامز کیلەر) بوو، ڕەچەڵەکی خێزانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕەچەڵکی ئەڵمانی.

هێلین بە نابینایی و نابیستی لەدایك نەبووە، بەڵکو کاتێك تەمەنی گەیشتە نۆزدە مانگ تووشی هەوکردنی پەڕەی مێشك و سوورەتا بوو، ئەمەش بووە هۆی لەدەستدانی بیستن و بینایی، لەوکاتەشدا پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەریدا لەڕێی (مارتا واشنتۆن)ەوە بوو، کە کچی چێشتلێنەری ئەو خێزانە بوو، لەڕێی ئەوەوە زمانی ئاماژەکردن فێربوو، کاتێك گەیشتە تەمەنی حەوت ساڵی بۆ پەیوەندیکردنی بە کەسانی ترەوە (٦٠) ئاماژە فێربووبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا کە نابیست و نابینا بوو، بەڵام نەبووە ڕێگر لەبەردەمیدا بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی زمانی ئینگلیزی لە پەیمانگای (برکینس) بۆ

نابینایان، پاشان (ئان سولیفان) کە لە تەمەنی بیست ساڵیدا بوو بووە مامۆستای هێلین و پەیوەندییەکەیان بەردەوام بوو و، (٤٩ ساڵ)ی خایاند. مامۆستاکەی داوای مۆڵەتی لە خێزانەکەی کرد کە رێگەی بدەن (هێلین) بگوێزێتەوە بۆ خانوویەکی بچووک لە کێڵگەیەکی دوور لە خێزانەکەی، تاکو بە رێگەیەکی نوێ فێری بکات و لەوێوە سەرەتای پەیوەندی دروستکردنی لەگەڵیدا بەرێگەی نووسینی وشەکانەوە دەستپێکرد و، چۆن بەرێگەی هەستکردن فێری بکات، پاشان کەمێك ئاوی کرد بە دەستیدا و تێیگەیاند کە ئەمە (ئاو)ە، بەمشێوەیە فێربوو و شتەکانی دەورووبەری ناسی و لەنێوانیشیاندا یارییە قورس و گرانەکانیش.

پاش ساڵێك هێلین فێری نۆسەد وشە بوو، توانی فێری زانستی جوگرافیاش ببێت لەرێی نەخشەیەکەوە کە لەسەر زەوی کێڵگەکە دروستکرابوو، هەروەها فێری زانستی رووەکیش بوو.

هێلین لە تەمەنی (١٠ ساڵ)یدا فێری خوێندنەوەی ئەلفبێی تایبەت بە نابینایان بوو، توانی لەو رێگەیەوە پەیوەندی لەگەڵ دەورووبەریدا دروست بکات، هەروەها لەوکاتانەشدا فێری خوێندنەوەی شێوازی نووسینی (برایل) بوو، هێلین نەك تەنها فێری زمانی ئینگلیزی، بەڵکو فێری زمانی ئەڵمانی و لاتینی و فەرەنسی و یۆنانیش بوو.

لە قۆناغی دووەمدا (ئان سولیفان) قوتابییەکەی دا بە مامۆستایەکی بەتوانا بە ناوی (سارە فولەر)، کە سەرۆکی پەیمانگای (هوارس مان)بوو

بۆ نابیستان لە (بۆستن)، ئەم مامۆستا نوێیەش فێری قسەکردنی کرد، ئەویش بەوەی لەکاتی قسەکردنیدا دەستی دەخستە سەردەمی، تاکو فێری ئەوەبێت وشەکان بە زمان و لێوەکانی دەربڕێت، کاتێکی زۆری ویست تاکو کەسێك بتوانێت لەو دەنگانە تێبگات کە هێلین دەریدەبڕین.
لە سەرەتادا هیچ کەس لەو دەنگانە تێنەدەگەیشت، پاشان هێلین کەوتە هەوڵدان و تێکۆشان لەپێناو چاککردنی وتن و بەباشی گۆکردنی وشەکان، هەوڵێکی لێبڕاوانەی زۆریدا بە دووبارەکردنەوەی وشەکان و ڕستەکان بەدرێژایی چەندین کاتژمێر، دەست و پەنجەکانی بەکاردەهێنا، دەیکێشا بە شووشەی قوتابخانەکەیدا تاکو دەنگیان لێوەببیستێت و، ساڵ دوای ساڵ بەکارهێنان و جووڵەی زمان و لێوەکانی و، دەربڕینەکانی ڕووخساری لەکاتی قسەکردندا و گۆکردن و وتنەکانی باشترکرد و، ڕوونتر وشەکانی دەردەبڕی، ئەمەش بووە گەورەترین و باشترین دەستکەوتی تاك لەمێژووی پەروەردەکردن و ئامادەکردنی خاوەن پێداویستی تایبەتدا، هەروەها هێلین وردەکاربوو لە نووسیندا و دەستوخەتێکی جوان و ڕێکوپێکی هەبوو، پاشان هێلین پەیوەندی کرد بە پەیمانگای کامبریدج بۆ کچان، کە مامۆستاکەی (خاتوو ئان سولیفان) هاوەڵێی دەکرد و لەتەنیشتیدا دادەنیشت، تاکو وانەکانی بۆ بگوێزێتەوە[1]. توانی لە ساڵی

---

[1] ئەویش لەڕێی نووسینی بەپەنجەکانی لەسەر دەستی هێلین دەینووسی.

(١٩٠٤ز) لەتەمەنی (٢٤ ساڵ)یدا بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانست و فەلسەفەدا بەدەستبهێنێت.
ناووناوبانگی هێلین کیلەر بڵاوبووەوە و، داوای لێدەکرا بە نووسینی وتار لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا و، پێشکەشکردنی وانە بۆ خوێندکاران.
دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ هێلین هەوڵی خۆی خستەکار و هەوڵیدا کاربکات و خۆی تەرخان بکات بۆ نابینایان. هاوبەشی کرد لە فێرکردن و نووسینی کتێب بۆیان و هەوڵدان بۆ یارمەتیدانیان.
لەوکاتانەدا کە کاری نەبوو و کاتی بەتاڵی هەبوو خۆی بە دروومان و چنین و دەسترەنگینی و خوێندنەوەی زۆرەوە خەریك دەکرد، هەروەها توانی فێری مەلەکردن ببێت و پێشڕەوی عەرەبانەی دوونەسپ بکات و لێیبخوڕێت و بەکاری بهێنێت.
لە سەرەتای تەمەنیدا ڕێگرییەکی قورس کە ڕووبەڕووی هێلین کیلەر بووەوە ئەوەبوو تووشی خەم و خەفەتێکی زۆر قورس بوو، ئەویش ئەو دابڕانە بوو کە لەگەڵ جیهانی دەرەوەیدا هەیبوو، بەڵام بە هاوکاری و یارمەتیدانی مامۆستاکەی توانی بەشێوەیەکی ڕیزبەندی فێری هەموو شتەکان ببێت، بۆ نموونە هێلین دەڵێت: ڕۆیشتین بۆ سەر بیرێك، لەوێ کەسێکی لێ بوو بە ماتۆڕی ئاو هەڵگۆزین ئاوی هەڵدەگۆزی، مامۆستاکەم دەستمی خستە بەردەمی ماتۆڕی ئاو هەڵگۆزینەکە و، لەوکاتەدا ئاوی سارد بەردەستێکم کەوت، مامۆستاکەم بە پەنجەی لەسەر دەستەکەی ترم

وشەی (water) واتە (ئاو)ی نووسی، بەمەش هەستێکی زۆرخۆش و شادمانی گەورەم بۆ دروست بوو، لەبەرئەوەی دەرگایەکم بەڕووی جیهانی دەرەوەدا بۆ کرایەوە، پاشان لەگەڵ مامۆستاکەمدا چوومە دەرەوە و نەدەگەڕامەوەماڵەوە تاکو پرسیارم لە هەموو شتێك دەکرد کە تێبپەڕیمایە و بڕۆیشتمایە بەلایدا.

## چوونە کۆلێژ:

پاشان چووە کۆلێژی (رادکلیف) بۆ خوێندنی باڵا، لە بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیزیدا دەستیکرد بەخوێندن، هەروەها لەگەڵیشیدا زمانەکانی ئەڵمانی و فەرەنسی و لاتینی و یۆنانیشی خوێند. هێلین توانی هەنگاوێکی زۆر گەورە ببڕێت ئەویش بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زانستەکان و دکتۆرا لە فەلسەفەدا. لەسەر هێلین قورس و گران بوو ئەو وانانە وەربگرێت کە دەیخوێند، بەڵام (ئان سولیفان)ی مامۆستای لەتەنیشتیەوە دادەنیشت و بە پەنجەکانی لەسەردەستی ئەو وتانەی مامۆستاکەی بۆ دەگواستەوە کە لەوانەکاندا باسی دەکرد بۆیان، ئەویش هەموو هەوڵی خۆی دەخستەکار تاکو ئەو نووسینانە بخوێنێتەوە[1] کە مامۆستاکەی بۆی دەنووسی.

---

[1]) دیارە وەك باسدەکرێت لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا نەشتەرگەرییەکی بۆ کراوە و کەمێك بینایی بۆ گەڕاوەتەوە. (وەرگێڕ).

شتێکی چاوەڕوانکراوە بۆ هێلین کە باسی وەفاداری ئەو مامۆستایەی بکات کە یارمەتیداوە، بۆیە کتێبێکی نووسی بەناوی: (teacher) واتە: (مامۆستا) و تێیدا دەڵێت: (مامۆستاکەم بەجۆرێك نزیکە لە نەفس و خودی خۆمەوە کە ناتوانم بیر لەوە بکەمەوە کە لە خۆمی داببڕم و دووریکەوەمەوە لێی، نازانم ئەو چێژەی لە جوانی شتەکانی دەوروبەرمەوە وەریدەگرم شتێکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەخۆڕسکی لە ناخمدا هەیە و فێرەنە، یان دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری مامۆستاکەم بەسەرمەوە؟ هەست بەوە دەکەم ناتوانن بوونی مامۆستاکەم لە بوونی من جیابکەنەوە، باشترین شت لای من ئاوات خواستنمە بە بەردەوام بوونم لەگەڵ ئەو مامۆستایەم. هیچ شتێکی وەکو بەهرە و توانا، داخوازی و مەبەست چێژوەرگرتن لەشتەکان لەناخی مندا نەبوو، مەگەر ئەو بە دەستلێدانی نەرم و نیانی هەمووی لەمندا بەئاگاهێنایەوە).

**گەشتی بۆ یابان:**

هێلین کیلەر لەساڵی (١٩٣٧)ن سەردانی پارێزگای (ئەکیتا)ی یابانی کرد و، سەردانی (ماچیکو) ئەو سەگەی کرد کە لە ئەکیتا لەساڵی (١٩٣٥)ن مرد. حەزی دەکرد سەگێکی ئەکیتا بەدەست بهێنێت و یەکێکی بە ناوی (کامیکازە-گو)ی بەدەستهێنا، دوای مردنی (کامیکازە-گو) حکومەتی یابان لەساڵی (١٩٣٨)ن لە تۆکیۆ برایەکی ئەو سەگەی پێشکەشکرد.

**گەشتێک بەجیهاندا:**

لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا هێلین هەستا بەچەند گەشتێکی دووبارە لەچەند ناوچەیەکی جیاوازی جیهاندا، تیایدا سەردانی سی و پێنج وڵاتی لە پێنج کیشوەردا کرد، هەروەها سەردانی بریندااران و نەخۆش و تووشبووانی نەخۆشییەکانی دەکرد، کاتێک خەڵک سەرسوڕمانی خۆیان بەرامبەری دەردەبڕی، ئەویش پێی دەگوتن: (من توانیم نابینایی و نابیستی بگوێزمەوە بۆتان، من دڵخۆشم کە توانیم ئەو کارانەتان بۆ بخوێنمەوە کە خودا بە وشەی دیار و ئاشکرا لە مندا خولقاندویەتی و نووسیویەتییەوە. هەموو کاتێک پێیان سەرسام و خۆشەویستییان دادەپۆشێت).

**چالاکییە سیاسییەکانی:**

هێلین کیلەر بووە کەسێکی ڕەوانبێژ و نووسەرێکی بەناوبانگ لە هەموو جیهاندا، هەروەها بووە پارێزەری ئەو کەسانەی بە هەرهۆکارێک بێت تووشی کێشە و ناڕەحەتی و ڕێگری دەبوون، هەروەها بانگەشەی پاراستنی مافی ئافرەتی دەکرد و، یەکێک بوو لە بانگەشەکاران و داواکارانی ئاشتی.

دژ و ناکۆک بوو لەگەڵ (وودر و ویلسۆن) خاوەنی فیکرەی (بیروباوەڕی یەکسانی ڕادیکاڵی) (الاشتراکی الراديكالی) و، پشتگیری بڕیاری دیاریکردنی منداڵبوونی دەکرد.

لەساڵی (١٩١٥ز) هەستا بە دامەزراندنی ڕێکخراوی (هێلین کیلەری نێودەوڵەتی HKI) بەهاوکاری لەلایەن (جۆرج کیسلەر)، کە ئەم ڕێکخراوەی تەرخانکرد بۆ توێژینەوەی تایبەت بە بینین و تەندروستی خۆراك.

هاوبەشی کرد بۆ دامەزراندنی (یەکێتی ئەمریکی بۆ سەربەستی هاوڵاتی ACLU).

بە هاوڕێیەتی مامۆستاکەی (ئان سولیفان) سەردانی چەندین وڵاتی ڕۆژئاوای کرد، چەند جارێك سەردانی یابانی کرد و لای گەلی یابان بووە یەکێك لە کەسایەتییە بەڕێز و گەورەکان.

هەروەها هێلین کیلەر بە دیداری چەند سەرۆکێکی ئەمەریکا گەیشتووە کە بە (گروفەر کلیفلاند) دەست پێ دەکات و بە (لیندون جۆنسۆن) کۆتایی دێت.

لەگەڵ چەندین کەسایەتی بەناوبانگ و جیاوازدا هاوڕێیەتی بەستووە، لەوانە: (ئەلکساندەر گراهام بیلْ و چارلی چاپلن و مارك توین).

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا هەردوو (هێلین کیلەر و مارك توین) بوونە پەرگر و لە سیاسەتدا زیادەڕەوییان دەکرد، بۆیە لە ئەنجامی ئەمەدا بیروبۆچوونە سیاسییەکانیان لەبیرکران و فەرامۆشکران.

دانراوەکانی: دیارترین دانراوەکانی: (ئەو

هێلین کیلەر هەژدە کتێبی بڵاوکردەوە، ڕزگاربوون لە تاریکی،

جیهانەی تێیدا ژیام، گۆرانی دیوارە بەردینەکە،

خۆشەویستی و ئاشتی، هێلین کیلەر لە سکۆتلەندا.....)

کتێبەکانی وەرگێڕاونەتە سەر پەنجا زمانی جیاواز.

هەروەها کتێبی (ڕووناکی لە تاریکی مندا)ی نووسی و، کتێبی (چیرۆکی

ژیانم) لە ٢٣ بەش و ١٣٢ لاپەڕەدا لەساڵی (١٩٠٢ز) نووسی.

گۆڤاری تایم ناوی لە ناو لیستی ئەو سەد کەسەی کە لە سەدەی بیستدا

کاریگەرییان هەبوو دانا.

لە (١ی حوزەیرانی ١٩٦٨ز)دا لە تەمەنی هەشتا و شەش ساڵیدا کۆچی

دوایی کرد.

لەیەکێك لە وتە بەناوبانگەکانیدا دەڵێت:

(کاتێك دەرگایەکی بەختەوەریت لێ داخرا دەرگایەکی تر دەکرێتەوە،

بەڵام زۆربەی جار بۆ کاتێکی دوور و درێژ هەر سەیری دەرگا داخراوەکە

دەکەین و، ئەو دەرگایانە نابینین کە بە ڕووماندا کراونەتەوە).

لە وتەیەکی تردا دەڵێت: ( من کوێر و نابینام، بەڵام دەبینم... من کەڕ و

نابیسەرم، بەڵام دەبیستم).

*** *** ***

# بنەماکانی کاریزما

## شەش بنەماکەی کاریزما

۱- شەیدایی (هۆگربوون):

- هەرکاتێك بوویتە خاوەنی شەیدایی بەو شتەی دەتەوێت ئەوا فێربوونی توانا و لێهاتوویی لە ژیانتدا پشتگوێ مەخە.

- خوێن گەرمی و ئازایەتی قۆناغێکە و کۆتایی دێت، شەیدایی لەگەڵ تواناکانت و ئاستی پەیوەستی و ڕادەی پەیوەندیت بەو بەرنامە و ئامانجەی کە خاوەنیت بەردەوام دەبێت.

۲- بڕوابەخۆبوون:

- گرێمەگرە لە: بیروبۆچوونە سلبییەکان (الأفكار السلبية) – ڕاڕایی و دوودڵی (التردد) – پەشۆکاوی (القلق) – خەم و دڵتەنگی بەردەوام. ئەگەر وابوو ئەوا پێشبینی خراپتر بکە.

- ددان بەهەڵەکانتدا بنێ، تاکو ئەو ترسە لەناختدا نەمێنێتەوە کاتێ هەڵەکانت لەکەسێکی ترەوە دەبیستیت.

۳- تۆکونجاندن (سازبوون):

- ناتوانیت بەبەردەوامی و بەدرێژایی کات فێڵ لە خەڵك بکەیت و بیانخەڵەتێنیت، تەنها هەندێ کاتی کەم ئەمە سەردەگرێت بۆت.

- با ڕێکی و هاوتەریبی لەنێوان کردار و گوفتارتدا هەبێت، تاکو وێنەت لەلای هیچ کەسێك تێکنەچێت و نەشێوێت.

٤- گەشبینی (ڕوونبینی):

هەلی ژیانت تەنها یەکجارە؛ بۆیە شایانی ئەوە نییە کە کۆسپ و ڕێگری دابنێیت بۆ گۆڕانت بەرەو باش بوون و نوێبوونەوە، خوای گەورە یارمەتیت دەدات، تۆ بە بەهێزی و هیوا و بەرزخوازی و گەشبینییەوە بژی؛ تاکو ماوە و مەبەستی گۆڕانکاری و کاریگەریی فراوان بێت. کەسی گەشبین لە هەموو ڕێگری و ناڕەحەتییەکاندا بەردەوام هەلی نوێ دەبینێت. ڕەنگی سپی هەموو ڕەنگەکانی تری لێ دروست دەکرێت، بەڵام ڕەنگی ڕەش ......!!

٥- ئەرێنی بوون (ئیجابی بوون):

پێغەمبەری خوا (د.خ) دەفەرموێت: ((ئەگەر قیامەت بەرپابوو و یەکێکتان نەمامێکی پێ بوو ئەوا با بیڕوێنێت)).

ئیجابی بوون پاڵنەرێکە بۆ دەروون و، باوەڕپێکردن و قابیلبوون بۆ عەقڵ و، هێز و وزە و توانینە بۆ جەستە، تەنها بە جێبەجێکردنەوە ناوەستێت، بەڵکو ئەوە تێدەپەڕێنێت و دەگاتە دەستپێشخەریکردن .

خوای گەورە دەفەرموێت: (یا یحیی خذ الکتاب بقوة). واتە: بە جددی و سووربوون و هەوڵدان و تێکۆشان. (تەفسیری إبن کثیر).

٦- هاوسەنگی:
- زیادبوونی توانا و وزەت واتە زیادبوونی لێهاتوویی جەستە و عەقڵ و ڕەفتار و ئاکارت.
- جیاوازی هەیە لە نێوان بەشداریکردنی هاوسەنگانە و کاریگەر، یان هاوارکردن و جاڕدان بۆ دەستکەوتەکانت و کەسێتیت.

*** *** ***

## شەش ڕێگرییەکەی بەردەم فێربوون و وەرگرتنی کاریزما

١- پێشبینیکردنی ئەنجامی نەرێنی (سلبی):
دەڵێت: من گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی کە هەرچەند بخوێنمەوە و فێرببم و ڕاهێنانیش بکەم؛ ناگەمە هیچ شتێك و ئەنجامێکی باشم نابێت.
دەڵێم: ئەم پێشبینیکردنە خۆی لە خۆیدا وێنەیەکی نەرێنی (سلبی) لە عەقڵی ناوەکیدا دەکێشێت... پاشان هەوڵدەدات کە ئەوەت بۆ بچەسپێنێت و سلبییاتت پێ ببەخشێت..
بۆ چارەسەری ئەمە سەیری ئەو وێنە نایاب و بەنرخە بکە کە بۆ کاریزمابوون کێشاوتە و، خەونی پێوە دەبینیت.

٢- ترس لە زیادکردنی کار و ئەرك:
دەڵێت: من کاتێ کارێکم کرد دەبێت بە باشی ئەنجامی بدەم، بەڵام ئەوەندەم کار و ئەرك هەیە کە ناتوانم هیچ کارێکی نوێ و هیچ شتێکی زیادە وەربگرم و کاتم نییە تاکو بۆی تەرخان بکەم.

## حەوت نهێنی کاریگەر

١- بە گوفتار و هەڵسوکەوتت وەها لە کەسانی تر بکە بە ڕوانینێکی جیاواز بۆ شتەکان بڕوانن.

٢- هەرچەند دەتەوێت داوای زیاتر بکە و، هەوڵبدە زیاتر بەدەست بهێنیت، تاکو گیانی کێبەرکێکردنت لەگەڵ کەسانی تردا زیاتر بێت.

٣- یاسای (هەنگاو بە هەنگاو) جێبەجێ بکە و هیچ پەلەی ئەنجامت نەبێت.

٤- شێوازی (کۆتایی جێگرەوە) بەکاربهێنە، پێشبینی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی کارەکان بکە، تاکو کەمترین زیان بکەیت.

٥- لەگەڵ هەستی ناوەکی خۆتدا بدوێ و، بزانە ئەویش وەڵامی چییە و هەست بە چی دەکات.

٦- لەبواری کارکردندا هەوڵبدە وشەکانی (ماددی، دەستکەوت و قازانج و، خەڵات و بەخشینی تایبەت) جێبەجێی بکە و بەکاریان بهێنە.

٧- لەسەر ناسینی جۆر و چۆنیەتی کەسی بەرامبەر بخوێنەوە و ڕاهێنان بکە.

چۆن یارمەتی کەسانی تر بدەیت تاکو ببنە کەسێتییەکی کاریزما؟

١- ئیلهام: دەرگا و ڕێڕەوی نوێ بۆ بیروبۆچوون و فیکرەیان بکەرەوە.

٢- ڕێز و پێزانین: ستایشی هەوڵ و ماندووبوونی کەسانی تر بکە و، کار و چالاکییەکانیان لەبەرچاو بگرە و لەبارەیەوە قسەیان لەگەڵدا بکە و بیاندوێنە.

٣- ڕاستگۆیی: هەرگیز درۆ مەکە و دووڕوو مەبە لەگەڵیاندا و، هەوڵبدە متمانە و بڕواپێکردن ئاڵوگۆڕ بکە لەگەڵیاندا.

٤- هاندان: کۆکردنەوەی ورەبەرزییەکان؛ تاکو پەرشوبڵاو و شپرزە نەبن و، هانیان بدە.

٥- خۆشەویستی و میهرەبانی: بەخۆشەویستی و دڵپاکی هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکیدا بکە.

٦- بەرچاوڕوونی: لەهەموو کارێك و بەیەککەیشتنت لەگەڵ کەسانی تردا بەرچاوت ڕوون بێت و لەو کارەدا ئامانجت هەبێت.

٧- ڕێزگرتن: خووڕەوشت و ئەخلاقی پەسەند و ڕێزگرتن لەسەروو هەموو شتێکەوەیە.

٨- سەرسامیت دەرببڕە: بەتایبەت لەکاتی گونجاودا، چونکە هەموان حەزیان لە پێداهەڵدانە.

٩- بەخشندەبوون: بەبێ ئەوەی داوای بەخشینت لێبکەن ببەخشە و، بەو بەخشینەشت چاوەڕوانی سوپاسکردنی کەسانی تر مەبە.

۱۰- لەبارەی خۆیانەوە پرسیاریان لیّ بکە: پرسیاریان لیّ بکە کە چی شتێک دەبێتە باشترین لەلایان و لەبارنەی گرنگی پێدانیاندایە ؟!

*** *** ***

**پێنج جۆری هەست و بیرکردنەوە کە لە کاریزمابوون کەمدەکەنەوە:**

**١- تووڕەبوون بەکەمترین شت:**

**لەو بارەیەوە هەڵوێستێک باس بکە:**

.......................................................................................

**٢- دوودڵی لە بچووکترین و کەمترین کاردا:**

**لەو بارەیەوە هەڵوێستێک باس بکە:**

.......................................................................................

**٣- ترس و ڕاڕایی لە ڕووبەڕووبوونەوەدا:**

**لەو بارەیەوە هەڵوێستێک باس بکە:**

.......................................................................................

**٤- ترس لە جاماوەر:**

**لەو بارەیەوە هەڵوێستێک باس بکە:**

.......................................................................................

**٥- بڕیاردانداني بەپەلە لەسەر کەسانی تر:**

**لەو بارەیەوە هەڵوێستێک باس بکە:**

.......................................................................................

## خەڵکی چۆن لە تۆ هەڵدێن؟

- ئەنانیەت: زۆر دووبارەکردنەوەی وشەی من ... من ... من ... .

- زۆر بلێیی: هێندە قسەبکەیت ڕێگە نەدەیت کەسانی تر قسە بکەن و ماوەیان نەدەیت.

- گوێ نەگرتن لە بەرامبەر: دەستگرتن و زاڵبوون بەسەر تەواوی ڕستە و وشەکاندا. (خوای گەورە زمانێك و دوو گوێچکەی بە مرۆڤ بەخشیوە).

- خۆدەرخستن و خۆبەگەورەزانین: باسکردنی فراوانی مەودای زیرەکیت و بلێیت هێندە زیرەکیت کە هیچ کەس لە دنیادا وەك تۆ نییە و کەسێکی دەگمەنیت.

- هەوڵدان تاکو زۆر بەخێرایی پەیوەندی ببەستیت و بەخێرایی هاوڕێی نوێ بدۆزیتەوە: هەوڵبدەیت تێکەڵاوی هەستەکانی ببیت و دەست لە کاروباری وەربدەیت.

- زۆر خۆشحاڵبوون: پەلەکردن لە نزیکی پەیوەندی بەستن لەگەڵ بەرامبەردا.

- زیادەڕەوی کردن و زۆر وتنی داوای لێبووردن: وا لە گوێگر دەکات کە هەست بە بێزاری و وەڕس بوون بکات.

- ڕەچاونەکردنی بوارەکانی: کات، شوێن، دەروونی، فیکرە و بیروبۆچوون لەگەڵ کەسانی تردا.

- خۆنواندن و خۆدەرخستن: هەروەها بەکارهێنانی کۆمەڵێك وشە و ڕستەی نەگونجاو.

*** *** ***

**هەنگاوەکانی پتەوکردن و بەهێزکردنی کەسایەتی:**

- فێربوون و ڕاهێنان لەڕێی خولەکانی ڕاهێنانەوە.
- تێکەڵاوبوون بەشێوازێکی کردەیی لەگەڵ کۆمەڵگەدا.
- خوێندنەوەی ژیاننامەی پێغەمبەری خودا (د.خ).
- هاوڕێیەتی کردنی کەسانی بەهێز و بڕوابەخۆبوو.
- گرنگیدان بە ئەزموونەکانی کەسانی تر (ئەو ئەزموونانەی سەرکەوتوون و سوودیان لێ وەردەگیرێت).
- سووربوون لەسەر هاوەڵێتی کردنی کەسانی ئیجابی تاکو لێیانەوە فێری ئیجابی بوون ببیت.
- نزیکبوونەوە لەخوای گەورە، ئەویش یارمەتیت دەدات و چاودێریت دەکات.
- ئاگاداری کاتەکانت بە، زۆر بخوێنەرەوە؛ خوێندنەوەیەکی هەمەچەشنە و فرە لایەنە.
- هەندێ بڕیاری سەرکەشی بدە و ئەنجامەکەشی لە ئەستۆ بگرە.
- ڕوویەڕووی کێشەکان ببەرەوە و چارەسەریان بکە، نەکەیت وازیان لێ بهێنیت؛ چونکە کۆدەبنەوە و کەڵەکە دەبن لەسەرت.
- ئامانجەکەت بەڕوونی و بەشێوەیەکی واقیعی دیاری بکە.

*** *** ***

چۆن کەسی درۆزن دەناسیتەوە؟

- جووڵە و ئاماژەکانی جەستەی زیاتر ڕووە و دەرەوەیە.
- جووڵە و ئاماژەی چاوی زۆر کەمە.
- ئاماژەکانی زمانی جەستەی زۆر کەمە و جووڵەی زبر و ڕەقە.
- هەوڵدەدات بەهۆی دەستیەوە دەمی بشارێتەوە.
- لووتی زۆر دەخورێنێت و، دەستیش دەبات بۆ گوێچکەی.
- لە وەڵامدانەوەدا دوا دەکەوێت.
- هەوڵدەدات ڕوو وەربگێڕێت، نەک ڕووبەڕوو سەیر بکات.
- ئاماژەکردن و دەربڕینەکانی لەهەمان کاتدا ون دەکات و تێکەڵی دەکات.

# هەڵسەنگاندنی پێوانەی ئاستی كاریزمابوون

١- ئایا لە زۆربەی كاتەكاندا بە قسە و گوفتارەكانت سەرنجی كەسانی دەوروبەرت ڕادەكێشیت؟

أ- بەڵێ.

ب- نەخێر.

ج- جارجار.

٢- ئایا هەڵوێست و بۆچوونەكانی هاوڕێ نزیكەكانت لەسەر بۆچوونی تۆ بەشێوەیەكی ئیجابییە؟

أ- بەڵێ.

ب- نەخێر.

ج- جارجار.

٣- ئایا هاوڕێ و كەسە نزیكەكانت سوورن لەسەر ئەوەی لەكارەكانیاندا ڕاوێژت پێ بكەن؟

أ- بەڵێ.

ب- نەخێر.

ج- جارجار.

٤- ئەگەر ڕۆژێك هاوڕێیەكت لە بۆچوونێكدا پێچەوانەی تۆ بوو، ئایا دەتوانیت بیخەیتە سەر ئەو بڕوایەی كە بۆچوونەكەی تۆ ڕاستە؟

أ- بەڵێ.

ب- نەخێر.

ج- جارجار.

٥- ئایا دەتوانیت لە بابەتێكدا بۆچوونێكی تایبەت بەخۆت دروست بكەیت كە باڵی بەسەر كۆمەڵگەدا كێشاوە؟

أ- بەڵێ.

ب- نەخێر.

ج- جارجار.

٦- ئایا بڕوات بەوە هەیە كە بەردەوام لە سەرچاوەی باوەڕپێكراوەوە پێویستیت بە زانیاری زیاتر هەیە؟

أ- بەڵێ.

ب- نەخێر.

ج- جارجار.

٧- ئایا بۆ ئەو كێشە باوانەی كە ڕووبەڕووت دەبنەوە پێشتر چارەسەرت لەلا دەست دەكەوێت بۆیان؟

أ- بەڵێ.

ب- نەخێر.

ج- جارجار.

٨- ئایا پارێزگاری لە پاکوخاوێنی خۆت دەکەیت و هەوڵ دەدەیت بەردەوام بۆن خۆش و شیکپۆش و ڕێکوپێك دەربکەویت؟

أ- بەڵێ.

ب- نەخێر.

ج- جارجار.

٩- ئایا نهێنی ئەو کەسانە دەپارێزیت کە لەلای تۆ باسی دەکەن و بڕوایان بە تۆ هەیە؟

أ- بەڵێ.

ب- نەخێر.

ج- جارجار.

١٠- ئایا هەست دەکەیت ئەو چارەسەر و شیکردنەوە و بۆچوونانەی تۆ باسی دەکەیت بەشێوازێکی باش پێشوازی لێ دەکرێت؟

أ- بەڵێ.

ب- نەخێر.

ج- جارجار.

١١- ئایا ئەگەر کەسانی تر پێویستیان بە تۆ بوو، بەخێرایی دەچیت بۆ بە دەمەوەچوونیان و خزمەتکردنیان؟

أ- بەڵێ.

ب- نەخێر.

ج- جارجار.

١٢- ئایا هیچ کەسێك بە دڵخۆشییەوە پێی وتوویت: (تۆ زۆرباش لێم تێدەگەیت)؟

أ- بەڵێ.

ب- نەخێر.

ج- جارجار.

١٣- ئایا ئەو ئەنجامانەی کە لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانەوە بەدەستیان دەهێنیت، زۆربەی کەسانی دەوروبەرت دڵخۆش دەکات؟

أ- بەڵێ.

ب- نەخێر.

ج- جارجار.

١٤- ئایا تۆ لەگەڵ هاوڕێ یەکەمین و پێشینەکاندا پەیوەندیت ماوە؟

أ- بەڵێ.

ب- نەخێر.

ج- جارجار.

١٥- ئایا دەتوانیت بەتەنها قسە و گفتوگۆ لەگەڵ کۆمەڵێك کەسدا بکەیت؟

أ- بەڵێ.

ب- نەخێر.

ج- جارجار.

*** *** ***

◄ ئەگەر زۆربەی وەڵامەکانت (بەڵێ) بوو ئەوا:

تۆ خاوەنی کەسێتییەکی کۆمەڵایەتی ویستراویت.

**ئامۆژگارییەک:**

تکایە ئاگاداری لەخۆباییبوون بە، چونکە سەرەتای ڕووخاندن و داڕمانە.

◄ ئەگەر زۆربەی وەڵامەکانت (نەخێر) بوو ئەوا:

**تۆ پێش ئەوەی ڕێز لە بەرامبەر بگریت ڕێز لە دەروونی خۆت بگرە، چونکە کەسێکی ڕژد و بەخیلیت بەرامبەر دەروونی خۆت.**

**ئامۆژگارییەک:**

**دڵت بۆ هەموان بکەرەوە، ئەوانیش دەست دەکەن بە نزیکبوونەوە لێت.**

◄ ئەگەر زۆربەی وەڵامەکانت (جارجار) بوو ئەوا:

تۆ لە نیوەی ڕێگای ڕازیبوونداییت، زیاتر هەوڵبدە و کۆشش بکە.

ئامۆژگارییەک:

هەندێ جار سەرکەوتن هەلی زیاترت بۆ دەستەبەر دەکات، بۆیە دوودڵ و ڕاڕا مەبە و بەردەوام بە.

گروپی کتێبخانەی ( PDF )

ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان

وە بەرهەم و کاری نوێ

